# ئەو ساتانەی ناسرێنەوە

ئەحمەد سالار

کوردستان ٢٠١٤

## کتێبی گۆڤاری گوڵان

ژمارە (٧)

■

**خاوەن ئیمتیاز:**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر:**

فەرهاد محەمەد



**ناوی کتێب:** ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

**نووسەر:** ئەحمەد سالار

**بەرگ و دیزاین:** لوقمان ڕەشیدی

**نۆرەی چاپ:** یەکەم

**تیراژ:** ١٠٠٠

**چاپخانە:** ڕۆژهەڵات

لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (     ) ساڵی (٢٠١٤)ی پێی دراوە.

# با پێشەکی بێ

یاداشـــتنامە، یـــان بڵێین ســـەربووردەی تەمەن نووســـین و بەســـەرکردنەوەی بیـــرەوەری ئەزموونەکانـــی تەمـــەن، خۆی لە خۆیدا ئـــەدەب و هونەرێکی هەرە تایبەتی ســـەربەخۆیە. دەڵێـــم هونەر و ئەدەب، بەڵێ هونـــەرە و لە هەمان کاتدا ئەدەبـــە. بەش بە حاڵی خۆم هەندێک جار یاداشـــتنامەی مەزنە داهێنەرانێکم کە خوێندووەتەوە، کەوتوومەتە ســـەر ئەو بڕوا و ڕایەی، کە ئەو مرۆڤە ئەگەر بە تەنیـــا هەر ئەو یـــادگارەی بۆمان بەجێ هێشـــتبێ، ئەوە بە تەنیـــا بەس بوو کە سەروەریی هەرمانی چنگ کەوتبێ.

دیارە ئەو جۆرە یادگارەی هەر تەنیا گێڕانەوە نەبووە، بەڵکوو شـــرۆڤە و شـــی کردنەوەی خاڵە گەوهەرییەکانی ژیان و ئەزموونەکانی بووە، بگرە لە دووتۆیدا چەندین تیۆرکاریی مەزنی خســـتووەتە ڕوو، لە تەک هەڵسەنگاندنێکی ئەوپەڕی لۆجیکیانـــە بۆ ســـەرجەم ســـەردەم و ڕووداوەکانی ئـــەو ڕۆژگارە، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتـــی و چ لـــە باری سیاســـی و ئابـــووری و جـــۆری پەیوەندییەکانەوە. کەواتـــە مێژوو بە واتای فراوان و زیندووی زانســـتیانەی، زانســـتی مێژووەوە،

دیــارە هونــەری دیکۆمێنتاریش نەک هەر بەدەر نەبــووە، بەڵکوو بایەخدەرێکی بەهێزی ئەو لایەنە بووە.
لە سەرەتای حەفتاکاندا بوو، درەنگ وەختانی شەوێکی پاییز بوو، دەستم کرد بە خوێندنــەوەی بیرەوەرییەکانی (چارلی چاپلن)، ئەو هونەرمەندەی لە منداڵییەوە خۆشم دەویست، دەستبەرداری خوێندنەوەکەی نەبووم هەتا دوا وشەی. ئیدی ئــەو کەمە ماوەیەی لەو شــەوە پاییزییە درێژەی مابــووەوە، بە کورتە خەوێک بەسەرم کردەوە، بەڵام خوا شایەت، هەتا خۆرەکە بە ئاگای هێنامەوە، نەک هەر لەگەڵیا دەژیام، بڕوا بکەن ڕۆژانی دوای ئەو ڕۆژانەشم بە خەون خوێندەوە.
کــە چوومە نــاو برادەرەکانمــەوە، بۆم گێڕانــەوە: بیرەوەرییەکانــی (چارلی)م خوێندەوە، ئەوسا بە تەواوەتی لە کێشە و ململانێی سەرمایەداری و سۆشیالست و گەوهەری چینایەتی و پوختەی پەیامی هونەرمەند و ئەرکی هونەری ڕاستەقینە گەیشتم.
دەک ڕەحمــەت لــە بــاب و هونــەرت (چارلی)، چەنــدە بۆ ڕۆژانی هــەژاری و بێکەسی و بێ نازیی منداڵییەکەی، بە دڵ گریاندمی، پاشان سەد ئەوەندە گوشاد و گەشــکە گرتووی ســەرکەوتنەکانی بووم. ئەوە نموونەی باڵای هونەرمەندی ئازایە، ئەگەر هەر ئەو یاداشــتنامەیەی بنووسیایە بۆمان، هەر بە سەرووەری لە زەینمانــدا دەژیا و نەمر دەبوو. هەنووکەش هەر دەمێ ناوی ئەو هونەرمەندەم بەرگوێ بکەوێ، ئەوا دەسبەجێ سەرجەم بیرەوەرییەکانیم لە زەینا دەژێتەوە.
هــەر لەو ڕووەوە بیرەوەرییەکانیگەورە نووســەری ڕووس (ماکســیم گۆرکی) یەکێکــە لە شــاکارە هەرە بــاڵا و جوانەکانی بواری یادەوەری نووســین، ئەوە بــوو پاش خوێندنەوەکەشــی لە ناوەندی ڕۆشــنبیریی ســۆڤیەت لــە بەغدا، کە کەوتبووە ســەر شــەقامی (ئەبو نەواس) بە سینەما بینیم، کە بەرهەمی دەزگای (مۆســفیلم) بوو. ئەو دەزگا سینەماییەی لە سەرانسەری جیهاندا بێ هاوتا بوو، دیارە ســینەما هونــەری جووڵە و بینینــە ئەمەش زامنکــەری کار لێ کردنێکی گەورەترە. ســەربوردەکەی (گورکی) کرا بووە سێ بەشی سەرەکی، هەر چۆن شــێوازی کتێبەکە بەشــی یەکەمیان (منداڵیم) کە بە ڕادەیــەک هەژاندمی، بووە

مایەی نووســینێکم بە ناوی ((گۆرکی دەنگی دلێری چەوساوەکانی جیهانە))، لە (برایەتی)ی ئەو دەمەدا بڵاوم کردەوە و برای هونەرمەندی نیگارکێشم ((جەمال ڕەشید)) سکێچێکی جوانی (گۆرکی)ی بۆ کرد بوو.
ئەگــەر ســەدان ڕۆمان و نووســینم ســەبارەت بــە گۆرکی و ســەردەمەکەی بخوێندایەتــەوە، هێنــدەی ئــەو بیرەوەرینامەیــەی فێــر نەدەبــووم، بەڵێ ئەوە نموونەیەکی درەوشاوەتری ئاسمانی ئەو هونەرەیە، لە دووتۆیەوە کوێرەوەری نەک تەنیا گۆرکیی بێکەس و بێنازی منداڵی، هەر چۆن (چارلی)ی بەڕەڵا کراوی بــێ بــەری لە نــاز و حەواڵە کراوی ســەر شــەقام و شۆســتەکان. هەر چۆن بــۆ ئازارەکانی ســەردەمی منداڵیی (چارلی) گریام، ئــەو ڕۆژانەی لە دووتوێی محەجەرە و پەرژینی نەخۆشــخانە دەروونییەکەوە چاوی بۆ دایکە شــێتەکەی دەگێڕا، بە هەمان شێوە لە (گۆرکی)یەوە، کاتێ تەرمی باوکی بە گۆڕ دەسپێرن، ســەرنجی ئەو گچکە بۆقە دەدات کە دەکەوێتــە ناو گۆڕەکەوە و لەگەڵ تەرمی باوکیا ژێر گڵ دەکەوێ و لە بیری دەرناچێ.
بەڵــێ هــەر لەڕێگای ئەو یادەوەرینامەیەوە هەســتم بە تاڵیی ئــەو ڕۆژانە کرد، بۆیە (ماکســیم) نازناوی (گۆرکی)ی کردووەتە لەقەبی، کە بە زمانی ڕووســی واتــە (تاڵ)، بۆیە لە چێژی ئەو تاڵییەوە تاڵیی ســەردەمی قەیســەریم چێشــت. پاشــان هەوای دەماغ بەرزیی ســەرکەوتنی شۆڕشی( ئۆکتۆبەر) لە کەللەی دام و پەیــم بــەو ڕێبازەی (گۆرکی) لە ئەدەب و هونەردا برد، کە ڕێبازی (ڕیالیزمی سۆشیالیزم)ـە، بە ڕادەیەک هۆگر و پەیوەستی بووم، هونەر و ئەدەبەکم خەڵاتی ئەو ڕێبازە کرد، کە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە.
ڕەوایــە و لــە جێگای خۆیدایە بڵێــم: ئەوەی لەو دوو نموونە بەســەرکراوەیەدا زانیــم و هەســتم پــێ کرد و بــە دڵ بڕوام پێ هێنا، یەک شــت بــوو، یان یەک زانست، ئەویش کە نهێنیی سەرکەوتن و کاریگەرییان بوو، تەنیا و تەنیا لایەنی ڕاســتگۆیی بوو، ئەو جۆرە ڕاســتگۆییەی نە پێچە بــە دەورە، نە خۆ لێ لادان، نە نکووڵی جێگای تیادا دەبێتەوە. ڕوون و ڕەوان، ڕاســتگۆ وەک خۆرهەڵاتن و وادەی گۆڕانی وەرزەکانی ســاڵ و خولی ســاڵانەی خۆر و نیشانەی نەورۆزی

ســەری ساڵ، تەواو ڕاســتگۆ، هەر چۆن وەرام دانەوەی بڕواداران، لە وەرامی گۆڕ و لێپرسینەوەدا، وەنەبێ یاداشتنامە تەنیا بۆ وەبیر هێنانەوە و تۆمار کردن بــێ بۆ مەبەســتی تۆمار کردن. بەڵکوو دەرخســتنی چەوتــی و ناتەواوییەکانە بەرانبەر ڕاستی و تەواوییەکان.
لەم کاری هێڵی چەپ و ڕاســت بەســەر داهێنان و ڕاســت و دروســت بەسەر داهێنانــەدا، چنینەوەی حاڵە بەهێزەکانی تیادا دەســکەنە دەکرێ، کە دەبێتە وانە و ڕێــگا نیشــاندەر، چونکە پێوەری هۆشــیاری و دەســت نیشــانکەری، وزەی ســەرکەوتنەکانە، هەر چۆن ســەلمێندراوە بنچینەی فێربوون لە کاری ڕاســت کردنەوەدایــە و لە توانای دووبــارە نەکردنەوەی هەڵەکاندایــە، ئەوە وانەیەکی گرنگی فێربوون و بەردەوامییە.
هــەر زوو گوتوویانە ((داننان بە هەڵــەدا زرنگییە)). کەواتە نکووڵی نەکردن، بۆ ئەو هۆشیارییە دەگەڕێتەوە، کە سەرچاوەی ڕێبینی و سەرڕاستییە. بڕوا ناکەم ڕۆژێ لــە ڕۆژان کەســێک ژیــا بێ و هەڵــەی نەکرد بێ، وەک ئەو کەســەیە لە ڕووباری سیروانی دابێ و قوولە پێی تەڕ نەبوو بێ!...
وا چاکــە مــرۆڤ هەتا زەینی ڕووی لە ســڕینەوە و کوێر بوونــەوە نەکرد بێ، بتوانێ بیرەوەرییەکانی، ئەگەر لەو شــتانە بێ، خەڵکی ســوودی لێ وەردەگرێ، دەست بە نووسینیان بکات، ڕاستە فەرموویانە: ((بیری منداڵی تیژە))، هەر بۆیە بیری ڕۆژانی منداڵی تیژە چونکە هێشــتا وەکــوو تۆمار کردن زەینی خاوێن و بەهێــزە هەر چۆن نەوارێــک ((مەگنەتەی)) دەوڵەمەندە. بەڵێ بیری منداڵیش تیژ بێ، هەر چۆن لە ســەر تاشە ســەنگ هەڵکوترا بێ، بەڵام تەمەن و پیریتی ئەوە نازانێ و نازانێ بەری بیر تیژی بە کوێوەیە، دەیســڕێتەوە. هەر بەو بۆنەیەوە، لــە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی، زانای مێژوونووس (پ.د. کەمال مەزهەر) گوێم لێ بوو، باســی ڕابەرێکی سیاسیی کوردی دەکرد، کە ئەو رابەرە نەک لە نزیکەوە، بەڵکوو لە چەقی ڕووداوەکانی پتر لە شەست ساڵی مێژووی نزیکی عێراق و بە تایبەتی گەلی کوردا ژیاوە. دکتۆر، ئاخ و داخی حەسرەتی بۆ هەڵکێشا، کە ئەو کەسە نەهاتووە یاداشتەکانی بنووسێتەوە و ئێستاش گرفتاری نەخۆشیی لەبیر

چوونــەوە واتە (زهایمەر) بووە. کەواتە ئەو تێکۆشــەرە دێرینە گەنجینەیەک لە مێژووی زیندووی لەگەڵ تەمەنی بەساڵا چوویدا پێچاوەتەوە! مامۆستا (جەمال بابان)، جگە لەوەی کە خۆی لە کتێبەکەیدا (سلێمانی شارە گەشاوەکەم) ئاماژەی بۆ کردووە، کە چۆن لە سەردەمی قوتابیەتییەوە ڕۆژانەی لە دەفتەرێکدا تۆمار کــردووە، ئــەوە بووەتە چاوگ و بنچینە بۆ کارە شــانۆییەکانم کە ســوودم لێ وەرگرتــوون، بــۆ نموونە لە شــانۆیی (بێکــەس)دا. ئەو مامۆســتا خەمخۆرەی شــار لە پێشــەکیی بەرگی (٣)یەمی کتێبی (سلێمانی شــارە گەشاوەکەم)، دیارە هۆشیاریانە هەستی بە زەنگەکانی تەمەن کردووە، بۆیە زووتر دەستوبردی لە ئەنجامدانی ئەو بەرهەمە گەنجینە بەهادارانەیدا کردووە، هەر بۆ ئەو بوارە دێڕە شیعرێکی (مەولەوی)ی بە نموونە هێناوەتەوە، کە دەفەرموێ: (ناوچەوان مەیلی سەر ئەژنۆ ئەکات، کڕنووشی تەعزیم بۆ پیری ئەبات). ئەوە هەست کردنە بەو ڕۆژەی ئیتر زەین لە مرۆڤ تەری دەبێ.

بیرەوەری چاوی کامێرایەکی گەلێک هەســتدارە، هیچ شتێ وەلاوە نانێ، ئەگەر باســی ڕووداوێکی کرد، ئەوە گومان لەوەدا نییە، کەســان و کات و شــوێن و چەشــنەها شــتی تیادا کۆ دەبێتەوە. کەواتە ناکرێ ئەو شتانەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاســتەوخۆ پەیوەندیدارن ناو نەبرێن و کار و کاریگەرییان باس نەکرێن. کە وای لێهات کامێرا ئەو بیر تیژەیە ورد و درشت دەبینێ و دەیخوێنێتەوە. تەمەن دەڕوا هەر چۆن هەناســە ســۆزێ بە گەرووی ژیاندا ڕادەبووری، ئیتر ساز بێ یان ناساز، بۆیە چاک وایە نەهێڵدرێ لەدەست بچێ. لە کەلتووری ئێمەی کوردا ســەبارەت بە بەهێز کردنی زەین، چەشنەها یاریمان هەیە و هەر چۆنی بابەتی چەشــنەها گەمە و بابەتی شەوچەرەمان هەیە بە تایبەت لە سەردەمانی منداڵی و مێردمنداڵیدا، هەر بۆ نموونە گەمەی (تەڵەشکێنە):

((لە بیرم بێ و لە بیرت چێ

بیرت بە قوڕە ڕەشا چێ))

ئەوە هەر بۆ یادگار و بۆ خۆشــی، سەبارەت بەو گەمەیە (کاکە حەمەی نێرگز) گێڕایەوە: ئەوە لەگەڵ (کاکە ئەحمەدی حەمکوڵ)دا بووین چووینە سەر قەبرانی

باوکی برادەرێکمان. لە کاتی تەرم شۆڕ کردنەوەی ناو چاڵی گۆڕەکەدا، برادەرێ کە (تەڵە مشکێنە)ی لەگەڵ کوڕی مردووەکەدا کرد بوو، لەو کاتەدا کە تەرمەکەی دایە دەست باوە مردووەکە، لەوێشدا لە بیری نەچوو بوو، هاواری کرد: هەر لە بیرمە. هەر بۆ جەخت کردن لە سەر دەستپاکی و ڕاستگۆیی، لە یادەوەرینامە نووسیندا، یەکێ لەو نموونانە دەهێنمەوە، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕووبەڕووم بوویەوە لە لایەنێکەوە. سەبارەت بە بیرەوەرینامەی کەسێک، روویان لێنام، چ بۆ ئەوەی ڕای لەسەر بدەم و ئەگەر بلوێ وەک زنجیرە درامایەک دایڕێژم و سیناریۆی بۆ بنووسم.

لێتان ناشارمەوە لە سەرەتاوە بووە مایەی دڵخۆشیم و بە ڕێزلێنانێکی گەورەی خۆم دەزانی، بۆیە بەوپەڕی گۆشادییەوە وەرمگرت، بەڵام پاش ئەوەی کورد واتەنی (بە چاوی کڕیارەوە) لێی ورد بوومەوە تووشی حاڵەتێکی تیاڕامان و سەیر بووم هەر مەپرسە! من چاوەڕوانی چی بووم و چیم بە تووشەوە بوو؟!

ناوی هەر کەسێکی برد بێ بە چاک و خراپەوە، بەدناوی کرد بوون، جگە لە زیادەڕۆیی و خۆ بە گەورە زانین، بە رادەیەک وەک کلیلی عەقڵی سەردەم و مەملەکەتێ بوو بێ و ناوزڕاندنی کەسانێک کە هەرگیز شایستەی ئەو خراپە دەرهەق کردنە نەبوون. بە بێ هیچ شتێ دەتوانم بڵێم مێژوویەکی شێواندن بوو، نەک هەر شێواندن بگرە سەرمەقوولاتیی بە ڕاستییەکان لێ دابوو، بەوپەڕی خوا نەناسانەوە گەلێکی دابووە بەر گاڵتەجاڕی و لاقرتێ و فشە پێ کردن و داتاشین هەتا ئەوپەڕی ڕیسوا کردن. دیارە ئەو کەسە کابرایەکە توانا و زیرەکییەکەی خراپ بەگەڕ خست بوو. ئەوەی بووە مایەی چەشنەها پرسیار و واق وڕمان، ئەوە بوو:

بۆ دەبێ بە شێوازێکی دیکە نەینووسیوە؟ دڵنیام دەیتوانی مەزنە شاکارێ بنووسێ! بۆ وەرامی ئەو لێشاوەی پرسیار، گەڕامەوە بۆ زانستی دەروونناسی، ئەوسا زۆر شتم لێوە هەڵکڕاند، وەک لە ئاکامی سەختی و تاڵی و نشوستی هێنانەکانییەوە، کۆششی گرفتاری ئەو گرێ بەلایە دەروونییە بووە، دەنا بۆ

دەبێ ڕقی لەو هەمووانە ببێتەوە؟ یان بۆچی زمانی بە باشی بە کەسدا هەڵنایە؟ باشـــە بۆچـــی دەبێ بـــێ ئەمەک بێ؟! ئـــاکام ناچارم بەوپەڕی بـــڕواوە و بە بێ ئەمسـەر و ئەوسـەر پێ کردن، لەگەڵ سوپاس و ڕێزدا لەگەڵ کێشانی دوو هێڵی زەقی ڕاست و چەپ بە سەریدا گەڕاندمەوە بۆ شوێنی خۆی.
یەکێ لەو بیرەوەرینامانەی بە ڕاســتی ســوودم لێ وەرگرت، ئەو نووســینەی هونەرمەنــدی مەزنی کورد (یەڵماز گۆنای) کە بە ناوی ((ژووورەکەم)) نووســی بــووی. لەو کاتانەی ســەرقاڵی بە کوردی کردنی کتێبــی (یەڵماز گۆنای، ڕۆڵی سینەمای دیکۆمێنتی لە خەباتی گەلاندا) بووم، کە لە لایەن هاوڕێمەوە د. ئیبراهیم مەحموودەوە نووسراوە، بۆ چەندان جار ئاماژەی بۆ ئەو کتێبەی (یەڵماز) کرد بوو، ناچار خســتمییە ســەر کەڵکەڵــە و خولیای پتر لــێ ورد بوونەوەی. ئاکام زانیم ئەو نووسینە بێگەردترین ئاوێنەی هونەر و ژیانی ئەو هونەرمەندەیە، بۆ بە هۆکارێکی مەزنیش بۆ ئەوەی پتر لە بیر و بۆچوون و فەلســەفەی (یەڵماز) گەیشــتم. بە تایبەت ژیــان و هونەرەکەی، هەر چون هونەرمەندێکی ڕەســەنی هونەری ســینەما نوســیوویەتی بۆیە هاوتای ســینەماکەیەتی لــە چوارچێوەی یادەوەری و ڕۆژانەی کار کردنیا بە تاڵی و شیرینییەوەی.

**یاداشتنامە:**

هەر چۆنی هونەر و شێوازێکی ئەدەبی سەربەخۆ وەک شێوازی ژیان پەلهاوێژە بۆ گشت لایەک و کون و قوژبنێکی ئەم ژیان و جیهانە. هەیانە لە ڕێگای گەشت و گــوزارەوە واتە لە دووتوێی گەشــتنامەکەیدا ڕۆژانــەی تۆمار دەکات بەوەی کە دیویەتی و بیســتوویەتی. هەستی پێ کردووە، زۆر جار کامێرا ئاسا وێنەی شــتەکانی گرتووە، پاشــان ڕای خۆی لە ســەر دەربڕیوە، پــاش خۆی بووەتە چاوگێکی گەشــی مێژوو لەگــەڵ جوگرافیا و ســەرجەم لایەنەکانی دیکە.. ئەوە (ســیاحەتنامەی ئۆلیــا چەلەبی) کە باس لە ســەدەی حەڤدەهــەم دەکات و ئەو شوێن و شارانەی لە ڕێگای گەشتەکەیەوە بینیونی، هەروەها (گەشتی ریچ) کە ســاڵی (١٨٢٠) سەردانی کوردستانی باشــووری کردووە، لە تەک باس کردندا بە هێڵکاری هەندێ لە بینراوەکانی کێشــاوە. وەک شێوە و پۆشاکی سەربازانی

بابانـی، یان شـایی و هەڵپەڕکێیەکی کوردانە و جۆری هەڵپەڕینەکە و سـەر و سیما و پۆشاکی خەڵکەکە.
هەندێ جار یاداشتنامە بووەتە نووسینەوەی بزاڤێ یان پارتێ، ئەوەتا دەبینین لە دووتوێی یادەوەرییەکانی هاوڕێ (فاتیح رەسووڵ)دا، مێژوویەکی خەباتی حیزبی شـیوعیی عێراق دەخوێنینەوە، هەروەهـا لە یادەوەرییەکانی هاوڕێ (غەفووری میـرزا کەریم) بە هەمان شـێوە. هەندێ تایبەتمەندی لەو یاداشـتنامانەدا هەیە، هونەرێکـی خـۆی هەیە. زۆر جـار، لەوە وایە ڕۆمانێ بخوێنیتـەوە، یان فیلم و شـانۆییەک ببینی. دیارە هەر شتە بۆ ئەوەی پتر کاریگەر بێت، دەبێ بزوێنەری سەرجەم هەستەکانی مرۆڤ بێت. بۆیە لە تەک ئەوەدا کە وێنەیەک دەبینی،بۆن و بەرامەی دەکەی، گەرمی و ساردی...
لێـرەدا نموونە بە وێنەی هاوڕێ (غەفور) دەهێنمەوە کاتێ باسـی ئەوە دەکات، کـە هێشـتا بەکار هێنانی نەوت لە ناو ماڵانی کـوردا باو نەبوو، مەگەر تەنیا بۆ قوتیلـە و چـرا بەکار هات بێ. ئەو دەمە خەڵکی بـە قاپ دەیانکڕی، دەگێڕێتەوە کـە نەوت فرۆشـەکە لە بـری تەپەدۆر و سـەرقاپ، دەنکێ خورمـا یان بلێین قەسـپی لە سـەرەکەی دەئاخنی، ئەو دەمە ئەو کاری خورما بە تەپەدۆر کردنە زۆر ئاسـایی بووە، بەڵام پاش ئەو پتر لە شەسـت ساڵە مایەی سەرسوڕمانە، ئەمە خوێندنەوەی چەندین لایەنی سـەردەمێکە، هەروەها زۆر جار یاداشـتنامە لاپەڕەکانی مێژووی خەبات و کۆششی سەردەمانێک هەڵدەداتەوە.
کاکی بەڕێزم مامۆسـتا (شـێخ عەدنان نەقشـبەندی) لـە یادەوەرینامەکەیدا (لە یەکێتیـی قوتابیانی کوردسـتانەوە بۆ پەرلەمان) دەبینین هەر چییەک پێویسـت بکات بۆ پتر خسـتنەوەی ئەو بزاڤە بەوپەڕی وردی و ڕاسـتگۆیانە بەسـەری کردووەتـەوە، هـەر چۆن خۆی لەو مرۆڤانەیە کە بـە درێژایی ڕۆژانی تەمەنی توانیویەتی باری هاوتایی و هاوسەنگیی خۆی لە ئاستی سەرجەم ڕووداوەکاندا ڕاگرێ، هەمیشـەش خاوەنی سـەنگینی خۆی بێ، ئا ئەو حەقیقەتە لە سەرجەم وشـەکانیدا دەبیندرێ و هەسـتی پێ دەکرێ. سـەبارەت بـەوەی کە زۆر جار یاداشـتنامە بووەتە بوارێکی بەرینی داڕشـتنی زانستی و تیۆردۆزی، باشترین

نموونەیەک کە شایستەی هێنانەوە بێ، هەردوو کتێبی رابەری شانۆی (ڕیالیزمی سۆسیالیزم) (کوستانتین ستانسلافسکی)یە، کتێبی (ژیانم لە هونەردا) و (ئەکتەر پێگەیانـدن) هەر چۆن لـە ڕێگای بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەیـەوە بە تایبەت کاتی کار کردنی شـانۆیی، یان ئەو کاتانەی سەرمەشـقی وانە دادانی شـاگردەکانی دەکـرد، بـۆ پـەروەردە کردنیان، هەتا ببنە ئەکتەری ڕاسـتگۆ لـە نواندندا، لەو ڕێگایـەوە بنەما سـەرەکی و بنەڕەتییەکانی شـێوازەکەی، کە بـەو ڕێبازنامێیە بچەسپێنێ، واتە تیۆردۆزییەکانی نواندنی (ڕیالیزمی سۆسیالیزم)دا، توانیویەتی بـە شـێوازێکی تەواو دروسـت و زانسـتیانە و لە نێوان تیـۆری و پراکتیکەوە مەبەستەکەی بگەیەنێ و لە سەرانسەری جیهاندا پەیڕەوی بکرێ.
هەر لە سەر گرینگی و هەمەجۆریی داڕشتنی بیرەوەرینامەوە، ئەوە (چیم دی) ی مامۆسـتا (ئەحمەد خواجە) کە سـەراپای شۆڕشەکانی شێخی نەمری تۆمار کردووە، هەروەها بە چ شێوەیەک (شێخ لەتیفی حەفید) خەبات و شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی باوکی، سەرەتا لە ڕێگای گێڕانەوەوە بۆ شەهید (شێخ کاوە)ی کوڕی دەگێڕێتەوە. کەواتە زۆر جار یادەوەری نامە رەوتی گێڕانەوە وەردەگرێ، لـەم بارەیەوە نموونەگەلێکن و رەنگە لە چوارچێوەی ئەم پێشـەکییەدا بتوانێت هەر هێندە لەخۆ بگرێت.
بۆیە بە باشم زانی لەم رووەوە باسی ئەزموونێکی زانستیی خۆم بکەم کە هەر چۆن نزیک بە شـێوازی رابەرەکەم لە هونەری شانۆ و پێگەیاندنی ئەکتەردا کە شوێن پێی ئەو رابەرە هەڵگرم کە (ستانسلاڤسکی)یە، وەبیر بهێنمەوە کە بریتییە لـە کتێبەکەم (وانەکانـی هونەری نواندن) کە بۆ مەبەسـتی پـەروەردە کردنی ئەکتەر نووسـیومە، بەو پێیەی سـاڵەهایە مامۆسـتای شانۆ بووم چ لە زانکۆی سلێمانی، چ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی لە بونیاتنانییەوە لە سـاڵی ١٩٨٠دا، پاشان وانەبێژیم لە بەشی شانۆ و بەشی سینەما- لقی نواندنی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سـەلاحەدین. بە چاک و پێویسـتم دەزانی کتێبی پەیڕەوئامێزی زانسـتی بۆ ئەو قوتابیانە بنووسـم، کە لەو بارەیەوە هیچ سـەرچاوەیەکیان بە زمانی کوردی لەبەر دەستدا نەبوو. ئیدی لەبەر رۆشنایی

بنەماکانی ڕێبازەکەی (ستانسلاڤسکی) لەگەڵ ئەزموونی مامۆستاکەم (ئەسعەد عەبدولڕەزاق) کە لە ئەکادیمیای ڕۆما لەبەر دەستی (شاروف)دا خوێندبووی، کە ئەو مامۆستایەی لە قوتابییە هەرە زرنگەکانی ستانسلاڤسکی بووە، هاتم ئەزموونی ساڵەهای شانۆی خۆم ئاوێتە کرد، واتە ئەزموونەکانم لە ڕێگای بیرەوەرییەکانمەوە، بە تایبەت ئەوساتە گەرمانەی ڕێبوارێتیم لەو ڕێگایەدا، بە مەبەستی سەلماندن و چەسپاندن تۆمار کرد. پێشتر لە گۆڤاری (شانۆ)ی تیپی شانۆی سالاردا بڵاوم کردەوە، پاشان لە دووتوێی بەرگێکدا پێشکەشم کرد. هەر لەم بوونەی پێشەکی نووسینەمدا بۆم هەیە بڵێم: ئەو کتێبەم لە بەرهەمە نازدار و بەردڵەکانمە، هەر چۆن کتێبی زانستی دەنگ و ئاخافتن. دەبێت ئەوەش بەبیر بهێنمەوە کە هەر لە سەرەتاوە کە خەونم بووە لە کوردستاندا پەیمانگا و کۆلێژی هونەرە جوانەکان بکرێتەوە. بۆیە بە دڵ مشورخۆری کەرەستە و پێداویستەکانی خوێندنی بووم، کەواتە ئەو ژمارە بەرهەمەی چ بە نووسین و چ بە ئامادە کردن و وەرگێڕان هەتا ڕادەیەک توانیم ئەو کەلێنە پڕ بکەمەوە.

یەکێک لەو مەبەستانەی لە پشت کاری بیرەوەری نووسینەوەوەیە ئەوەیە، کە هەمیشە مرۆڤ لە ئەزەلەوە هەتا هەنووکە خولیای زیندەگانی و هەرمانی هەبووە، خولیای شوێن پەنجە بەجێ هێشتن بە رووخساری ڕۆژگارانەوە. ئەمەش لە بەجێ هێشتنی گچکەترین یادگار و ئاسەوارەوە هەتا دەگاتە گەورەترین ناو و ناوبانگ، ئیدی لە کێلی گۆڕەوە هەتا پەیکەر و پتریش لە ناونیشان. مێژووی مرۆڤ چەندین و چەشنەها داستان و ئەفسانەی لەو جۆرە خولیایانەی جاویدانیمان بۆ دەگێڕێتەوە دیارترینیشیان داستانەکەی (گلگامش)ـە، ئەوەی نیوە مرۆڤ و نیوە خوداوەند بوو. ئاکام لە تەک (ئەنکیدۆ)ی هاوڕێیدا ڕوو لە دارستانەکانی چیاکانی لوبنان دەکات، پاشان بەو ئومێدی جاویدانییە ناگات هەرچەندە دەیتوانی، ئەگەر خۆویست بووایە ئەوا بە تەنیا ئەو گیایەی دەخوارد و نەدەبووە خواردەی مارێک، ئەو دەیویست لەگەڵ گشت خەڵکی (ئۆرۆک)دا بەو ئاواتە بگات. هەندێ جار هەر بۆ هەمان مەبەست، هەبووە سپاردەی کردووە هەندێ وشە سەبارەت بە سەربوردەی ژیانی لەسەر کێلی

گۆڕەکــەی بنووســرێت، ئەوە گەلێک نموونەمــان لەبەر دەســتدایە و گەواهیی زیندوون لەســەر کێلی گۆڕی مەزنە شــاعیری شــانۆی یۆنانی (ئەســکیلۆس) نووسراوە (ئەوەی لە سای ئەم کێلەدا راکشاوە دارستانەکانی سلامیز گەواهیی ئازایەتیی ئەون).

هەروەها لەســەر گــۆڕی فیرعەونییەکانیش بە نووســینی (هیرۆگلۆفی) گەلێک شــتی لەو بابەتە نووســراون، لە یەکێک لەوانەدا ژیانی کەسێک دەگێڕێتەوە کە وەک ئەکتەر کاری کردووە...

گەلێک شــاکاری ئەدەبــی هەن لە بنچینــەدا بیرەوەری نامەن، ئــەو (نۆڤلێت)ی (رۆژانەی شــێتێک)ی (گۆگۆل)، جگە لەوەی گەلێک شاکاری (شۆلۆخۆف) وەک (چارەنووسی مرۆڤ) و...

لــە ئەدەبــی کوردیمانــدا گەلێک نموونەی پرشــنگدار هەن، زۆر لــە چیرۆک و رۆمانەکانی مامۆســتا (حســێن عارف) کارتێکردنــی بیرەوەرییەکانی پێوە نەک هــەر دیارە، بەڵکوو دیاربوونێکی زەق وەک لە شــاکارەکەیدا (شــار)، ئەوانەی هاوبیــر و هاوڕێــی تەمەن و ئەو رۆژانەی بووین، گەواهیی ئەو راســتییەی بۆ دەدەین، یان شانۆیی (جەنابی جانەوەر) رۆژانی گیرۆدە بوونیەتی لە سەردەمی رژێمی بەربادی (بەعس)دا، گیانی ورووژانی بیرەوەری بە تایبەت ســەردەمانی منداڵی و مێردمنداڵی لە شــیعرەکانی شاعیری مەزن و نەمر (شێرکۆ بێ کەس) دا بە روون و رەوانی دەبیندرێ.

بــە هەر حــاڵ مادامەکی ژیان چاوگی ئــەدەب و هونەرە، کەواتــە کاردانەوەی رۆژانەی ئەدیب و هونەرمەندەکە دەبێ خۆی بنوێنێ. ئەگەر هەردوو بەرهەمی یا رەوانترە بلێم شاکاری مامۆستا (سەلام عەبدولا) بخوێنینەوە چ بەندیخانەکەی (گەڤەر) و چ (هەیئە)ی کەرکووک، کە کتومت بیرەوەری نامەیە و خراونەتە ناو چوارچێوەی ئەدەبەوە.

من بەش بە حاڵی خۆم کە لەگەڵیا دانیشتووم و باسی ئەو رۆژانەی بۆ کردووم، راســتە بیرەوەری بوون بەڵام وامدەزانی فیلمێکی ســەیر لەبــەر چاوەکانمەوە پشــیان دەدرێت. کاتێ هەیئەم بینی بە چاوی بیر و دڵ خوێندمەوە، گەیشــتمە

ئـــەو بڕوایـــەی کە هەر کەســێکی دیکە کە بەو ئەزموونە تـــاڵ و لە هەمان کاتدا جەربەزەییـــەی کاک ســـەلامدا رانەبورد بـــێ، هەرگیزاو هەرگیـــز نەیدەتوانی ئا بـــەو جوان و راســتگۆیی و کاریگەرییە بنووســێت، چونکە ئـــەو خۆی تۆماری رۆژانەیەکـــی تایبەتـــی خـــۆی کـــردووە، خۆی تاڵـــی و ســـوێری و نائومێدی و ئومێدەکەی خۆی دیوە. دەبێ ئەوەش بگوترێت کاک ســـەلام توانایەکی ئەدەبیی سەرنج راکێشی گەورەی هەیە، لەو نووسەرانەیە کە دێڕی یەکەمیت خوێندەوە ناچار هەر دەبێ دوای کەویت و دەستبەرداری نەبیت.

بە راســـتی ئەگەر ســـینەماکارانی گەلەکەمان لە ئاســـتی گەورەیی ئەرکەکەیاندا بوونایـــە، دەبوو حیســـابێکی بۆ هەیئەکـــەی بکردرایە، دیارە هێشـــتا وەکوو بە تەواوەتـــی نەهامەتـــی بەرۆکی بەرنەداویـــن، دەنا دەبوو پتر قـــەدر گرانانە لەو جۆرە کارانەمان بڕوانیایە، یان هەر ئەوەتا لەو رەشە دەردە پاک نەبووینەتەوە کـــە (گڵـــی دوور دەرمانە) لامان. جگە لـــەوەی ئەو یـــادەوەری نامەیە لایەنێکی ئەدەبیـــی بـــاڵای هەیە، هەروەهـــا رۆژانێکی دژواری خەبـــات و کۆڵنەدانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

بۆچی ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە؟ بە رای من هیچ ساتێک ئەگەر لە زەینیشدا نەما ئەوا وەک هەبوون خاوەنی کات و شـــوێنی رۆژانەیەتی و ســـڕینەوەی مەحاڵە، چونکە رووی داوە، گشت روودانێکیش کار و کاردانەوەی خۆی هەیە. ئەوەیان وەک لایەنە فیزیکی و ماتەری و فەلســـەفییەکەی، بەڵام لە رووەکەی دییەوە وە گشـــت شتێک کپ و خامۆش دەبێ و ســـڕینەوەیەک دەسڕێتەوە هەروەک هەر نەبوو بێت.

بۆیە بە لای منەوە نووسینەوەی رۆژانە بە تایبەت بۆ ئەوانەی لە ژیاندا توانیویانە خشـــتێک لەســـەر بنیادی تەلاری ژیان دابنێن و کۆششـــی ژیان جوان کردنیان کـــرد بێ و شـــوێن هەبوونیان بـــە رووکاری ژیانەوە زیندوو درەوشـــاوە بێت، دەبێت ئەوە بنووســـرێتەوە، چونکە هەر خۆی نییـــە بە تەنیا، بەڵکوو دەوروبەر و کات و شـــوێن و سەردەمەکەشـــە، ئیدی بیەوێ و نەیەوێ هەنگاوێک بووە لە کاروانەکەی ژیانی، ئەمە جگە لەوەی رادەربڕین و بۆچوونە لەســـەر هەنگاو بە

هەنگاوی ژیان.
ســـەبارەت بە نووســـینەوەی یادەوەری لای ئێمە پتر وا باوە لە پیریدا یان ئەو ســـاڵانەی کە تەمەن شـــان لە کۆتایی توند دەکات، هەرچەندە لەو تەمەنەدا ئەو وردی و بـــاش لەبیـــر بوونە نامێنێ و کاڵ دەبێتـــەوە، بە رای من هەرچەندە من خـــۆم وام نەکـــردووە کە دەبوو هەر نەبێ لە تەک هـــەر ئەزموونێکمدا یان هەر قۆناغێکدا کۆی شـــتەکانم تۆمار بکردایە، بۆیە رەنگە گەلێک شـــتی لێرە و لەوێ یان زۆر گەوهەری گرنگم لەبیر چوو بێت. کەسانێکی هۆشیار هەن چ جاران و چ ئەمڕۆ، رۆژ بە رۆژ هەر نەبێ لە رۆژژمێرە گچکەکەی بەر باخەڵیاندا بۆ بیر نەچوون سەردێڕێکیش بێت دەینووسن.
مـــن زۆر جـــار لە کاکی ئازیز (عەلی بەگی حســـێن بەگی جاف)م بیســـتووە کە بـــە درێژایی تەمەنی رۆژانە بیرەوەرییەکانـــی تۆمار کردووە بە بێ ئەوەی تاقە رۆژێکـــی لێ پەڕاند بێ. ئیدی بە خۆشـــی و ناخۆشـــی و هـــات و نەهاتەوە، ئەو کارەی عەلی بەگ کردوویەتی زامنکەری پاراســـتنی ســـەراپای رۆژانەکانیەتی، بـــە تایبەت بۆ کەســـێکی کوردپـــەروەری وەک ئەو، کە هیچ گومـــان لەوەدا نییە لە رێگای ئەو تۆمار کردنەیەوە مێژووی بزاڤی ئازادیخوازی پتر لە نیو ســـەدە دەچنینەوە.
ســـەبارەت بە خۆم ئەوەی هەرگیز بیرم لێ نەکرد بووەوە بیرەوەریی نووسین بوو، وای بۆ دەچووم کە سەرجەمی بەرهەمەکانم جێگرەوەی بیرەوەرینامە بن و ســـتایلە شـــانۆییەکەم ناسنامەم بێت. بۆ چەند جارێک هاوەڵی ئازیزم پارێزەر (تاریـــق جامباز) ئەو کارەی دا بە گوێمدا، بەڵام هەر نەچوومە ژێر باری، دیارە ئەو بەڕێزە لە خەمخۆرانی ئەو بابەتە گرنەگە بوو ...
رۆژانێـــک رابـــردوو هەر خۆم لە قـــەرەی نەدا بوو. پەیوەندییەکـــی پڕ لە ناز و خۆشەویســـتیم بە گۆڤـــاری (گوڵان)ـەوە هەبوو، وا رێکـــەوت جاروبارە هەر لە ســـەرەتاوە نووســـینم تیا بڵاو دەکردەوە، رۆژێ لە رۆژانی بەری چەند ســـاڵێ بـــە دیداریان گەیشـــتم، لەو ســـەردانەدا کـــە بەڕێزان (کاکە فەرهـــاد محەمەد)ی سەرنووسەر و (کاکە خەلیل بلەیی)ی نووسەر لەو دیمانەیەدا بوون کاک فەرهاد

داوای بەشـــدار بوونی لێ کردم بە نووســـینی گۆشـــەیەک یان یەک دوو لاپەڕە نووســـینی مانگانە بۆ گۆڤارەکە، بە پەســـندم زانی خۆشـــحاڵیم لە تەک سوپاس کردندا بۆ دەربڕین. ئیدی کەوتینە گفتوگۆ لەسەر بابەتی نووسینەکە، لە پڕدا بە بێ بڕیاری پێشوەخت بابەتی یاداشتنامەم بە بیردا هات و باسم کرد، بەڕێزیان بـــە دڵ ڕەزامەنـــدی و خۆشـــحاڵیی لەســـەر دەربـــڕی. ئیتر پەیتا پەیتـــا کەوتمە وروژاندنی بیرەوەرییەکانم و بووژاندنەوەی زەینم و دەســـتم دایە نووســـینی، دەبـــێ بۆ خـــوا و مێژوویش بڵێم: ئەگەر ســـوووربوون و هاندانـــی ئەو بەڕێزانە نەبوایـــە بێگومـــان ئەو بیرەوەریانەشـــم لە تەک ڕۆژانی تەمەنـــدا دەپێچایەوە، ئەوسا هەر خوا بۆ خۆی دەیزانی کوێوە دەرۆیشتن و بە کام مەرەیە دەچوون؟ بۆیە سوپاســـیان دەکەم و هەرگیز لە قەزرداریيان دەرناچم، ئەم قســـەیەم نەک هەر هی ئەم دنیایەمە بەڵکوو هی ئەو دنیاشـــمە، نایشـــارمەوە کە هەر لە ســـای ئەم پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەوە دەبوو هەر نەبێ مانگی جارێک یان دوو جار بە دیداریان شاد ببم و گشت جارێکیش جگە لەو هەموو ڕێزلێنانەی کە لێیان دەنام و پاش ئەو ماندووبوونە زۆرەی بە دەرهێنانی بابەتەکەمەوە دەیان کێشا، هەر جارەش بە قەوارەی چەند کتێبێکی بابەتی فەلسەفی و سیاسی و ئەدەبی دەهاتمە دەرێ. بۆیە دەڵێم مامۆستا فەرهاد محەمەد یەکێک لە ڕۆشنبیرە هەرە زرنگ و هۆشـــیارەکانمانە، گۆڤاری (گوڵان)یش وەک چەندین جار دووپاتم کردووەتەوە بابەتەکانی سەرپێیی و کەرەستەی بەکارهێنانی ساتەوەخت نین، بەڵکوو شایەنی هەڵوێستە لەسەر کردن و تاووتوێ کردن و خوێندنن لە مەڵبەندەکانی ڕۆشنبیر کردنـــدا بە تایبەت لـــە پەیمانگاکانی پەروەردە کردنی کادیراندا. بە ڕاســـتی ئەم کارنامەیە سەر ڕێچکەیەکە بۆ نووسینەوەی ڕۆژانی ڕابردوو بە شێوازی جۆرە ڕۆمانێک. لەم بەر لە کۆتاییەشـــدا شـــوێنی خۆیەتی هەر بۆ بیرەوەری بڵێم: بۆ نووســـینی ئەم پێشـــەکییە وا ڕێکەوت بۆ چارەســـەری نەخۆشی ڕوو لە وڵاتی ئەڵمانیا بکەم، ڕۆژانە بە ڕێگای ناوەندە پزیشـــکییەکانی تایبەت بە چارەســـەری نەخۆشییەکەمەوە بووم، ئەو دەمانەش کە دەرفەتم بۆ دەڕەخسا دەچوومە ئەو قاوەخانەیەی جارانی پێشـــتریش هۆگری هامشـــۆ کردنی بووبووم، بەدەم چا و

قــاوە خواردنەوەوە لەو دەفتەرە گچکەیەی کە لــە هەولێرەوە لە باخەڵم نابوو، دەکەوتمە نووسین، هەرچەندە دکتۆری سەرپەرشتیارم ئامۆژگاریی کرد بووم کــە ئیدی نابێت چاوانم مانــدوو بکەم بە تایبەت بە خوێندنەوە و نووســینەوە، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە کەللە رەقییەکەم هەر نواند و بەردەوام بووم بۆیە بۆشم هەیە داوای بەخشــین بکەم لە هەر کەموڕییەک ئەگەر لەم نووســینەمدا هەبوو بێت.

ئەحمەد سالار
قاوەخانەی (ئۆڤیدیۆ- ئایس کافێ)
مشن گلادباخ- ئەڵمانیا
١٨/ ئەیلوول / ٢٠١٣

# ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

پێشــینان ڕەحمــەت لــە بابیان،خەســتە ئەزموونەکانــی تەمەنیــان خەڵاتــی نەوەکانــی دوای خۆیــان کردووە و هــەر پیتەیان گەوهەرێکی گــران بەهایە و نافرۆشرێ،بەتایبەت ئەوانەی پیرێتی تەنگی پێ هەڵدەچنین و شانیان لە دیواری هەڵچــووی تەمــەن گیر دەکرد، وەک مەیل ســووڕان و گەڕانەو بۆ جاران و بە تایبەت ڕۆژانی منداڵی،ئاخیان بۆ هەڵدەکێشا و خۆزگەیان بۆ زەین ڕوونییەکەی دەبــرد، کــە چۆن بــەردە و ســڕینەوەو لەبیرچوونەوەی نییە. جــارێ لەجاران خۆم شایەتی عەیان بووم، بەساڵاچوویەک هێندە بەهەورازی ژیاندا هەڵکشابوو لە نەوەد ســاڵی تێپەڕاندبوو، گێڕایەوە: منداڵێکی هەروا حەوت هەشــت ســاڵان دەبووم هاوینەکەی ئەو ســاڵە پیاوی دەگەیاندە شەرای مەرگ و بێخود دەبوو، ناچار خۆمان و کەل و پەلی زۆر پێویســتی ڕۆژانەمان ســەر بەرزە وڵاخ ناو رووومان لەماڵی ئامۆزاکانی بابمان کرد کە کوێستانی پشت کێوانی سەر سنوور هەواریان بوو، ڕەشــماڵمان لێ هەڵدابوو. هەر کە گەیشــتینە جێ، چونکە یەکەم جار بوو لەو جۆرە ماڵە ببینم، دەســبەجێ چاوم ورد بە وردی ئەو شــوێنەی

قۆزتەوە، بۆ نموونە: گڵوانکەیەکی ڕەنگینی ئاهەنگیان بە بنمیچی ڕەشماڵەکەدا هەڵواسیبوو،سەد و بیست و یەک گڵوانکەی پیادا شۆڕ ببوەوە، ژەنگی و گرژاڵی و ئیدی لەو چیغە ئەسمەر پێچەم روانی کە هەر تاکێکیان دە گەز دەبوو، دووسەد و حەڤدە قامیشی تیادا چەسپ و جووت بووبوو، مامە سەرحەدیش کەوا و سەڵتەیەکی شیرداخ و چەفتەیەکی خۆڵەمێشی ریشوو رەشی دێزی بەستبوو بەسەریەوە، هەوا بەم لا و بەولادا دەیشەکان، گاڵۆکێکی ئەستووریشی پێ بوو، سەرەچەماوەکەی بن هەنگڵی نابوو، بەسەرەکەی تریشی ئاگری ئاگردانەکەی خۆش دەکرد کە مەنجەڵێکی دووکەڵ ڕەشکردووی لەسەر دانرابوو لەتەک حەوجۆشێکی چا لێنان...

بەهەر حاڵ سەرتان نەیەشێنم هەر دەتگوت دوایین مۆدێلی کامێرای سینەمایی گەلێک وردبینی پێبووە و ملیمەترێکی لێ نەپەڕاندووە. ئەوەی جێگای تیا رامان و لەهەمان کاتدا پێکەنینە، ئەوە بوو پاش ئەو وردگێڕانەوەیە رووی تێکردم و چاوە گچکەکانی هێنایەوە یەک و هێندەی دیکە گچکەتری کرد و باش لێی ڕوانیم و وتی: ئەرێ تۆ کێیت و چیت گەرەک بوو؟

ئەرێ پێشم ناڵێی باسی چیم دەکرد؟ بە ئاخێکی حەسرەت کێشانەوە وتم: لالۆ گیان ئا ئەوەیە زەینی سەرد تاو کۆتایی، جەوانی و پیری، زەین ڕوونی و زەین کوێری.

یاران ئەو کورتە سەربووردەیەم بۆ سەرگوزشتەی هەنووکەی خۆم هێنایەوە. سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردووی سەدەی بیستەمی قاڵ و جەنجاڵی شۆڕش و پاشان شەڕ و ئاشووب و هەرا و هوریا و گەلەگورگێ لەسەر جەستەی پارە پارە و گۆش و گۆشکراوی گەلان، بەر لەهەمووان گەلی کورد،دیارە تەمەنم گەیشتبووە وادەی چوونە قوتابخانە. بەیانی زوو هەڵیانساندم و دەست و برد دەم و چاویان شوشتم و پۆشاکی نوێیان لەبەرکردم و لەماڵەوە بە کۆڵانە کەمێک تەنگەبەرەکانی گەڕەکەکەمان لە شاری هەڵەبجە کە بە گەڕەکی جوولەکان ناسرابوو، دەستم توند بە دەستی باوکمەوەبوو،گەیشتینە سەر شەقامە سەرەکییەکە کە شارەکەی کردبوو بەدوو بەشەوە، لەخوارەوە

واتــە لەخوار (پیر محەمەد)ەوە بــەرەو ژوور، رووەو (عەبابەیلێ)بەدەم ڕێگاوە پەیتا پەیتا باســی خۆشــیی قوتابخانەی بۆ دەکردم و کەچۆن چۆنی پێم ناوەتە قۆناغێکی دیکەوە، کاتێکم زانی چووینە خانوویەکی حەوشــێ بەرینەوە، منداڵان هەڵبەز و دابەزو راکە راکەو جرت و فرت و ژاوە ژاویان بوو،دەرگای ژوورەکان لەسەر پشت بوون و تەختە ڕەشی شەق و شڕ بە رووبەندی دیواری تەنیشت دەرگاکاندا هەڵواســرابوو، بۆنی تەباشیر و لاســتیکی سڕینەوە و دادانی قەڵەم دەهات. گەیشــتینە ئاستی دەرگای بەڕێوبەر، باوکم هەنگاوێ پێش خۆی دام و گووتی: کاکە ســالار ئەمە ئەو شــوێنە پیرۆزەیە هۆش و گۆشــی مرۆڤی تیادا پەرە دەســێنێ و ســاز دەکرێ بۆ چوونە ناو ژیانی راســتەقینەوە. بەڕێوبەر و ئەو سێ چوار مامۆستایەی لە ژوورەکەدا بوون ئاشنا و دۆستی باوکم بوون، خێرا هەســتانە ســەرپێ و تەوقەیان لەتەکدا کردو دەســتەملانی بوون و لەلای ســەرەوە دایان نا و منیش توندتر دەســتی باوکم گرتبــوو، زانیم لەوێ بەجێم دێڵــێ و تەنیــا دەمێنمــەوە، بە چاکی گوێــم لە وتوو وێــژ و گفتوگۆکەیان بوو، زەنگێکی دەنگ گەورە لێی دا، کە هەرگیز ئەو دەنگە زەنگە پڕ لە زرنگانەوەیەم لەگوێدا ناسڕێتەوە، مامۆستاکان خواحافیزیان لە باوکم کرد و ئەوسا هەرخۆی و بەرێوبــەر مانەوە، هەردووکیــان لە مەنگی و مەلوولــی و لارەملیەکەمدا بار ئالۆزییــان خوێندمــەوە. ئەوســا هەردووکیان بەروویەکی خۆشــی لێواو لێوی میهرو نەواوە تێیان ڕووانیم و منیش ئاهێکی سەرفرازیم پیادا هاتەوە، بەڕێوبەر دەســتی برد و لە پاکەتێکی تەباشــیری نــاو دۆلابەکەی پشــتمەوە حەوت کلۆ تەباشــیری دەرهێنا و نایە هەردوو مشــتی دەســتەکانمەوە، هەردوو دەســتم چونکە منالْ واتەنی(چەچەکانم) بەهەردووکیان دەیتوانی لەخۆیان بگرێ، پاشان خســتمە هــەردوو گیرفانەکەمەوە بۆ ئەو ڕەنگە جوانانــە دڵم هات. ئەو ڕەنگانە ڕەنگــی ئــەو پەلکە زێڕینانــەی دەهێنایەوە بەرچاوم کە بەهاران پاش شەســتە بــاران و لێزمــەی هەڵڕژانی، هەرچۆن کونە و گلێنەی ســەر بەرەو خوار کراو، کــە ئــەو دەمانەش حەزم دەکــرد لە هەیوانی باڵە خانە دوو نهۆمییە ســەرداره راکراوەی بەقوڕە ســوور سواغ درابوو، کە پلیسکە تەنەکییەکانی ئاوی بەسەر

سەرپەنجەرە سەر بە کلاودار و تەنەکییەکاندا و بەسەر حەوشە تاشە بەرد ڕێژراوەکەدا دەڕژان و چەشنەها ئاواز سەری لێوە هەڵدەدا و هەر کەخۆشی دەکردەوە پەلکە زێڕینە لەژوور بالامبۆ و خوار گولان دیلانی ڕەنگاڵەی لەو ئاسمانەدا دەکرد و جاروبارە هەتاو نمەی باران دەستەملان دەبوونەوە و دەیان گووت ئەوە گورگە زێیە، ئەوسا هەموو جارێ لەتەک تەمەن هەڵکشاندا و لە وادەی پەلکە زێڕینەدا یەک بەیەک دەمبژاردن و دەمناسینەوە، ئاوا بوون ئەو حەوت تەباشیرەی کە گشت ڕەنگەکانی بوونم لێوە ناسیون و تەنانەت ئەو زانستەش کە پێی وایە چاوی مرۆڤ دەتوانێ پتر لە (٧٠٠)رەنگ ببینێ و لەیەکدی جیابکاتەوە، بۆیە هەر لە زەینی ئەو منداڵییەمەوە و بەو پەڕی بڕواوە دەڵێم: هەر هەموومان ئەو ڕەنگانەش کە هێشتا نەبینراونەتەوە لە ڕەنگی ئەو حەوت کلۆ تەباشیر گەچینەوەوە و بەو ڕەنگانە چاوی بەڕوو (ئەلف و بێ) یەکەی کوردیدا کردمەوە و بووە سورمەی دییەکان و ڕشتنێ پێم ڕشتووە، کەواتە چۆن چۆنی سوور و نارنجی و زەرد و سەوز و شین و نیلی و وەنەوشەیی لێم دوور دەکەونەوە ئەوانە سەر لەوحەی زەینی ژیانمە.

***

ئەو شتانەی بۆ یەکەمین جار لە ژیاندا مرۆڤ دەیانبینێ، بە ڕێکەوت بێ یان بەهەر شێوەو ڕێگایەک بووبێ. هەرچۆن یەکەم جار لە ژیاندا بەفر بارین ببینێ، بۆ یەکەم جار چلوورەی شۆڕەوە بوو بەدار و گوێسەباندا، یان سینەما...بەهاری ساڵی (١٩٥٦)بوو ئەوسا ماڵمان لەگەڕەکی سەرای ژوور شاری هەڵەبجە بوو، کۆمەڵە خانوویەکی شێواز نوێی بەبەرد درووست کرابوو، ماڵی ئێمە ڕووی لە بامۆک بوو، کە چاوگی بەلۆعەی شاری لێ بوو، لە تەنیشتی دەستە راستمانەوە قوتابخانەی ناوەندی هەڵەبجە بوو، واتە تا پۆلی سێی هەبوو، بۆ یەکەم جار بوو کە نیمچە هۆڵێک یان شێوە شانۆیەک لە هەڵەبجەدابێ. ئێمەش منداڵانی گەڕەک پتر یاری و گەمەمان لە دەوروبەری ئەو قوتابخانەیە بوو، هاوینان ئەو ڕیزە دار توویەی بەمبەر و ئەوبەری بەردەم قوتابخانەکەوە، یان حەوشێ، بەچاوی ئەوسای منداڵیمەوە، گەلێک بەربلاو و بەرین بوو، هەندێ جاریش

کــە لادێیەکان بەرووبوومیان لە گوندەکانی دەوروبەری (عەبابەیلێ) وە دەهێنا، پاش ســاغ کردنــەوەی، گوێدرێژەکانیان بەو درەختانەوە دەبەســتەوە، ئێمەش منداڵانی چەتوون و جەربەزە، دەرفەتمان لێ دەهێنان و کێشــمان دەکردنە پەنا تەپۆڵکــە و بەرزاییەک ئەوســا بە نۆرە ســواریان دەبووین، هەتــا ئەو رۆژەی یەکێکیان بەســەر گازەرەی پشــتا هەڵیدام و جووتەیەکی عەنەدۆڵیانەشــی تێ گرتــم، بەڵام خوا پاراســتمی ئیــدی بۆ ماوەیــەک لەو بەزمی کەر ســوارییەی کردم. ڕۆژێ لەو ڕۆژانەی ســەرەتای بەهاری ئەو ســاڵەدا بوو، منداڵە ورتکە لەحەوشــەی ئەو ناوەندییە تاقانەیــەدا، هەندێکمان بەتۆپی هــەوری و هەندێک بەتۆپی پەڕۆ. کە لەپارچە پەڕۆ درووســت دەکراو بەداو و دەرزی و درووومان شــێوەی تۆپیــان پــێ دەداو لــە پــڕا کە شــووتێکی بەهێــزی لێ بدرایــە، ئەوا لەحــەوادا پــەرش و بڵاو دەبوویەوە. لەپڕا هەموومان بەهۆی ئەو هات و چۆ و شــتومەک کێیشکردنەوەیەی بۆ ناو هۆڵەکەیان دەبرد، دەستمان لەگەمە و تۆپ تۆپێنەکەمــان هەڵگــرت و بەرەبەرە چووینە بــەر دەرگا دوو تاکییە گەورەکەی هۆڵەکەو سەیری ژوورەوەمان دەکرد. پاشان ئەفەندییەک خۆی کرد بەژووردا، ناســیمانەوە مامۆســتا (ع.ع.شەونم) بوو کە گشــتمان خۆشمان دەویسست، جا نازانم لەبەر ئەوەبوو کە وانەی هونەر یان نیگارکێشانی پێ دەوتین، یان لەبەر میهر و ڕووخۆشی و هونەرمەندییەکەی بوو.

ڕووی تێکردین و بزەیەکی پڕ لەخۆشەویستیی کەوتە سەر لێو و ڕووخساری وتی: دەی سالار و مناڵینە ئێستا بڕۆن بەم نزیکانە دێن دێن بۆ بینینی شانۆیی، دەی ئاقڵینە ئێرە چۆلکەن، وتمان: بەڵێ باشە مامۆستا گیان.

ڕۆیشــتین و هەمــووان چاومان لە یەکــدی بڕیبوو، بەبێ ئــەوەی کەس فزەی لێوەبێ، دیاربوو هەر هەمووان ئەوق و حەپەساوی ئەو شتە بووین کە مامۆستا وتی، وشەی(شانۆ)مان بیستبوو، بۆیە نەماندەزانی مەبەستی چییە، کەواتە پاش چەنــد رۆژێ دەیبینین. هاتینــەوە نزیک ماڵەکانمان، پاڵمــان دا بەدیوارێکەوە و لەبەرخۆمەوە وشــەکەم دەوتەوە و جاروباریــش حونجەم دەکرد، واتە پیت بە پیت رێکم دەخستەوە، لەپڕا هەر هەموومان کەوتینە ژاوە ژاو و بەدەنگی بەرز

شانۆ شانۆمان بوو، کاتێکیش دەستبەرداری یەکدی بووین و وشەی شانۆمان دەوتەوە.
شەو داهات و ئەو وشەیە بووە خولیا و مەراقم، هەزار ئەوەندەش پەرۆشی ئەو ڕۆژەبووم کە ببینم و بزانم داخۆ چییە؟!
شـــەوانە باوکم گوێی لەهەواڵەکانی رادیۆ دەگرت، رادیۆیەکی گەورەمان هەبوو لەســـەر مێزێکی تەختە کە پارچە کوتاڵێکی بە ئەتەمین نەخش کراوی بەســـەردا درابوو رادیۆکەی لەسەر بوو مارکەی ئەو رادیۆیەش هەر لەبیرمە (مۆلارد)یان پێ دەووت، ئەنتێنی هەوای بۆ سەربان بۆڕاکێشرابوو، هەروەها بەرەو زەویش باوکم لەسەر ئەسکەملێک لەبەردەمیا دانیشتبوو، حەزیشی لەدەنگی(زهور حسین) بوو، کە دەنگێکی خۆشـــی پڕ لەخرۆش و لەهەمان کاتدا جۆرە نووســـاوییەکی نـــازدار لەدەنگیا هەبوو، هەرچـــۆن بەڕەچەڵەک ئێرانی بوو، بۆیە ئەو شـــێوازە هێنـــدەی دیکە شـــیرینی کردبوو، منیش وەســـتام تا پاش هـــەواڵ، بەدڵ و گیان گوێی بۆ گۆرانییەکە شل کردبوو، هەرکەتەواو بوو وتم: باوکە.
وتی: ها باوکە گیان، چیت دەوێ؟
وتم: شانۆ چییە؟
بەوردی سەیرێکی کردم و دەستی خستە سەر شانم و منیش لەبەردەمیا رێک وەستابووم و هەموو لەشم بوو بووە گوێ بۆ بیستنی وەرامەکەی.
وتـــی: کاکە گیان شـــانۆ تیاترە، ئەوە ئەگـــەر ئەم جارە (کەریم بەگی زانســـتی) پوررزام سەردانی کردین پێی ئەڵێم بەجوانی تێتبگەیەنێ. چونکە ئەو و مامۆستا (فوئاد رەشـــید بەکر) کە برادەری گیانی بەگیانیمە، لەناو کورد ئەو دووانە بەر لەهەمـــووان ئەو هونەرەیان نواندووە، ســـاڵی (١٩٢٦)لەگەڵ (بێکەس) و (ئەلف.بێ.هەوری) پێشکەشـــیان کردووە و بانگیان کردووە بۆ بینینی ئەو شانۆییە کە ناوی(شۆڕشی فەرەنسی)بووە. بەرە بەرەش بەدەم چاخواردنەوە و لەگەڵ کاکە (لەتیف قادر ئاغا)ی خاڵمدا کە ژمێریاری شارەوانی هەڵەبجە بوو کەوتە بزواندنی و ئیدی باوکیشـــم کەوتە گێڕانەوەی ئەوانەی دیبووی، چ شانۆیی(نیرۆن) ساڵی (١٩٢٧)لە شـــاری ســـلێمانی پێشـــکەش کراوە.(کەریم بـــەگ) دەوری (ئیمپراتۆر

نیـرۆن)ی دەبینـی و کاک (فوئـاد) دەوری خانمەکەی دەنواند و(شـاکر فەتاح) ی ئامۆزاشـم ئەندامـی پەرلەمانەکەیان بوو و هەروەها شانۆیی(سـەلاحەدینی ئەیوبی)سـاڵی (١٩٣٥)،وە چـۆن چۆنی بۆ یەکەم جار(مـاری مونیب) و (حەقی شبلی)دیوە.

لە دووتۆی گێڕانەوەکەیدا کە کەوتبووە نێوان باوکم و کاکە لەتیف مەوە. ئەوەندە تێگەیشتم حەقایەتە و بەزیندوویی، نەک گێڕانەوە، لەبەر چاومانا دەیبینین.

بەهـەر حـاڵ ئەو ڕۆژە هات و لەشـارا بوویە قاو و باسـی هەمووان کە هۆڵی ناوەندیی هەڵەبجە شـانۆیی(بازرگانی فینیسیا)ی (شەکسپیر)کەوتە ئامادەکردن و دەرهێنانی مامۆستا (ع.ع.شەونم)ە پێشکەش دەکرێ.

ئەوشەوە تا ڕۆژ بوویەوە، خواخوام بوو زوو ڕۆژبێتەوە و بگاتە عەسر و بچین بـۆ بینینـی، پەردە کرایەوە و ڕووناکی ڕەنگاو ڕەنـگ و پەردەی ڕەنگاو ڕەنگ هەڵواسـرابوو، کەسـەکان بەرگێکیان بۆ پۆشـیبوو زۆر لام سەیر بوو، بەزاتی خوا هەتا ماوم بریق و باقی ئەو عەسـرە شـانۆییەم لەزەین ناسـڕێتەوە. باشە چۆن چۆنی بسڕێتەوە ئەو وشەیەی کە نەمدەزانی چییە و چی دەگەیەنێ!

بێ ئاگا بووم لەوەی ئەو شتەیە کەدەبێتە لەیلای هەموو ژیانم و سەراپای تەمەنم قوربانی دەکەم، ئیدی ئەو سات و ئەو وشەیەم چۆن لەلا دەسڕێتەوە؟!

شانۆ ئەو شیرینە وشەیەیە کە لەلای من شیلەی ژیانی جاویدانی لێ دەچۆڕێ، لـەو هەڵەبجەیە گوێم پێـی زرنگایەوە و زمانم پێ پژا و بۆ یەکەمین جار چاوم پیادا هەڵهێنایەوە.

بەڵێ لە هەڵەبجەی سوورە گوڵی سەر پەرچەمی شارەزووری شۆخ و شەنگ.

تۆ بڵێی نەخشی سەر سەنگ بە گەردی لێی باراوی ڕۆژگار کوێر بێتەوە؟

یان خوانەخواستە لەسەر لەوحی ژیان بسڕێتەوە؟

نا، نا، نا.ئەوەش زادەی ئەو ساتانەیە کە ناسڕێنەوە.

***

گەلێک ڕاست و دروستە کە دەگوترێ: مرۆڤ زادەی ژینگە و دەوروبەرەکەیەتی، کەواتـە ئەوە دەسـت نیشـانی چەندین لایـەن و ئارەزوو و مەیلـی ئەو مرۆڤە

دەکات. واتە ڕێنماییکەر و ئاراستەکەرە و بەشێکی گەورە و گرینگ و بنەڕەتیی پــەروەردە کــردن و گــۆش کردنە. من بــەش بە حاڵی خۆم هەر کە لە شــاری (هەڵەبجە)وە گەڕاینەوە بۆ شاری (سلێمانی) هەر لە سەرەتاوە بەختم یار بوو، تەمەنم هەشت نۆ ساڵان بوو، ساڵی ١٩٥٦ بوو، لە گەڕەکی چوارباغ نیشتەجێ بوویــن. لــە بەختی مندا یاریگەی تاقانە و شــانۆ تەنیاکەی شــار لەو گەڕەکەدا بوون و نزیک ماڵمان بوون. کەواتە ئەو چالاکییانەی لەو دوو شــوێنە گەشــەی شاردا دەکران، چ وەرزش و چ شانۆ، بە هەموو شێوەیەک حەز و ئارەزوویان بــە لای خۆیاندا ڕادەکێشــام. منیش لەو تەمەنەدا ئارەزووی وەرزشــم دەکرد، لەگەڵ هەبوونی مەیل و ئارەزووی نواندن، نەک بە واتا تەواوەتییەکەی نواندن، بەڵکوو لاسایی کردنەوە، لاسایی پیاوانی گەڕەک، خزمان، زۆر جار کە باوکم لە ماڵەوە نەدەبوو، ڕۆبەکەیم لەبەر دەکرد و پایپەکەیم دەنا بە دەممەوە، هەروەک ئەویش پاڵم لێ دەدایەوە و بە دەنگ و نەبرەی ئەو قســەم لەگەڵ دایکم دەکرد. ئەو وشانەشــم بەکار دەهێنا کە تایبەتی بوون بە ئاخافتنی باوکم. بەو لاســایی کردنەوەیــە کەشــێکی خۆش و پڕ لە پێکەنینم پێک دەهێنــا. دوایی بۆ باوکمیان دەگێڕایەوە، ئەویش بە پێکەنینەوە سەیری دەکردم و دەیوت: کاکە پاشا ئەمەشت کرد؟

کابرایــەک لــە گەڕەکەکەمــان بــوو پیاوێکی دڵ پــاک و هەژار بــوو، ئەو دەمە قاورمەی نۆکی دەفرۆشت، دەنگێکی ناسازی قەبەی پێوە بوو، کە هاواری دەکرد دەمارەکانــی لاملــی هێندەی ســۆندەیەکی دوو ئینجی دەئاوســا، ئەو بەردەوام لاســاییم دەکردەوە، چ دەنگ و چ کار و شــێوەی، هێندە لاســاییم کرد بووەوە، ڕۆژێ وام بــە خەیاڵــدا هات ئەو بوو بێ بە پاشــا و وتار بــۆ خەڵکی بدات، لە نێوانی ڕستەکانیدا هەر هاوار هاواری قاورمەی نۆکەکەی لێوە دەهات، بووبوو بە نیمچە بینراوێکی شــانۆیی، ئەم خولیا و کاری لاســایی کردنەوەیەم کارێکی ئەوتۆی کرد بوو، کە هەندێک لە خزمانی بەساڵاچوو، بە تایبەت پیرێژنەکان بەر لە ڕۆیشتنیان تکایان لێ دەکردم لە پاش ڕۆیشتنیان لاساییان نەکەمەوە.

ئێمە دەســتەیەک لــە منداڵانی گەڕەک، کــرد بوومان بە خــوو، ڕۆژانی هەیینی

دەچووین بۆ سینەما، ئەو دەمە سینەمای (رەشید) و (سیروان) هەبوون، دەچووینە بەشی (چلی) واتە تکتەکەی بە چل فلس بوو، پاش گەڕانەوەمان لاسایی هەندێ شتی ئەو فیلمەمان دەکردەوە، ئەو دەمە هەر خۆم سەرپەرشتیی ئەو یارییەم دەکرد و گەر حەزیشم لە نواندنی (کوڕە ئازاکە) بوایە، ئەوا بۆ خۆم دەمنواند.
ماڵەکەمان دواهەمین ماڵی سەر ئەو شەقامەی چواربـاغ بوو، لە پشت دیوارەکەمانەوە، هەر چۆن سینەما، سەرپارچەی فلیمەمان کۆ دەکردەوە و بە (لایت) لەسەر دیوارەکە پیشانم دەدا، هەر لە دووتوێی ئەو حەزی منداڵیمدا دەژیا.
یەکێ لەو ساتانەی کە هەرگیز ناسڕێتەوە، ئەو عەسرەی ڕۆژی ١٩٥٦/١٠/١٨ لە یاریگای ئامادەیی سلێمانیی کوڕان یاری بوو، ئێمەش من و براکەم و کوڕانی (خاڵە نوری بەگ)مان کە لە گەڕەکی قەزازەکانەوە هاتبوون، لە پڕا پەڵە هەورێکی تاری چڵکن ئاسمانی شاری داپۆشی، هەر دەتگوت ڕۆژ گیرانە، تەرزە دای کرد، دەنگ گەورە و بە لێزمە، دەیانگوت تیایدا بووە دانەی (١٠٠) گرام بووە، یارییەکە تێک چوو، لە شاخی گۆیژەوە لافاو بە لێشاو هاتە خوارێ، ئەو دەمە شار بەربەستی لافاوی بۆ دروست نەکرا بوو، ئاوەڕۆکانی شار بە تایبەت ناو بازاڕ و هەندێ لە گەڕەکەکان تەقین و ئاو هێرشی بردە ناو ماڵەکان، چونکە ماڵمان نزیک بوو بە ڕاکردن خۆمان گەیاندەوە ماڵێ، سلێمانی وتەنی: بووبووین بە چۆلەکەی نەوتی، یان لە ئاو هەڵکێشراو. ئیدی هەواڵ بڵاو بوویەوە کە سەدان ماڵی خاپوور و نغرۆ کردووە و دەیانی خنکاندووە، شار خامۆش بوو لە هەموو لایەکەوە هاوار هاوار و هەرا بوو، شەو داهات و شار بەرگی ڕەشی پۆشی، بڵندگۆ بە کووچە و شەقام و کۆڵانەکانی شاردا دەگەڕا و هاواری دەکرد: ئەوی ماڵی وێرانە ڕوو بکاتە خەستەخانە.
خەڵکی شار بووبوونە یەک خێزان و بە هانای یەکدییەوە دەچوون، لافاو بووە هەست بزوێنی شاعیران، ڕۆژنامەی (ژین) پاش لافاوەکە بووبووە هەواری هەستیان، ئێستاش چەند کۆپلەیەکی شیعری (کامەران)م لەبەرە کە وتبووی:

«کــە بــای خــەزان گوڵــی وەران
خونچــە دەســت ئــەکا بــە گریــان
ئــەی کــە خونچــەی ناســک وەری
خەڵکینــە توخــوا، کــێ بگــری؟!»

لەگەڵ بڵاو بوونەوەی هەواڵی لافاوەکە جێنشینی پاشای عێراق (میر عەبدولئیلا) ســەردانی ســلێمانیی کرد، چاوی بــە خەڵکەکە کەوت، ئەوە بــوو لە ڕۆژنامەی (ژیــن)ی رۆژی ١٩٥٧/١٠/٣١ بڵاو کرایەوە وتبووی: (هیوامان وایە کە یارمەتی تەواوی لێقەوماوان بدەین و سەر لەنوێ شوێنە ڕووخاوەکان تازە بکەینەوە).
هێندەی نەبرد ئەو کاتە قوتابیی قوتابخانەی (ئەیوبییە) بووم، لە تیپی (دیدەوانی) دا بووم، کۆیان کردینەوە وتیان:
خاوەن شــکۆ دێت بۆ سلێمانی رۆژی ١٩٥٧/١١/٥ لە بەردەم (ڕێست هاوس)دا کە تەنیشــت کارگەی جگەرەی ئێســتایە و بەرامبەر شارەوانییە ریزیان کردین، ئێستاش دەنگی ئەو بێژەرەی کە پێش گەیشتنی کەژاوەی (شا فەیسەڵی دووەم) تاو بە تاو هەواڵی هاتنەکەی ڕادەگەیاند کە ناوی مامۆستا (جیهان بەخش )بوو دەیووت:
«ئەوا خاوەن شــکۆ شا فەیسەڵی دووەم گەیشتە کەندەکەوە، ئەوا گەیشتە کپڵە سپی....»
پاشا گەیشت و سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ یاوەری بوون، پێشوازییان لێ کرا و پاش وچانێکی کورت لە ماڵی (موتەسەڕیف)، کەوتنە سەردانی خەڵکە ماڵ وێران بووەکان و دڵی دەدانەوە و هاوهەســتیی خۆی بۆ دەردەبڕی، بڕێ پارەی پێشکەش بە لێقەوماوان کرد، بە تایبەت بۆ کەم درامەتان.
ئەو ڕووداو و رۆژە ناخۆشــە و شــێوەی ئاســمانی ســلێمانیی ئەو عەســرەم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، بە تایبەت کە چووینەوە قوتابخانە، چەند هاوڕێیەکمان نەبینییەوە، یان هەندێکیان باب و برا و خوشک و دایکیان مەرگ بردبوونییەوە، ڕۆژێکی ماتەم بوو لەو ئان و ساتانەی ناسڕێنەوە.

***

ئەگەر بە ســاڵی جارێک، یان بە چەند ســاڵێک چالاکییەکی هونەری لە سلێمانی بنوێنرایــە، ئــەوا بەر لە هەمــووان ئێمەی کوڕ و کاڵی گەڕەکــی چوارباغ پێمان دەزانی، چونکە تەنیا شــوێن و شــانۆیەک کە ئەو شــارە شکی دەبرد، هەر ئەو شــانۆییەی ئامادەیی ســلێمانی بوو، کە لە پاش کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم دەست بە دروست کردنی کرا بوو، کەواتە بەپێی هاوسێیمان لەو قوتابخانەیەوە ئاگادار دەبووین، لەوەی بڵندگۆ و دەهۆڵ و زوڕنا شەقام و کووچە و کۆڵانەکانی شــار بــە ڕیکلامی ئاهەنگــە هونەرییەکە بهەژێنن، ئەو دەمانەش، شــار هێندەی گەڕەکێک لە گەڕەکە نوێیەکانی ئێســتای دەبوو، ئەو کاتە پێویســتی بە تەکسی نەبوو، بۆیە هەر نەبوو، هەر بۆیە گچکەترین هەواڵ لە ڕەشەبا بە ناوبانگەکەی ســلێمانی خێراتر دەگەیشــت و بڵاو دەبوویەوە، دەنگ بڵاو بوویەوە کە ڕۆژی (٢٣)ی مانگــی شــوبات کە دەیکــردە ڕۆژی(٤)ی ڕێبەندانی کوردی، ئەو ســاڵە کە ســاڵی (١٩٥٨) بوو، شــانۆی (مەم و زین)ـەکەی (ئەحمەدی خانی)، لە لایەن قوتابیانی ناوەندیی شەوانەوە پێشکەش دەکرێ، ڕۆژانێکی باران و هەور و هەڵا بوو، دەرهێنەرەکەی مامۆستا (ئەنوەر تۆفی) بوو کە دیواریماڵمان بە دیواری ماڵیانەوە بوو کاکە (دلێر)ی کوڕیشی لە یەک پۆلدا بووین و برادەرم بوو، بۆیە ڕۆژانــە ئاگاداری هەواڵی شــانۆییەکە دەبووم، ئەو دەمە خەڵکی شــار، خێزان، خێزان دەچوونە سەیری شانۆ، هەر چۆن زۆربەیان ڕۆژانی چوارشەممە، جگە لە وەرزی زســتان، دەچوونە باخچەی گشــتی، ڕۆژانی دیکەش بۆ سەر وەیس و قۆرییە شــکاوەکانی با و ســەرچنار یان ئێوارانی هەیینی دەچوون بۆ بینینی سینەما، ئەوەی دیاردەیەکی سەیر بوو خەڵکی هەر چۆن بۆ سەیران خواردنیان لەگــەڵ خۆیــان دەبرد، بۆ شــانۆش بە هەمان شــێوە، ئیتر ئەمە (تەڕەســاز) و قەزوان و چەقالەی سوێر و.....

ئەو ڕۆژە هات، دەمەو عەســر بەرەو شــانۆکە چووین خەڵک بە لێشاو دەهاتن، تکــت بــە (١٥٠) فلس و (٢٥٠) فلس بوو، لە کاتێکا ســینەما بە (٤٠)فلس و (٧٠) فلس بوو، بووە پاڵەپەستۆ، هەر خەریک بوو بکەوینە ژێر پێوە، نەمانتوانی بچینە ژووری، ناچــار لەگــەڵ کوڕ و کاڵاندا خۆمان گەیانــدە پەنجەرەکان، کە هەر لە

تەنیشتێکی هۆڵەکەوە شەش پەنجەرە هەبوو، شوێنی خۆمان گرت، سەرەتا بوو بە بەزم و ڕەزم و گۆرانی و مۆسیقا و جاروبارە شیعر و قسەی نەستەق، دوا بەدوای ئەوە، پێشکەشکار هاتە سەر شانۆ و بە دەنگێکی زوڵاڵ کەوتە سەر ناو بردنی بەشــداران و لە ســەرەتادا، باسی چۆنیەتی ئامادە کردنەکەی کرد، کە لە لایەن کاک (ئەمین میرزا کەریم)ەوە، لە وەرگیراوە عەرەبییەکەی (مەم و زین) کە (محەمەد ســەعید ڕەمەزان) کرد بووی بە عەرەبی، ســاڵی (١٩٥٧) لە شــام چــاپ کراوە، لەم کاری ئامادەکارییەشــدا، هونەرمەند (قــادر دیلان) هاوکاریی کردووە، پاشــان مامۆســتا (ئەنــوەر تۆفی) دەریهێناوە، ئیــدی یەکە یەکە ناوی ئەکتەرەکان و کەسایەتییە شانۆییەکەیانی خوێندەوە:
قادر دیلان، لە دەوری (مەم)دا، گوڵزار عومەر لە دەوری (خاتوو زین)دا، ڕەوف یەحیا لە دەوری (تاژدین)دا.....
ئامــاژەش بەوە کرا، کە ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی شــانۆیی کوردیدا کوڕ و کیژێک بێنە سەر شانۆ.
بە هەر حاڵ پەردەی لە ســەر یەکەم بینراوی شــانۆییەکە، لە تەک چەپڵەڕێزانی بینەراندا کرایەوە، هەر دەتگوت بەو پەردە هەڵکشــانە، بۆ جیهانێکی ســەیر، جیا لــەو ژیانەی تیــادا دەژیاین، هەر دەتگــوت جادووە، هەر ئەو دەمە هەســتم بە بەهێزیی ســیحری شــانۆ کرد، دیکۆری ســەرنجڕاکێش، کە زۆربەیان لەســەر پــەردەی بەرین کــرا بوو، جل و بەرگــی ناوچەی بەهدینان، کە بــە تایبەتی لە شــانۆی (دهۆک)ەوە هێنرا بوو، مۆسیقایەکی ئەوتۆ کە ناوچە و سەردەمەکەی دەگەیانــد و دەربــارەی ڕووداوەکان بــوو، کە کاری هونەرمەنــد (قادر دیلان) بوو.
ئەو شەوە تا ڕۆژ بوویەوە، هەر لە خەیاڵی ئەو شانۆیەدا بووم، کە لە پەنجەرەوە بینەری بووم، بەڵام ئەو داخەی پێ دام، کە نەمدەتوانی بە باشی ببینم، بۆیە بۆ ڕۆژی دوایی، هەر زوو چوومە بەر دەرگای هۆڵەکە و(١٥٠) فلسم لە مشتوومدا توند نووقاند بوو، تکتم بەرکەوت و لەم کورســی بۆ ئەو کورســیم بوو، شوێن گۆڕکە هەتا بزانم لە کام شوێنەوە داخۆ بە جوانی دەیبینم، بەرەبەرە کات بەرەو

نواندنەکە دەکشــا، بە لێشــاویش خەڵک خۆی بۆ ناو هۆڵەکە دەکوتا، تەواو پڕ بوو، منیش زۆر دڵم خۆش بوو، لە ناوەڕاســتی ڕێزی پیشەوەدا بووم بە چوار لادا دەمڕوانی، بەڵام هەر ئەوەندەم خۆش بوو، کابرایەکی ئەفەندیی تێکسمڕاو، بــە دەنگێکــی گڕی ناقۆڵا بانگی کــردم: ئا دەی کاکە بچکۆل گیــان، بە قوربانی کــوڕ بــم، ئیتر لــە ڕووو دامام و ناچار، بــە نابەدڵی چوومە نــاو پەنجەرەکەوە، چونکە دیوارەکانی بە بەرد کرا بوون، قووڵییەکەی (شەســت حەفتا) سانتیمەتر دەبوو، بۆیە توانیم بەو کەماڵی ئیسراحەتەوە، چوارمشقی لێی دانیشم. ئەوا ئەم جارەش کە هێندە لە بینینەکەی دوێنێم باشــتر نەبوو، بە بینینی شــانۆیی (مەم و زین) شــاد بووم، دووجارم بینی، بەڵام ئــەو جۆرە بینینە، یەکەمیان لەو دیو پەنجەرەوە، دووەمیان لەم دیو پەنجەرەوە، بۆیە ناهەقم نییە گەر ئەو ساتانەی ئەو دوو ڕۆژەم لە زەینا نەسڕێتەوە...

***

# مەملەکەتی کۆڵانەکەمان

هەتا تەمەن بەرەو ژوور هەڵکشێ، ئەوە یادگارەکانی منداڵی هەمیشە نازدارتری بــەردڵان دەبێــت، بــە تایبەت بەر دەرگای ماڵ و کووچــە و کۆڵان و گەڕەک و شــوێنی گەمە و وازی، یان قوتابخانەی سەرەتایی بە حەوشەیەوە بە مامۆستا و کتێــب و تەختەڕەشــی وانــە خویندن و دەنگ و شــێوەی زەنگی قوتابخانە و پاڵەپەســتۆی بەردەم فرۆشگاکەی و ریزبوونی بەیانیان و وتنەوەی سرووود و شەڕەشەقی بەردەم قوتابخانەی کاتی بەربوون .

بەش بە حاڵی خۆم بەم تەمەنی شــان لە شــانی پیربوون گیر کردنەوە، هەرکە کورتــە دەرفەتێکی شــارم بــۆ هەڵدەکەوێت، هــەر چۆن خۆم پێــوە گرتووە و هۆگری بووم، راســتەوخۆ دەکەومە دەور و خولی ئەو شــوێنانەی کە چاوانم تیادا پشکوتوون.

ئاهێکی جەم لە ســۆز گوشــادی بە گیانماندا دێ، هەست دەکەم بینینم رۆشنتر بــووە، گەڕەکەکەمــان گەڕەکــی چواربــاخ بــوو، ماڵەکەمــان لــە کۆتایــی ئەو شــەقامەدا بوو کە ســەرێکی لە خانەقای مەولانا خالیدی نەقشــبەندییە، ئێمەش

لە کۆتاییەکەیدا بووین. ئێستا لە دەستە ڕاستمانەوە بەڕێوبەرایەتیی ڕەگەزنامە و باری شارستانییە، هەر بەو بۆنەیەشەوە کورتە سەردانێکی شێرکۆ فارس دەکەم کە ئازیزە و لە یاریزانە دڵسۆز و ڕەوشت بەرزەکانی شارە.
پاشان سەرنجی ئەو دیوارە بەردینانە دەدەم کە ڕۆژانی بەرد بەردیمان دەژمارد، ئەوسا یەکەیەکە سەیری دەرگا و پەنجەرەی کۆلانەکەمان دەکەم، ئا ئەوەیان ماڵی پیاوە تووڕە و تڕۆکە بوو کە دەیان تۆپی لاستیکی دڕاندین، ئەگەر بکەوتایەتە حەوشەکەیانەوە، بە دوولەت کراوی و عەرەبانەیەک جنێوەوە بۆی فڕێ دەدایەنەوە، هەتا ماوەیەکیش هەر یەکەمان لە پەنا دەرگای ماڵێکدا خۆمان لێ گۆڕکە دەکرد و فزەمان لێوە نەدەهات.
لە سەری کۆلانەکەش ماڵی شەوکەتە فەندی باوکی کاک عەبدولقادر بوو، برادەری خۆشەویستی باوکم بوو. هەندێ لە کوڕانی گەڕەک کە لە ئێمە گەورەتر بوون بە ناوی ماڵی ئەوانەوە تەلەفونیان بۆ چێشتخانەی عەلی سوور دەکرد، داوای سینییەک کەباب و کوبەیان دەکرد، ئەویش دەستبەجێ بە شاگردێکی پایسکل سواردا دەینارد، ئەوانیش دووراو دوور سەرنجی هاتنەوەی مامۆستایان دەدا، کە چۆن چۆنی تووڕە بوو لە ڕقاندا سینییەکەی بە سەر شاگردەکەدا قلی دەکردەوە.
هەر لە مەملەکەتی کۆلانەکەماندا دوو خانوو هەبوون، کە هی جووتە برا (حاجی تاهیر و حاجی عەلی) سمایل عوزێری بوون، کە یەکێکیان بۆ کوڕەکەیان تەرخان کرد بوو کە لە شار دەیخوێند، لەگەڵ ئێمەدا لە برا براتر بوو، خانووەکەی کەیشیان بە کرێ دابوو بەو کەسەی ئەو سەردەمانە لە جەربەزەیی و بوێریدا بێ هاوتا بوو، خەڵکی زەندەقی لێی دەچوو، بەڵام مەردایەتیی ئەو پیاوە ترسناکە لەوەد بوو گشت کەسانی کۆلانەکەی بە خوشک و دایک و برای خۆی دەزانی، هەر کە دەگەیشتە ڕاستی کۆلانەکە سەری بەرز نەدەکردەوە، ئێمەش برادەری برا بچووکەکەیان بووین دەیناسین زۆر بەڕێزەوە سڵاوی لێ دەکردین.
ئێوارەیەکیان لەگەڵ دایکمدا لە ماڵی بابە گەورە کە بەرامبەر مزگەوتی خانەقا بوو دەگەڕاینەوە ماڵەوە، ئەو دەمە تەکسیی ناوشار نەبوو، لە بەردەم گومرگە

ســووتاوەکە عەرەبانەی جووت ئەسپی دەوســتان هەرکە گەیشتینەوە بە سەر شەڕدا کەوتین، ئەو دراوسێیەمان خەریک بوو ئەو عەرەبانچییە کەلەپاچە بکات، هاوارم لێ کرد کاکە لەبەر خاتری ئێمە وازی لێ بهێنە، وتی ئەوە لەبەر خاتری ئێوە لێی خۆش بووم.

حەز دەکەم ئەوەش بڵێم ئەو سێ برایە قەساب بوون هەر سێکیان شەهید کران، ئەمیان لە کانی بۆگەنە، خوار گردی شـێخ فەتاح، زەعیم سـدیق گەمارۆی دا و شەهیدی کرد، دووەمیشیان لە ساڵی ١٩٦٣دا لە سەرچنار گرتیان و وتیان جنێو بــە بارزانــی بدە بەڕەڵات دەکەین، لە وەڵامدا وتی ژیانێک لە لەپی جنێودان بێت بە بارزانی، ئەو ژیانە بەرشــەق دەدەم، هەرگیز نامەوێت ئەگەر بمکوژن داوای وا لــە مــن مەکەن. ئەوانیش بە بەرچاوی خەڵکەوە لــە پەنجەرەی ماڵەکەیانەوە ســەیریان دەکرد دەســترێژیان لێیان کرد و شەهید بوو. کوڕی سێیەمیشیان لە پاش ڕاپەرین شەهید کرا.

لە سەر سووچی کۆڵانەکەی پشتەوەمان ماڵی (مەلا فایەق)ی باوکی نووسەری تەنز ئامێز (کاکە ڕەفیق) بوو، دەســتی لە جادو و ســیحری چەشــنەما هەبوو، هەندێــک جار لــە ناو ئەو ئاهەنگانەی کە لە ئامادەیی ســلێمانی کوڕان دەکران، هونەرەکەی خۆی دەنواند. کابرایەکی مەملەکەتەکە، گاڵتە و فشــەی پێ دەهات. ڕۆژێ لە ڕۆژانی زســتان بوو ژمارەیەک لە پیاوانی گەڕەک لەبەر بەڕۆژکە بە چیچکانەوە دانیشــت بوون، چەند کەسێکیان پارچە گونیە و مەقابەیان ڕاخست بوو، خەریکی یاریی (دامە) بوون، لە پڕ مەلا فایەق هات و بەرامبەریان راوەستا ســەیرێکی کابرای گاڵتە پێکەری کرد و ئەو دەستەســڕەی کە هەمیشــە لە ملی دەنا بە توندی رایکێشــا، پاشــان کردییە ملی و کڵاوەکەی ســەری خولاندەوە، کابــراش قاقایەکی لێ دا پێی گوت ئادەی ســیحرێکمان بۆ بنوێنە. ئەویش وتی: داخی ئەم زەرتە زەلامە لە ســکما کەڵەکە بووە، ئێستا بە بەرچاوی ئێوەوە پێی دەنوێنم شــەرتە هێلکەی پێ بکەم. هەمووان حەپەســان و هەستانەوە سەر پێ تەنیا کابرا نەبێ، لە جێی خۆی نەبزوا و گرژ بووەوە، پێشــی وت: تۆ هێلکە بە من دەکەی؟

مەلا فایەق هاواری لێ کرد: دە فەرموو هەستە بە چاوی خۆت ببینە کە هەستا هێلکەیەک لە پزووی شەروالەکەیەوە بەر بووەوە، کابرا ئەبلەق بوو. مەلاش بەو پەڕی دەماغ بەرزییەوە پێی گوت: ئادەی زەحمەت نەبێ خێری گۆڕەکەی باوکت بزانە ئایە هێلکەکە جووت زەردێنە نییە؟

***

دراوسێی دەستە چەپمان ماڵی کاک (ڕەسوولی عەلاف) بوو، کە پێشتر ماڵیان نزیکی گەرماوی (سورەت) بەرامبەر مەیدانی کافرۆشان بوو، بۆیە بەو گەرماوەیان دەگوت (گەرماوی سورەت) چونکە هونەرمەندی شێوەکاری پێشڕەو (حەسەن فەلاح) دیوارەکانی بە چەشنەها تابلۆی ڕەنگین ڕازاندبووەوە، کە زۆربەی بابەتەکانیان حەقایەتە دێرینەکانی وەک ڕۆستەم و زۆراب و سروشتیان دەنواند. هاتنی ئەم خێزانە بۆ گەڕەکەکەمان مایەی گوشادی هەمووان بوو، خێزانێک لێوان لێوی ڕەوشت بەرزی کوردانە. دڵسۆز و دراوسێ دۆست، پێنج خوشک و دوو کوڕیان هەبوو، هەر هەموویان پەرۆشی خەبات و خوێندنەوە بوون، ماڵەکەیان پڕی کتێب و حەوشەیان ڕێحانە و گوڵ، یەکێ لەو کیژانەیان (دکتۆر شوکریە ڕەسوول) بوو، لەگەڵ (سەبریە خان) کە مامۆستا بوو لە جوانکاری و دەست ڕەنگینیدا، کوڕەکانیش کاکە (حەمە شوان) و کاکە (تەها) کە هەردووکیان لە تەمەنێکی هەرزەکارییەوە پەرۆشی (مارکسیزم و لنینیزم) بوون.

لە کۆڕ و کۆبوونەوەي ئەدەبیدا بە جوانی دەهاتنە گۆ و دەبیندران. (شوکرییە خان)یش ئەو دەمانە کە لە ناوەندی بوو شیعری دەنووسی و دەستی ئەدەبیاتی هەبوو. لە کۆڵانەکەماندا و بە ڕیزی دەستە ڕاستماندا، گەراجی کارگێڕیی ناوخۆیی موتەسەریفیەت هەبوو، لە شانییەوە خانەی پەککەوتووان هەبوو، کە معاونی خانەنشین(عارف قابرەش)ی باوکی کاکە (هەڵگورد)ی وەرزشوان بەڕێوەبەری بوو.

ئەو شوێنە سەربوردەی هەزار و یەک جۆرەی لەخۆ گرت بوو، ئەو ڕۆژەم چاک لە یادە کە ڕۆژی (چواردەی) گەلاوێژی ساڵی(١٩٥٨) بوو، وا ڕێکەوت

لــەو ڕۆژەدا دەبوو لە بەیانی زووەوە باوکــم و دوو ئەندام لیژنەی خەمڵاندنی باجی زەویی کشتوکاڵی بەرەو ناوچەی سووورداش بڕۆن، لە پێشەوە لە گوندی (پیســکەندی) لایان دا، منیش حەزم دەکرد ئــەو گوندانە ببینم. لە ماڵی کوێخای گوند دابەزین و هەمووان لە دەوری ڕادیۆکەیان گرد ببوونەوە، پاش بەخێرهاتنی گــەرم و گــوڕ، هەواڵەکەمان زانی کە لە بەغدا ڕژێمی پاشــایەتی لەناو براوە و عێــراق بۆتــە کۆماری. هەمووان دەیانگوت لە بەغــدا هەرایە و هەر زوو باوکم و هاوەڵانی ویســتیان زوو بگەڕێنەوە بۆ شــار، پاش ئەوەی کارەکەیان ئەنجام دا، ئــەو باجەش کە دەیاننووســی بە نــاو باج بوو، خوانەخواســتە وەک باجی ئێســتا نەبوو، خانەخوێیەکە ئیســتەرەمان لەسەر قاوەڵتی کردن کرد و خوانیان ڕازانــدەوە، بەڵام چونکە شــیوەکەیان پوخت بە ڕۆنی جافەکی ســاز کرد بوو، تۆزێک قورس بوو، داوای یەک دوو سەلک پیاز کرا بۆ ئەوەی کەمێک سووکی بکات.

گەڕاینەوە سلێمانی و هەر کە گەیشتینە ئاستی کۆڵانەکەمان، بینیمان چی کەسانی نــاو خانــەی پەککەوتووانە لــە بــەردەم دەرگاکەیاندا هەرایانە، کورســییەکەی بەڕێوەبەریان داناوە و یەک دووانێکیان بە دار گسک و خاکەناسەوە سەرکەوتوون و خەریکی فڕێدانە خوارەوەی تابلۆی خانەکەن، کە بە زمانی عەرەبی لە سەری نوســرا بوو، ســاڵی ئەوەندە بە بۆنەی جەژنی لەدایک بوونی شــاژن (عالیە)ی دایکی (فەیسەڵ پاشای دووەم)ەوە بونیاد نراوە، هاوار هاواریان بوو: ئادەی بە قوربانە، دایگرن فڕێی دەن، بیخەنە ژێر پێوە، ئەوە حاڵیان بوو، بەڵام ئەوەندەی نەبرد لە ســایەی ڕۆژانی شۆڕشــی گەلاوێژدا داخرا، ئەوانەش بەڕەڵای ســەر شەقامەکان کران و دووکەڵی مێشەکەش باوی نەما و ئیدی هەزار بەیت و باڵۆرە داهات و شوێنەکەشــیان کرا بە (ئینزیباتخانە)، سزا و ئەشکەنجەی هاووڵاتیانی تیادا دەدرا و کەس نەیدەوێرا بە لایدا ڕابوریَ، ئەو هەوارەی کە جاران منداڵانی گــەڕەک بــە ڕۆژ یاریمان لیَ دەکرد و شــەوانەش چاوشــارکیَ و جاروبارەش شەڕە گەڕەک و بەیەک دەنگ دەمانگوتەوە: (وەرنە دەریَ منداڵانی گەڕەک، سەر بنە خەڕەک.. مناڵانی گەڕەک وەرنە دەریَ بۆ شەڕە گەڕەک)، ئەوە زۆر جار کە

باسی یادەوەرییەکانی منداڵی بکرایە، یەکێ لەو یادانەی باوکم بۆی دەگێڕایەوە شـــەڕە گەڕەکی کوڕ و کاڵانی ئەو ســـەردەمانە بوو، دەیگوت: شەڕە گەڕەکیش وادە و وەرزی خۆی هەبوو، ئێمە کوڕانی گەڕەک، گەڕەکی بەرخانەقای مەولانا خالیدی سەرشەقام، شانازیمان بەوەوە دەکرد کە بەسەر و گوێلاکی شکاوەوە کوڕانــی فلانە گەڕەکمان نــاردەوە، یەکێ لە هاوڕێ خۆشەویســـتەکانم (مەلای کوردە) بوو واتە باوکی کاکە (عوسمان و شەوکەت و ڕەفعەت...)، کە لە منداڵیدا بە هۆی نەخۆشی ئاوڵەوە بینایی لەدەست دا بوو، پاشان خرابووە بەر خوێندنی قورئانی پیرۆز و قورئان خوێندن بووە پیشـــەی، بە نابینایی پێشـــمان دەکەوت، کە شـــەڕ گەرم دەبوو کوڕم دەویســـت لەبەر هەڵســـووڕانی گۆچانەکەیدا خۆی بگرتایە، بەڵام هەندێ جار ئێمە هەموومان هەڵدەهاتین و ئەو بە تەنیا جێ دەما و بە گەڕەکە منداڵێ تێی بەردەبوون و ئیدی بۆ ماوەیەک لێمان نیگەران دەبوو، بەڵام هەر ئەوەندە بڕی دەکرد تا شەڕە گەڕەکێکی نوێ بەرپا دەبوو، بە دەنگە بەرز و خۆشـــەکەی جۆشـــی دەداین و هەڵمەتی دەبرد، ئـــای کە تیامان هەبوو هێلکە و ڕۆنی لە پای سەرشکاندندا خوارد بوو، چونکە وا باو بوو لە باتی لێدان و سەرزەنشـــتی ســـەر شـــکێنەر، تاوەیەک هێلکە و ڕۆنیان لە لایەن ماڵی کوڕە سەرشکاوەکەوە خەڵات دەکرد، ئەویش بەوپەڕی ئیشتیهاوە دەیخوارد و ببڕای ببڕ مێش میوانی نەدەبوو...

ئـــەو ڕۆژەم چـــاک لەیادە کە ڕۆژی (چواردەی) گەلاوێژی ســـاڵی (١٩٥٨) بوو، وا ڕێکـــەوت لـــەو ڕۆژەدا دەبوو لەبەیانـــی زووەوە باوکم و دوو ئەندام لیژنەی خەملاندنی باجی زەویی کشتوکاڵی بەرەو ناوچەی سورداش بڕۆن.

***

یەکێـــک لەو شـــوێنانەی لە زەینا چوون نەقشـــی پەردە، دووکانـــی کۆڵانەکەیە، کـــە ڕۆژانـــە، بەتایبەت لـــە ڕۆژانی پشـــوودا هەر پـــاش وەرگرتنـــی (خەرجی) ی ڕۆژانـــە، منـــداڵ ڕووی تێـــدەکات، ئیدی ئەوە نوقڵ و مەســـکەت و لەبزینە و حاجی بارام و ســـۆدە و ســـیفۆن،چۆرەک و ڕەحەتەلوقمی شرووبی. دووکانی خوالێخۆشـــبوو(مام سەعی منەوەر) بوو، کە پۆلیسی سوارەبوو، پیاوێکی بەژن

بەرزی قۆز، بەتایبەت کە بە جلی پۆلیس ئەفسەری رەنگی و قایش و قرۆش و قۆپچە زەرکەفتە بریسـکەدارەکان و گوێترە و چەکمە قەترانییەکەیەوە، سواری ئەسپە کحێلە یاڵ شۆڕ و بریسکەدارەکەی دەچوو بۆ سەر کارەکەی، کە لەو بەر ماڵەکەیانـەوە تەویلەیەکی بۆ کردبوو، هەر هەفتەی یەک دووجار بە فڵچەیەکی گەورەی زبڕ پاکی دەکردەوە، ئەوسـا زین و لغاو و سەرکڵاوەی لێ دەبەست، زۆربـەی کات(باجـی فاتم) لەسـەر دووکانە خنجیلانەکە دادەنیشـت، خانمێکی بەژن بەرزی سـیما نوورانی پڕ میهرو نەوابوو، هەمووان پێیان دەگوت:(دایکی گەڕەک)، ئێمەش بە دایکی خۆمان دادەنا، ئەو خانمە لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی ماڵانی کۆڵانەکەدا، کاریگەریی دەستگایەکی گەورەی ئەمڕۆمانی هەبوو، وەک یـەک مـاڵ بووین (کاکە کەمال) برا گەورەیان بوو، (کاکە جەمال)یش هەر خۆشەویستم بوو، بێوەی و هێدیترین منداڵی گەڕەک بوو.

سـاڵی( ١٩٨٤) لە (شـانۆی سـالار) سـەرقاڵی پرۆڤە بووم، گوتیان، میوانێکت هەیـە، کـە چووم(کاکـە جەمالی مام سـەعیدم) بینی، نزیکەی سـێ سـاڵ بوو نەمدیبوو، دەستەو ملانێی یەکدی بووینەوە، پاش چاک و چۆنی و هەواڵپرسینی گـەرم و گـوڕ، قاتـێ جلی بە عەلاگە کراوی دایە دەسـتم، وتـی: ئەمە ئەو قاتە جلـە پۆلیسـییەی باوکمـە، کە بـە منداڵی زۆر پێـت جوان بوو، ئـەوا جوان لە ئوتووم داوە، بۆم هێناوی رەنگە بۆ کاری شانۆیی پێویست بێ، منیش بە سۆز وخۆشەویسـتیمەوە وەرمگرت و ماچم کرد و بە سنگمەوە نووساند، ئیدی لەو رۆژەوە ئـەو بـرا ئازیزەم نەدییەوە، بـەری چەند مانگێک بـۆ کارێکی ئەدەبی پێویسـت و سـەردانی برایانم (یاسـین بەرزنجی و ئاشـتی دانش)، سـەردانی کتێبخانەی گشـتیی سـلێمانیم کرد، خانمێک بەرەو رووم هات و چاک و چۆنیی لەگەڵ کردم، وتی: دەمناسـیتەوە؟ لەگەڵ ئەوەشـدا کاتێ ئەو(گوڵسـتان) خانەم دیبوو، منداڵێکی ژیکەڵەی، هەروا شـەش ساڵان دەبوو، بە چاوەکانیا ناسیمەوە، دەسبەجێ گوتم: ئەی چۆن؟تۆ دادە گوڵستانی مام سەعی و دایە فاتم نیت؟ئیدی کەوتمـە پرسـیاری دایـک و باوک و خوشـک و بـرا، بەتایبەتی کاکـە جەمال، زۆر بـە هەواڵیان دڵتەنگ و خەمناک بووم و هەسـتم بە شـەرم و پەشـیمانی

کرد، نەمدەزانی هیچیان نەماون، هەر لەو ساتە چاوترووکانەدا، هەر هەموویان هاتنەوە بەرچاوم و چی بیرەوەری ئەو گۆشەیەی مەملەکەتەکەی کۆڵانەکەمان بـوو، لە مێشـک و ناخمدا وروووژان، چۆن وروووژانی! سـەرجەم هەسـتەکانی وەگەڕنا، تەنانەت بۆنی ئاوڕشێنی دەمەو عەسرانی بەر ماڵەکەشیانم، کردەوە... لە دڵی خۆمدا بە حەسرەتێکی زۆرەوە وتم:

ئای رۆژانی تەمەنی سەردەمە ئاڵ و واڵاکان رۆژانە لە بوونمان دادەتاشرێن و دابڕ دەبێ، کەچی هێندە بێ ئاگاین، یان گەلێک دڵ سەنگین و پێ نازانین!؟

هاوسـێیەکمان هەبوو، تا لەسـەرەتاوە دیواری نێوان حەوشەکانیشمان نەبوو، پیاوێکی رووخۆشـی قسـەخۆش و ئازیزی هەمـووان و (داینەمۆ)ی هونەر لە شـارەکەدا، مامۆستای خوالێخۆشـبوو(ئەنوەر تۆفی) باوکی(دکتۆر دلێر)، کە لە هاوڕێ خۆشەویسـتەکانی ئەو سـەردەمە و هەتا ئەمڕۆشـە، مامۆستا خەڵکی (بامەڕنـی) بوو، هەر کـە خانەی مامۆسـتایانی گوند (دار المعلمیـن الریفیة)ی لە (رۆسـتەمیە)ی بەغدا تەواو کردبوو، یەکسـەر لە (تەوێڵە)ی(هەورامان) وەک مامۆسـتا دەستبەکاربووبوو.. پاشان هاتە شاری(سلێمانی) و بووە دراوسێمان. ئـەو دەمە مامۆسـتای هونەربـوو، لە ئامادەیی پیشەسـازی، کە سـەرەتا لەو شـوێنەدا دەیانخوێنـد کـە پاشـان بووبوو بـە (گەراجی کارگێڕیـی ناوخۆ) و ئێسـتا(بەڕێوەبەرایەتیی رەگەزنامە)یـە، کـە تەنیـا(٢٠) مەتر لـە ماڵەکەیانەوە دووربوو، ئەم مامۆستایە یەکێکە لە رابەرانی هونەری شێوەکاری لەو شارەدا، شـان بە شـانی (حەسـەن فەلاح) و (خالید سـەعید) و (جەمال بەختیار).. جگە لـەوەی ئەم مامۆسـتا هونەرمەندە، بـووە بزوێنەری گیانی هونەری لە گشـت بوارەکانی هونەرە جوانەکاندا، بەتایبەتی هونەری شانۆ.. ماڵی ئەم هونەرمەندە، لانەی خوشک و براو برازاکانی و تەنانەت گشت ئەوانەی لەو دەڤەرەوە، چ بۆ خوێندن یان بۆ کارکردن roوویان لە سـلێمانی دەکرد، خوویەکی زۆر سـەیری هەبوو، بەبێ دەنگی(رادیۆ) خەوی لێ نەدەکەوت، گەر(رادیۆ)کەیان بکوژاندایەوە دەسـتبەجێ رادەچڵەکـی، دەبێ ئەوەش بڵێم لە هاویناندا، ئـەو (رادیۆ)یەی ئەو بووبووە رادیۆی مەملەکەتەکە، چونکە بمانویستایە و نەمانویستایە، هەر هەموان

گوێمان لێ دەبوو، ئەویش لە شیرینیی خەوی خۆیدا بوو.

***

ئەو گەراجەی (خۆجێیەتی)ی دراوسـێمان، هەر سـەردەمەو ئەرکێکی لە ئەستۆ دەنـرا، سـەرەتا، خوێندنی ئامادەیی پیشەسـازی، پاشـان گەنجینـە و گەراجی خۆجێیەتـی، پاش شۆڕشـی (١٤)ی گەلاوێژ، (دیلان) لـەوێ کارمەند بوو، هەر لەو شـوێنەش کەژاوەی ئاهەنگی بۆنەکان، بە تایبەتی (١٤)ی گەلاوێژ دروسـت دەکرا و هونەرمەندی پێشەنگ (جەمال بەختیار) وێنەی (عەبدولکەریم قاسم) و سـەرکەژاوەکانی دەکرد. ئێمەش بە دیارییەوە رادەوەسـتاین و بە حەپەسان و سەرسـوڕمانەوە، لە دەسـت و فڵچەکەیمان دەڕوانی، ژوور و بەرهەیوانەکەی (جوبرائیل تۆما) کە لێپرسراوی شوێنەکە بوو، ئەرکی ستۆدیۆی دەبینی.

پاش ماوەیەک بۆ یەکەم جار (پاس)ی گواستنەوەی ناوشار هاتە ئاراوە، ئیدی باس باسـی پاسەکان بوو، هەندێ پێیان دەگوت (ئەمانە) لەبەر ئەوەی لە بەغدا سـەر بە (ئەمانەی عاسـیمە) بوو، گوێم لە کەسـانێک دەبوو، ئەمەش نەکەن بە پاسـەکانی جەژن و تەپڵـی پێ لێدەن و (لە خڕەی نێڕی نێـڕی)ی تێدا بڵێنەوە، یان (ئەم بەر ئەو بەرە، ناسکە دولبەرە). بە ناوشارا دەیانگێڕان و خەڵکی وەک گەشـت و سـەیران سواری دەبوون. ئیدی بە پێی شـەقامە سەرەکییەکانی ئەو سەردەمەی شار، وێستگەی وەستانی پاسەکانیان دیاری کرد بوو.

ئەوەش هەزار و یەک کێشە و حەقایەتی لێ کەوتەوە، یەکێک لەوانە، لە بەردەمی دووکانی (ئەحە دێرە)ی خوارووی سابوونکەران، تەنیشت دووکانی (شمقار) و (کەریمە ڕەش)، خۆی پیاوێکی تا بڵێین دەمارگیر بوو، دووکانێکی سێگۆشـەی یەک مەتر و نیو دەبوو، دوو سـێ سەبەتەی بێ رزق، وێنەیەکی جوانی شێخی نەمـر، کە بەرامبەر خۆی هەڵواسـرا بـوو، زۆر جاریش (شـێخ لەتیفی حەفید) سـەردانی دەکرد و تەنیا ئەو کورسـییە دارینەییەی شـک دەبـرد بۆی دادەنا، خۆشەویستی بوو، لە دوورەوە دەزانرا ئەوە کاکە شێخە، چونکە ئۆتۆمبیلەکەی جیاواز بوو، ژمارەشـی (١) سـلێمانی بـوو، هەمووان کە بە لایـدا رادەبوردن، هەسـتێکی تایبەتیان بۆی هەبوو هەر چۆن یادگاری هەرە ئازیزی شێخی نەمر

بوو، زۆر کەس دەیپرسی: ئەوە چۆنە شێخ سەردانی ئەو کابرایە دەکات؟ بەڵام ئەوانەی شێخیان دەناسی، دەیانزانی حیکمەتی ئەو بەسەرکردنەوەیە چییە.
بـــە هـــەر حاڵ ئەم پاس هاتنەی شـــار، بوو بە دەرد و بەڵا بـــۆ ئەو دووکاندارە هـــەژارەی، خۆی لە خۆیدا نەبوو، ئەمەشـــی هاتە ســـەر، هـــەر خەڵک بوو، پەیتا پەیتا، لێیان دەپرســـی: ئەرێ خاڵە، پاسەکە نەهاتووە؟ دەمێکە رابوردووە؟ ئەی کەی دەگاتە ئێرە؟ ...
پـــاش ماوەیە پردی تەحەموولی دەپســـا، تووڕە دەبـــوو، نەخێر جنێوی دەدا، تا گەیشـــتە ئەوەی، کیلۆ و ئێزرەم و حۆقە و تای تەرازووی بۆ هەڵدەدان. ناچار لە داخی پاس ســـەری خۆی هەڵگرت و چووە شـــاری بەغدا، لەوێش گرگڕ، لە کۆڵانێکی تەنیشت گازینۆ (کندی) لە سەر شەقامی (جمهووری) دووکانۆچکەیەکی گرت بوو، دووبارە وێنەکەی شـــێخی نەمری لە ژووری ســـەری دانا بوو، ئەو گازینۆ و گەڕەکەش شـــوێنی کوردان بوو، بە تایبەتی کوڕ و کاڵانی ســـلێمانی، لەوێش سەیر لەوەدا بوو نەک پاس، پایسکیلیش بەو کۆڵانەدا نەدەچوو، تومەس لالـــە تووڕەکەی خۆمان، بەو تووڕە کردنە راهات بوو، بۆیە لەو بەغدا بەرینەدا ئەو شوێنەی هەڵبژارد بوو، لەوێش وەک سلێمانی سەریان دەکردە سەری.
هەر بەو بۆنەیەوە گەراجەکەی دراوسێمان، کرایە گەراجی پاسەکان، شەوێکیان درەنـــگ وەختـــان بوو بە هەرا و دەنگە دەنگ: ئادەی پێوەی نێ، بیگرن، رانەکا... گەورە و بچووکی مەملەکەتەکە بە ئاگا هاتن، زانرا: هاتوون پاسەکان بسووتێنن، بـــۆ بەیانی کەوتنە گرتنی چەنـــد عەرەبانچییەک. دیـــارە گومانیان لێ کردوون، لەبەر ئەوەی هەبوونی ئەو پاســـانە، واتە نانبڕینی ئەو کەســـانە، بە راستی لەو کات و تەمەنەدا هەســـتم بە کوێرەوەریی ئەو دە پانزە خێزانە هەژارە نەدەکرد.
هەتا ســـاڵی (١٩٧١) لە شـــاری بەغدا، لە شانۆی (بەغدا) لە لایەن تیپی هونەری نوێوە، شـــانۆی (ئەلشـــەریعە)ی (یوســـف ئەلعانی) نمایش کرا، باسی لە گرفتی بەلەمەوانەکانی رووباری (دیجلە) دەکرد، کە کاریان گواســـتنەوەی خەڵکی ئەم بەر و ئەو بەری رووبارەکە بوو، واتە بەری (کەرخ) و بەری (رەســـافە)، بەڵام دروســـت کردنـــی پردی نێـــوان ئەم بەر و ئەو بەر، بۆ خەڵکـــی پیت و فەڕ بوو،

بـۆ ئەوانیـش نانبڕین و کوێرەوەری. هـەر لە کاتی نواندنەکەدا، رووخسـاری بەلەمەوانە کلۆڵەکانی سـەر شـانۆم لێ بووە روخساری عەرەبانچییەکانی ئەو رۆژانەی شـارەکەم، ئەم جارە کاردانەوەی شـانۆییەکە بۆ من دوو ئەوەندەی هەموو بینەرانی ناو هۆڵەکە بوو، منیش لە تەک (سامی عەبدولحەمید)ی ئەکتەری کەسـایەتیی ئەو بەلەمەوانەدا، بە کوڵ گریام، بە تایبەت لەو ساتەدا، کە هەواڵی پـێ درا منداڵیـان بوو، ئەو منداڵەی کە بە کامـی دڵ عەززرەتخوازی هاتنی بوو، کە بیستی بەلەمەوان لە خۆشیاندا خەریک بوو شامەرگ بێ، بەڵام کە بیری لە ئاییندەی بێ نانی خۆیان کردەوە، دایە پڕمەی گریان.. لەو لاشـەوە (عەبوودی) جرتی بێ هوودەیی لێ دەدا.

***

چلەی زستانی ساڵی (١٩٥٩) بوو، ساڵێکی تەڕ و تووشی و گەلێک سەخت بوو، بەفر و رەشەبا و چلوورەی شۆڕ بووەوە بە گوێسەبانە و دار ئەلەکتریکەکاندا، زوقـم شـەختە رێگاوبانی گرت بوو، هـەر خەڵک بوو زرمەی لێ هەڵدەسـا و دەسـت و قاچی دەشـکا، دەنگ بڵاو بووەوە کە سبەینێ یاریی فتبۆڵە لە نێوانی هەڵبژاردەی شـاری سـلێمانی و هەڵبژاردەی گەلی (جەزائیر). ئەو دەمە هێشتا یاریگەی (ئیدارە مەحەلی) دروست نەکرا بوو، لە خوارووی رۆژئاوای گەڕەکی (چوارباغ)ـەوە، دەشـتێکی کاکی بە کاکی بوو، تەنیا گوڵاکانی هەبوو، خێرا هەر ئەو بەیانییەی یارییەکە دەکرا، چی (کا) لە مەیدانی کافرۆشانی شاردا هەبوو کە بەرامبەر گەرماوی (سوورەت) بوو، گشتی بە پشتە تراکتۆر بۆ یاریگەکە کێش کرا، تا سـاتی یارییەکە ئامێـری کوتاندنەوە (حادیلـە) زەوییەکەی بۆ یارییەکە خـۆش دەکرد. رەنگە ئەو بینراوی (کا) رشـتن و کوتاندنەوەیە یەکەم جار بوو بێ، (کا) دیاردەیەکی بەکارهێنانی زستانەی ئەو ساڵانەی (سلێمانی) بوو، دەبوو هەمـوو ماڵێکیش لە پاییزەوە مشـووری (کا) و (باگردێن) و (بانگوش) بخوات. پەیتا پەیتاش جگە لەوەی وەک (ئالیک) بەکار دەهێندرا،دەبوو لەو مەیانە بکرێت، بـە هەر حـاڵ ئەو فتبۆڵێنە لـەو رۆژانی بەفر و بەسـتەڵەکەدا، (کا)ی لە شـار بڕی، بەر لە یارییەکە، بەو سـەرما و سـۆڵ و بەفر بارینە، زۆربەی گەنجان و

مێردمنـــدالآن لە چــوار دەوری یاریگەکە گرد بوونەوە، یاریزانەکانی ســلێمانی بریتی بوون لە (فایەق تایەر، هنوود ســالّح، یاســین حەمە سالّح، عومەر عەزیز، مــەلا قادر، فایەقە رەشــی گوڵچی، قادر کەریم، عەزیز کوردی، ســتار کوردی، تالیــب ســەید عەلی، محەمەد فەتــاح). دیارە چەند یاریزانێکــی کەرکووکیش بە هانای ســلێمانییەوە هاتبوون، (موتەسەڕیف)ی سلێمانی (عەقید عادل جەلال) و بەرپرســانی وەرزش ئامادە بوون وەک خوالێخۆشــبووان، کاکە (فایەق سەعید قەســاب) خۆشەویســتی شار و دڵسۆزی وەرزش، مامۆســتا (سالّح ئەفەنی) و مامۆستا (عەزیز ئەفەنی)، هێندەی نەبرد هەمووان سەرتاپایان بووبوو بە قوڕ و بەفر، بە تایبەت، خوالێخۆشبوو مامۆستا (فایق) کە دەتگوت هەر بە ئەنەقەست، وەستای قوڕکاری سواغی داوە، تەنیا ددانەکانی سپی دەچوونەوە، بەڵام جوانی و گەرم و گوڕی و ئاست بەرزیی یارییەکەی کارێکی ئەوتۆی کرد، نە بەفر و نە سەرما و تەزین کارمان لێ بکات، جگە لەوە ئێمە ملپێچی خوریی ئەستوورمان، بە جۆرێ لە ســەر و مل شــەتەک دا بوو، دەتگوت هەنگ دەبڕین، یان بۆ دزی دەچیــن، یاریی کۆتایی پێ هــات، (جەزائیر) بردییەوە و (ســلێمانی) یەک گۆڵی لێ کردن، کە بە ســەرکەوتن دادەنــدرا، هەرچەندە ئەوان (نۆ) گۆڵیان کرد بوو. پاش یارییەکە مندالآنی گەڕەک چووینەوە و بەو ئێوارەیە، جۆشمان سەند بوو، تۆپمــان هێنا و گەرم بووین بە لاســایی کردنــەوەی هەڵبژاردەکەی (جەزائیر)، ئەوان، هەموویان ســەریان بە گوێزان ســفر کرد بوو، بەرگیشــیان کەســک و ســپی بوو. بە هاوڕێکانم، ئەندامانی تیپە لاکۆڵانەکەمانم گوت: بەیانی هەر زوو هەمووتان کۆبنەوە وەک یاریزانەکانی (جەزائیر)تان لێ دەکەم، دەتانبەم بۆ لای (مام یونس)ی سەرتاش، کە ئێمە سەرمان لا دەتاشی، دووکانەکەی لای (گومرگە سووتاوەکە) بوو، باوکم شیری دایکی خوارد بوو، بەیانی هەر هەمووم بردن بۆ لای (وەستا یونس) گوتم: مامە یونس، باوکم سەلامی لێ دەکردی، سەری خۆم و ئەم برادەرانەم بۆ ســفر بکە. حەپەســا و گوتی: بۆچی؟ خۆ بۆ ســەربازیتان نابەن، ئێوەش لەوانە نین ئەســپێ و ڕشــک لە ســەریان دابن و لە قوتابخانەوە ناردبێتیتــان؟ گوتــم: نەوەڵــلا، ئێمە تیپــی فتبوڵێنانمان هەیــە و ئەمانەوێ وەک

ئەوانەی (جەزائیر)مان لێ بێت، ئیدی یەکەم کەس، سـەری خۆمی (سـفر) کرد، هێنـدەی نەبرد هەر هەموومان بە سـەری لووسـەوە گەڕاینەوە ماڵێ، ئەوسا مشـووری کراسی کەسـک و سـپیی (جەزائیر)مان خوارد، کە ژنێک ماڵی لای قوتابخانەکەمانـەوە بوو، بۆی دوورین هەر کە کراسـەکانمان وەرگرتەوە، هەر لەو شـوێنەوە لەبەرمان کرد وا بزانم شـەویش بەو سەرمایە، هەر دەمانویست پێـوەی بخەویـن، کە لە خۆم دەڕوانـی، ئەوانمان وەبیر دەهاتـەوە. هەرچەندە ئێمە، ئەو دەستە مێردمنداڵە، بە تایبەت کە بە یەکەوە دەگەڕاین، مایەی سەرنج راکێشـانی خەڵکەکە بووین، ئیدی تانە و تەشـەر و توانجیان تێ دەگرتین. ئەو دەمە وا باو بوو، کە قوتابیان دەچوونە سـەیرانی بەهاران، رۆژی لەوەو پێش لە ترسـی باران بارین، نەبادا سـەیرانەکەیان لێ تێک دا، ناوی پەنجا کەچەڵیان دەنووسـی و بـە لقی درەختێکـدا هەڵیان دەواسـی، گوایە ئەو کەچەڵە لیسـتە بەفریادیان دێت و بەیانی سـایەقەی سـاماڵ دەبێت. بۆیە بە شـۆخی و لاقرتێ پـێ کردنـەوە دەیانگوت: بە خوا یەکاو یەکن گەڕان و خۆماندوو کردنی ناوێت، کەچەڵە لیستێکیان پێ پێک دێ. بەڵام چونکە خۆمان بەو یاریزانانە دەزانی، هیچ باکمـان لێـی نەبووە، ئەو بەفر و یارییە بووە وێردی سـەر زاری هەمووان، بە تایبەت، مێردمنداڵان و گەنجان و سەرجەم وەرزشوانان. ئەوانە رۆژانێک بوون، بازیان بە سەر، بزر بوون و سڕینەوەدا دا بوو، رۆژانێ بوو، مامۆستا (یاسین حەمە سـاڵح) نموونـەی باڵی وەرزش بوو، بە شـەهید کردنی لـە حوزەیرانی (١٩٦٣)دا ئەسـتێرە گەشـەیەکی نازداری گەلەکەمان لە ئاسمانی وەرزشدا ئاوا بـوو. دەکـرێ لەبیر بچێتـەوە؟ هەرگیز لە یـاد ناکرێت و لـە چوارچێوەی ئەو شتانەدا کە ناسڕێنەوە و نەخشی هەتا هەتا بن لە زەینی من و شارەکەمدا.

هەر لەو ساڵەدا تیپێکی فتبۆڵ لە گەڕەکەکەماندا دامەزرا، منیش بوومە ئەندامی ئـەو تیپـە ناوی تیپی برووسـکە بوو، بـە تەمەن لە هەموویـان گچکەتر بووم، دووکانێکیـان کـرد بووە بـارەگا، دار و دیواریان کرد بوو بـە وێنەی رابەرانی (کۆمۆنیست)، لە چەندین وێنەی (مارکس) و (ئەنگلیس) و (لینین) و (ستالین) و (کاسـترۆ)، هەتا (خۆرۆشـوف)، ئێمەش لە ماڵەوە وێنەیەکی نازداری (بارزانیی

نەمر)مـــان هەبوو، کە لە (ســـۆڤیەت) بە چاکەت و پانتۆڵەوە گرتبووی دەســـتی راستی لە سەر دڵی دانا بوو، هونەرمەند (حەمە سالّح دیلان) کە فەرمانبەر بوو لـــە گەنجینە و گەراجی (ئیدارە مەحەلی)، و دراوســـێمان بـــوو، دابووی بە کاک حاجـــی محەمەد ســـەرداری برام، منیش وێنەکەم هەڵگـــرت و بردم بۆ بارەگای تیپەکە، کورسییەکم راکێشا و چووم سەری، وێنەکەم لە سەرووی هەمووانەوە دانـــا، زۆر دڵم بـــەو کارەم خۆش بوو، بەڵام ئـــەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد، ئەو سزایە بوو کە بۆ رۆژی دوایی دایانمێ، ئەویش دەرکردنم بوو لە تیپەکە، ئەوە یەکەم ســـزا بوو کە دابوویانم، ســـزا لەســـەر خۆشەویســـتیی (بارزانی)، لەگەڵ ئەوەشدا هەستم بەوە کرد (کە هەم)، ئەو خۆشەویستییەی مێردمنداڵی گەورەتر بوو منیشی گەورەتر کرد.. ئەو سزایەش چووە ئەلبوومی زەینەوە، کە هەرگیز ناسڕێتەوە ...

***

قوتابخانە، بە تایبەتی ســـەرەتایی، بە رادەیەک لە زەیندا تۆمار و چەسپ دەبێ، فراوانترین پانتایی، هەر چۆن رۆژانی منداڵی، لە هۆش و گۆشـــدا داگیر دەکات و نـــەک هەر بـــە زیندوویێتی دەمێنێتـــەوە، بگرە جوانتر و مزرتـــر و رەنگینتر و شیرینتریش دەبێ، ئێستاکەش، نەک کە بە لای قوتابخانەکەی سەرەتاییدا گوزەر دەکـــەم، بەڵکـــوو هـــەر کە ناوەکـــەی بە بیرمدا دێ هـــەر هەموو دێنـــەوە یاد و روژانـــێ لە دووتوێی ئەلبوومـــی یادگارەکانی رۆژانی تەمەن تەی دەکات، خودا شایەتە هەژانی وا بە گوڕ و تین نەبوو بێ، بووژاندنەوەی سەرجەم هەستەکانە لە ســـای ئەو ســـاتە یادەوەرییـــەدا، بۆنی تەباشـــیر و قەڵەم دادان و لاســـتیکی ســـڕینەوە، دەنگی زەنگ و وانە وتنەوە و.... تەنانەت بۆنی شـــیری کولاّو –ئەو ســـالانە شـــیریان بە قوتابیان دەدا و دەبوو هەر قوتابییە دۆلکەیەکی فافۆنی بە پشـــتێنەکەیەوە بکردایە– جگە لەوەی بۆنی ئەو رۆن ماســـییەی، کە دەیاندایێ، قوتابیی چەتوونی ئەوتۆ هەبوو، دەیخستە سەر ئەو سۆپایەی لە ناو قەفەزێکی ئاســـنین لە گۆشـــەیەکی پۆلەکەدا بوو، بۆنی نەوت و رۆن ماســـیی ســـووتاو، مامۆســـتاکانی ناچار دەکرد، بەو زســـتانە ســـارد و تەڕ و تووشـــانەی جاران،

لەگەڵ کردنەوەی پانکەدا سەرجەم پەنجەرە و دەرگاش بکرێتەوە، لەو لاشەوە دار و فەلاقە ئامادە بوو.
قوتابخانەکەمان، قوتابخانەی (ئەیوبیە) بوو، لە سەر تابلۆکەی نووسراوە، ساڵی (١٩٢٤-١٩٢٥) دروست کراوە، واتە لە قوتابخانە هەرە دێرینەکانی سلێمانییە، یەکەم بەڕێوەبەرمان مامۆستا (جەمال سەلیم) بوو، چونکە پێشتر ئەفسەر بوو، بەیانیان کە ریز دەکراین و ئاڵا هەڵ دەکرا، گەلێک گوشاد دەبوو، جارانی ئەفسەریی خۆی دەبینییەوە، وای دەبینی لە بەردەم لەشکرێکی سەربازیی (کۆماندۆ)ی ئەڵمانیایە و مەشقی تەیار کردن و خوێن گەرمیی بەرەنگار بوونەوەیەکی گەورەیان دادەدا، هاواری دەکرد بێچووە شێرانی وەتەن وریا بن، پشوو بەن.. نیوەی گەڕەکی (چوارباغ)ی بە ئاگا دەهێنا، سروودمان دەگوتەوە، گەلێک جار دەمەتەقێ جوانەکەی (بێکەس)مان دەنواند:

تۆ چیت؟ من کوردم، نەتەوەی گوردم
خۆ ترسنۆک نیت؟ حاشا نەبەردم
چی تۆی لەناو برد؟ دوودڵی و نیفاق
چۆن رزگار ئەبی؟ هەر بە ئیتتیفاق
بڵێ چیت ئەوێ؟ بەرزیی وەتەنم
بە خۆڕایی نا، بە گیان و تەنم
چیت لە بارایە؟ خۆ فیدا کردن...

پاشان زانیم ئەو سروودانەی (زێوەر) و (بێکەس) چ کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر هزری کوردایەتیمان هەبوو، پێشینان، رەحمەت لە گۆڕیان، دەیان گوت: (هەر دەوەنە و دەبێ بە دار) بەڵێ وا دەرچوو، کاتێک لە وێنەیەکی ئەو ساڵەی لە پۆلی چواری سەرەتاییدا بووم، لە هاوڕێکانم دەڕوانی، بۆم دەرکەوت، پتر لە نیوەیان لە رێگای کوردستاندا شەهید کراون.
ئەو قوتابخانەیەمان، لە قوتابخانە سەرکەوتووە دیارەکانی شار بوو، بە تایبەت لە بواری چالاکییەکاندا، وەرزش و هونەر، چالاکیی دیدەوانی، زیاتر مامۆستا (جەمال ئاغا) سەرپەرشتیی دەکرد، دەبێ ئەوەش بڵێم، لە سەردەمی مامۆستا

(ڕەشیّ فەنی مەلا عەلی سەرکارێز)دا خوا لێی خوش بێ، کاتێ بەڕێوەبەر بوو، مامۆستایەکی ئەدیب و کوردپەروەرێکی بێ غەل و خەوش بوو، تیپی دیدەوانی لە قوتابییەکان هەڵبژێردرا، منیش کە لە گشتیان گچکەتر بووم، بەشدارییان پێ کـردم، کە دەڵێم گچکە بـووم، ئەو دەمە زۆربەیان، یان لە دەرەوەی شـارەوە هاتبوون، یان ئەوەتا لە خوێندنی حوجرە و مزگەوتەوە خرابوونە سەر خوێندنی قوتابخانـە، لـە بیرمە، لـە پۆلی چواری سـەرەتاییدا بـووم، زۆربەیان ڕیش و سـمێڵیان هاتبوو، دووان سـیانێکیان خاوەنی ژن و منداڵ بـوون. بە هەر حاڵ کرامە دیدەوان، وا ڕێکەوت (مەلیک فەیسـەڵی دووەم) سەردانی سلێمانیی کرد، ئێمەشـیان بردە دەشتی وەیس، کە دەرەوەی شار بوو، واتە بەرامبەر بارەگای (لقی ٤ پ. د.ک)ی ئێستا، بەڵام با بۆ خوا بڵێم، چۆن دیدەوانێک بووم، وێنەیەکی ئەو پێشـوازییەم هەبوو، ئافەرین بۆ دیدەوانییەکەی من! لە پێشـوازیی خاوەن شکۆدا دانیشتووم و خەوم لێ کەوتووە!!

زۆربەی قوتابیانی ئەو سـەردەمە حەزیان لە کڵاو لە سـەر کردن و بەسـتنی پشتێنی تەرەقدار و لەبەر کردنی جلی کوردی بوو، بڕیارێک هات، کە ئیدی نابێ قوتابی بە پۆشاکی کوردییەوە بێتە قوتابخانەوە.

دەبـێ چاکـەت و پانتۆڵ لەبەر کەن، ئەمە بووە گرفتـی زۆربەی قوتابییەکان و بەرگی ئەفەندیانەیان بە لاوە سـەیر بوو جگە لەوەی بەرگە کوردییەکە توند و تۆڵ بوو، لە هەمان کاتدا جێگای کتێب و دەفتەر و زۆر شـتی دیکە بوو، ناچار هـەر یەکـە چاکـەت و پانتۆڵەکەی لـە توورەکەیەک دەنا و بەر لـە چوونە ناو قوتابخانەوە بەسەر پۆشاکە کوردییەکەدا، لەبەریان دەکرد.

***

چەپڵەرێـزان و کـەف و کوڵـی شۆڕشـی(١٤)ی گەلاوێـژ هێندە بـڕی نەکرد، کارەکە ئاڵۆز بوو، کورد چەکی لە شـان کرد و پێشـمەرگە لە سـای شۆڕشی ئەیلوولدا لەدایک بوو، هێرشـی سوپای عێراق و چەتە چڵکنە (ئەو ناوە تایبەتی خیانەتکارانـی جـاران بوو) لە زەوی و ئاسـمانەوە دەسـتی پێ کرد، هەسـتی شـۆڕش و کوردایەتیمـان سـەری هـەڵ دا، پەیوەندیمان بـە ڕیزەکانی پارتی

دیموکراتی کوردســتان و یەکێتیــی قوتابیانی کوردســتانەوە کرد، جگە لەوەی حەفتانــە، یان مانگی دوو جار کۆبوونەوەمــان دەکرد، بووبووینە چاو و گوێی شــۆڕش لە ناو شاردا. ســەرەتا هەمووان بەبێ ســڵ کاریان دەکرد، ئەو دەمە پێشمەرگە بێ ترس دەهاتە ناو شارەوە و هاتوچۆی دەکرد، پەیتاپەیتا کۆمەک، چ بە جلوبەرگ و پەتۆ و خۆراک بۆ دەرەوە دەنێردرا، حکوومەت نەیدەهێشــت کیلۆیەک شــەکر و چا بگاتە دەرێ، ئابڵووقەیەکی چڕی بە دەوری شــارا تەنی بوو، بە تایبەت لە هاتنی گورگی دووپێی ترســنۆک (زەعیم ســدیق مستەفا) کە بە گوند و حاســڵات سووتاندنەوە نەدەوەستا، بەڵکوو مزگەوت و مەلا و ژن و منداڵ و خەڵکی بێ چەکی دەکوشت و ماڵ و مەڕ و ماڵاتی تالان دەکرد.

ســاڵێکیان ئەم (زەعیم ســدیق)ـە، بە یەک تیپ(فرقە) ســەربازەوە بە هەمەجۆر تانــک و زری پــۆش و بە هەمەجۆر فڕۆکەی جەنگیی رووســییەوە و چی تۆپ هەیە، پەلاماری شــاخی ئەزمڕی ژووررووی سلێمانیی دا، ئەرز و ئاسمانی کرد بــووە جەهەنم، لە کاتێکدا تەنیا یانزە پێشــمەرگەی پێوە بوو بە چەند تفەنگێکی شــەق و شــڕ و فیشــەکی چرووکەوە، بەڵام چونکە بڕوایان پۆڵایین بوو، بۆیە هێندەی سەد تیپی ئەوان بەهێز بوو، چیای سەختی سەرکەشی ئەزمڕ بووبوو، بــە دوانــزە چیای لە ئەزمڕ باڵاتر، بۆیە شــەوان ســوپاکەی عێراق پاشەکشــێ لــێ دەکرد و منداڵانی شــارەکەش، بە تایبەتی منداڵانــی مەڵکەندی بە لاقرتی و گاڵتــە پێ کردنەوە، گۆرانیی (ئەزمڕ ئەزمڕ)یان بۆ دەوتنەوە، ئەم هێرشــە هەتا هەفتەیەکی خایاند و هەر نەگەیشتنە سەر ئەزمڕ و منداڵە وردکەش بەزمەکەی خۆیــان دەگێڕا و گاڵتەیان بە تەقە لێ کردنەکانیان دەکرد، ناچار ئەو رقەیان بە خەڵکی دەڕشت...

یەکــێ لــەو پێشــمەرگانە خاڵۆزایەکی من بوو، شــەهید (نــەوزادی عەلی ئاغا) گێڕایەوە و وتی: پاش ئەوەی ســوپاکە هیوابڕ بوو، ئێمە ســەنگەرەکانمان چۆڵ کرد بوو، بەڵام ترسێکی وا لە زەعیم و سوپاکەی نیشت بوو تا مانگێکیش نەیان دەوێــرا روو لەو نــاوە بکەنەوە، رقیان لە خۆریش دەبوویەوە، چونکە لەســەر ئەو کەل و دوندەوە گزنگی دەدا، بۆ مێژووش دەبێ ئەوە بە نەوەکانمان بڵێین:

لەو رۆژەوە سوپای عێراق دامەزراوە، لە یەکەم پێکهاتەیەوە کە فەوجی ئیمام مووسای کازم بوو، لە شەڕی (بازیان)دا بەرامبەر شێخی نەمر بەکار هێنراوە، پاشانیش لەگەڵ دەست پێ کردنی شۆڕشی بارزان کاری لێدانی کورد بووە و سەراپای مێژووە رەشەکەی بریتی بووە لە کورد کوشتن و کوردستان وێران کردن.

یەکێ لەو بیرەوەریانەی ئەو سالانەی خوێندمان، ئەوە بوو واژوی مامۆستایانیان بۆ پشتگیری کردن لە وێرانکارییەکانی حکوومەت کۆدەکردەوە، مامۆستایەکانیان بانگ کردە ژووری بەڕێوەبەر بۆ ئەوەی ئەو کارەیان پێ بکەن، تاوێکی نەبرد، مامۆستایەکمان هەبوو، عەرەب بوو، شاعیر بوو، لە هاوڕێیانی حیزبی شیوعی بوو، پیاوێکی کورتە بالای سمێڵ گەورە، خالێکی کوتراو بە رووخسارییەوە بوو، زۆر جار لە گۆڤاری (ئەلئەدیب) و (فسووڵ ئەلئەربەعە) شیعر و نووسینم دەخوێندەوە، بە شپرزەیی و گرژی و تووڕەیی هاتە دەرەوە، بە عەرەبی دەینەڕاند ئەگەر دەیگوت بشمکوژن چۆن پشتگیری لە شەڕی کوردکوژی و کوردستان وێران کردن دەکەم. ئێمەش ئەو دەمە کە ئەندامی شانەی سەرەکیی پارتی بووین قوتابییەکانمان هان دا، بیکەنە چەپلەڕێزان بۆی و با بژی، بە ڕاستی پالەوانێکمان بینی، بەژنی بەسەر کوردستاندا دەیڕوانی، ئیدی بردیان و تا سالانێکی دوور و درێژ نەمانبینییەوە، بەلام هەمیشە لە زەینماندا ئامادە بوو، بە مامۆستا ئازاکەش ناومان دەبرد... لە تەمەنی هەرزەکارییەوە خولیایەکی بێ ئامانی ئەدەب لە کەللەی دابووم، لە خوێندنەوەی شیعرەوە، زۆر بە خەستی ئارەزووی خوێندنەوەی رۆمانم دەکرد، ئەو دەمە هێشتا وەکوو لە ئەدەبیاتی کوردیدا جێگای خۆی نەکرد بوویەوە، ئەوە لە یادمە، خزمێکمان دوو سەفتە رۆمانی (پێشمەرگە)ی (رەحیمی قازی)ي هێنایە مالمان و لە پڕا قەدەغە کردنی هاتوچۆ جاڕ درا. ئیدی کەوتنە گیانی خەلکەکە و نزیکەی دوو سەد کوردیان کردە قوربانی، خەلکەکە شپرزە بوون بۆ حەشاردان و شاردنەوەی کتێب و چەک و هەموو ئەو شتانەی حکوومەت لێی دەسلەمییەوە، ئای گەرماوی جەهەنەمی پێ داخرا و گەرم کرا، بۆیە ئێمەش بەر لەگشت شتێ چالێکیان

هەڵکەند و کتێبەکانمانی لە ناو مشـــەمایەک نا و گڵمان کرد بە ســـەرا، هەتا ئەو دانوســـانەی کرا، لەگەڵ هەڵدانەوەی تەرمی بەختبووانی کوردســـتاندا لە دەیان ماڵی شار هەر چۆن (حوسێن عارف) واتەنی: چاڵی جەرگی پیرێژنی، چاڵەکانی زیندە بەچاڵ کردنی کتێبیش سەری هەڵ دا و کتێبەکانی ماڵی ئێمەش بە کتێبی (پێشمەرگە)ـەوە شێی زەوی زەفەری پێ برد بوو، ئەوانیش بوونە قوربانی...

لە ســـەروو ئەمانەشـــەوە، لە هەمووی ســـەیرتر، ئەوا هاتوچـــۆ قەدەغەیە، نەک مرۆڤ پشـــیلەی پشیلە ئاسا دەرکەوتایە دەســـتبەجێ دەستدرێژیان لێ دەکرد، لە دەرگا درا، وامانزانی ســـەربازەکانە، تومەس ژنێکی ناســـیاو بوو، خێرا خۆی فڕێ دایە حەوشەکەوە و ئامێرێکی (تایپ)ی گەورەی لە بن هەنگڵ لە ژێر (عەبا) کەیدا دانا بوو، وتی: بە قوربانە ئەمە با لە ماڵەکەتاندا بێ، دایکم پێ گوت: باشە مێردەکەت پارێزەرە، ئاســـاییە لە ماڵتاندا بێ، بەڵام ئێمە بڵێین چی؟ جگە لەوەی تۆ بەم رۆژە وێراوتە بەم (مەتبعە)یەوە بێتە دەرێ، کەواتە لەوەش مەترســـە و بیبەرەوە.

***

# سیانەی مایەی وەرچەرخان

■ ١

■ نەخش و نیگار

هەنـدێ رووداو لـە ژیاندا، بە تایبەت لـە تەمەنی مێردمندالّـی و لاوێتیدا، نەک هەر لە زەیندا دەژین و دەگەشـێنەوە، بەڵکوو مایەی وەرچەرخانن لە بونیادی مرۆڤدا، کاریگەریی گەورەی لەسەر ئایندەیشی دەبێت.

سەرەتا لە پۆلی یەکی ناوەندی بووم، لە قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانیی کوڕان، هونەرمەندی نیگارکێشـی گەورە خوا لێ خۆش بوو مامۆسـتا (ئازاد شـەوقی) وانـەی هونەری پـێ دەگوتین، خۆشـمان دەویسـت، کانگای هونـەر و ئیلهام بەخشی هونەر بوو بۆمان، تەنانەت کە واژۆی لەسەر پسوولەی ئامادە نەبوونی قوتابییـەکان دەکرد، هەمووان بە چاوی سەرسـوڕمانەوە لێمـان دەڕوانی، کە چۆن جوان پۆشییەکەی، کە بە جوانی رەنگەکانی دەگونجاند.

رۆژێکیـان فەرمووی: دەمەوێ هەر قوتابییـەک تابلۆیەکی نەخش و نیگار، یان رەوانترە بڵێین، تابلۆی نەخشاندن (زەخرەفە) دروست بکات، من پەنجەی دەستە

راســتم بەرز کردەوە: ها بابە؟ گوتم: مامۆســتا، جگە لــە بەکارهێنانی رەنگ و قەڵەمی رەنگین، بە کەرەسەی دیکە دەکرێ بیکەین؟ فەرمووی: ئافەرین بە هەر کەرەسەیەک بێ، گرنگ و مەبەست دروست کردنی تابلۆ نەخشاندنەکەیە.

هەر ئەو ساتە بیرم لە کوتاڵ بەکارهێنان کردەوە و کاک (مەدهۆش)ی ئامۆزای باوکــم هاتــە بەرچاوم، کە ئــەو دەمە دەســتبەرداری بەرگ دوورینــی پیاوانە بووبوو، دەستی دابوویە دوورینی بەرگی خانمانە.

پاش نیوەڕۆ چووم بۆ دووکانەکەی، کە لە ســەر شــەقامی مەولەوی بوو، بە روویەکی خۆشەوە پێشوازیی لێ کردم، پاشان داوای سەرە پەرچەمم لێ کرد، مەبەستەکەشــم تێگەیاند، ئەویش دەســڕۆکەیە ســەرپارچەی هەمەرەنگی دایە دەستم و نامە بن هەنگڵم و بە دڵێکی خۆشەوە رووەو ماڵ بوومەوە.

کەوتمە خولیای بابەتی نەخشاندنەکە، ئایە رووەکی بێ؟ ئەندازەیی بێ؟ ئاژەڵی یا باڵندەیی بێ. ئاکام دەورە خولە و گەڕان گەڕان لەسەر دروشمی کۆماری عێراق گیرســایەوە، کەوتمە جیا کردنەوەی ســەرە پارچەکان، بەپێی رەنگەکان، لەگەڵ رەچاو کردنی جۆر و ئەســتووریی کۆتاڵەکان، ئەوسا دەستم کرد بە خانەخانە کردنی چوارگۆشە شێوە لەسەر مقەباکە، بەپێی ئەندازەی نەخشەکەش، دەستم بە بڕینی کرد و بە کەتیرە چەســپم کرد، پاشــان بە نایلۆنێکی روون دامپۆشــی و ناوی خۆم لەســەر پشتەکەی نووســی. ئیدی رۆژی خۆی هات، ئەو رۆژەی کە خواخوای هاتنی بووم، نامە بەردەســتی مامۆســتا ئــازاد، لێی وردبوویەوە، نایلۆنەکــەی لــێ کــردەوە و بە چاوێکی خۆشەویســتی نوێنەوە ســەرنجی دام و خەندەیەکــی شــیرینی بۆ کــردم، ماوەی پتر لە دوو هەفتەی بەســەردا چوو، بانگی کردم بۆ ژووری بەڕێوەبەر و مژدەی دامێ کە تابلۆکەم لەســەر ئاســتی عێــراق خەڵاتی یەکەمینی وەرگرتووە، کاتێ لە ژووری بەڕێوەبەر هاتمە دەرێ و مامۆســتاکەم تەوقــەی لەگەڵ کــردم، قوتابییەکان ســەیریان دەکردم و هەر هەموویــان لە بازنەی پرســیارێکدا گیــر بووبوون: بۆ بانگ کــرا بووم؟ بەر لە کردنــەوەی زاری پرســیاریان، خــۆم پێ نەگیــرا و بە دەنگی بــەرز گوتم: ئەو تابلۆیــەم (هەبوو فشــەی پێ دەهات) لە ســەر ئاســتی عێراق پلــەی یەکەمینی

وەرگرت. پاشـــان بۆ رۆژی دوایی، لەو بڵاوکراوەی دیوارکۆیەدا، کە مامۆســـتا ئازاد بڵاوی دەکردەوە، هەواڵەکەی تیادا نووســـی بـــوو، بڵاوکراوەیەکی پوخت هونـــەری بـــوو، هەر کە دەچوویتـــە هۆڵی دووەمی قوتابخانەکـــەوە، بە دیواری دەستە چەپدا هەڵواسرا بوو، بەردەوام تابلۆی (ڤان کوخ)ی تیادا بوو، بە تایبەت ئەو تابلۆ شاکارەی، ناوی (کێڵگەی گەنم و داڵەکان)ە، ئەو تابلۆیەی (ڤان کوخ) بەر لە خۆکوشـــتنی بە ماوەیەکی زۆر کەم کێشـــاویەتی، واتە لە مانگی یۆلیۆی ساڵی (١٨٩٠)، نزیک شارۆچکەی (ئۆڤیم- سور- ئاواز)، لە هەمان شوێنی وێنە کێشانەکەیدا، ئەو تابلۆیەی، دوایین ساتەکانی ژیانی دەنوێنێ، بە تایبەت، ئاڵۆزە باری دەروونییەکەی. مامۆســـتام ناهەقی نەبووە، هێندە شـــەیدای ئەو تابلۆیەی (ڤان کۆخ) بووە، پاشان بۆم دەرکەوت، هەر ئەو تابلۆیە ئیلهام بەخشی چەندین مەزنە شـــاعیر بووە و بە شـــیعر کێشـــاویانەتەوە، بۆ نموونە خانمە شـــاعیری هۆڵەندی (ئانا بۆگۆ نۆفسکا)، لە بارەیەوە چامەیەکی نووسیوە، لە دەروەوەکەیدا دەڵێ:

(کێڵگەی گەنم و داڵەکان،
لێدانی دڵ و پەڕەمووچ .
هەورەکان چون زنجیرە
یەک بە دوای یەکدا دێن...
زەوی کەسک رەنگ،
لە هەناسە داندایە و
شەپۆلی گەنمە لافاو،
چاوان نوقم دەکات
داڵەکانیش سووتوون،
خاکە خەڵووزن،
ئەوەی پاشماوەی نەمانە،
رووخساری خۆر دادەپۆشێ..
تۆش ئەی (ڤان کۆخ)

گرێی ڕەنگەکان تەسکتر دەکەیتەوە و
پتر دەیانهێنیتەوە یەک...)

❊❊❊

■ ٢

■ شـیعر

لــە ڕۆژانــی مێردمنداڵیمدا خولیای شـیعر لــە کەللەی دابووم، گشــت جوانی و هونەرێکــم لە دنیای شـیعردا دەبینییەوە، چاپەمەنیی کـوردی دەگمەن بوو، لە لای ئێمە لە سـاڵی (١٩٢٢)ـەوە چەند دیوانێکی شـیعری بە کۆششــی (کوردی و مەریوانــی) لــە بەغدا چاپ کراون، لە هەمان ســاڵدا دیوانــی (مەحوی)یش لە سلێمانی لە چاپخانەی (حکوومەت) چاپ کراوە، بەر لەوانە چەند دیوانێک، وەک (دیوانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی) چاپ کراون.

دیارە هەر لەبەر هەژاریی چاپ و چاپەمەنیی کوردی، مامۆستا (نەجمەدین مەلا) ی خاوەنی (کەشتیی نوح)، بە دەستخەتە جوانەکەی لە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەدا بوو، چەندین دیوانە شیعری، پتر لە پەنجا ژمارەی لێ نووسیونەتەوە، شەیدایانی شیعریش بە پەرۆشەوە هەڵپەیان بوو بۆی، من بەش بە حاڵی خۆم (ڕوحــی مەولەوی) و چەند دەستنووســێکی دیکەیم هەبوو، گــەر بەراوردێکی ئەمڕۆمان لە تەک ئەو ساڵانەدا بکەین، تەنیا بە یەک ساڵی ئەمڕۆکەمان، پتر لە چاپکراوەکانی شەست حەفتا ساڵی ڕابردوومان کتێبمان چاپ کراوە.

ئەو ســەردەمە هاوتەمەنەکانمان، مەراقی دروســت کردنی کەشکۆڵە شیعریمان هەبــوو، کە بە هەمەجۆر هەڵبژاردەی شــاعیران پڕمــان دەکردەوە، ژمارەیەکی زۆر شیعرم لەبەر بوو، چێژم لە خوێندنەوەیان وەردەگرت.

بەرە بەرە شیعرم دەنووسی و بۆ هاوڕێکانم دەخوێندەوە، یەکێ لەو شیعرانە بووە هۆی سەرسام کردنی هاوەڵانم و هانیان دام بۆ ڕادیۆی کوردیی (کرماشان)ی بنێرم، ئەو دەمە ڕاستەوخۆ لە سلێمانییەوە پۆستم کرد، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکــرێ، ڕادیــۆی کوردیی بەغدا، کە لە ســاڵی (١٩٣٩)وە کانگای ڕۆشــنبیری و

هونـــەری کورد بووە، پاشـــان رادیۆی کوردیی کرماشـــان، بە دراما رادیۆییە جوانە ســـەرنج ڕاکێشـەرەکانی و ئەو شـــیعرە دڵگیر و هەست بزوێنانەی کە بە دەنگە پڕ جۆش و خرۆشەکانی مامۆستا (شوکروڵڵا بابان) دەخوێندرانەوە، ئەو دەنگەی لە زەنگە دەنگیا هەزار و یەک ئاواز سەری هەڵدەدا.

کاتێ بەو دەنگە گوێم لەو شـــیعرەم بوو، کە بە ناوێکی خوازراوەوە نارد بووم، لە ترســـی ئەوەی نەبادا، ڕەت کرێتەوە و ناوم بزڕێ، خوا خۆشی ویست بووم کە، ئەوان دەیانزانی و گوێیان لە رادیۆکە بووبوو.

ئەو ئێوارەیە هەر ئەوەندە نەبوو، باڵندە ئاسا لە شـــەقەی باڵان بدەم و بەرەو دوا قووچکەی گەردوون هەڵکشـــێم، ئیدی نەک هەر ئەو شـــیعرە، بەڵکوو چەند شـــیعرێکی ئەو ڕۆژانە لە کەشـــکۆڵە شیعری، هاوڕێ شیعر دۆستەکاندا جێگای خۆی بکاتەوە.

بەڵێ هێز و گوڕ و بڕوا بەخۆبوونی پێ بەخشیم....

ســـاڵانی رابوردوو، هەر هەمان شیعر لە رادیۆی کوردیی بەغدا دەخوێندرایەوە و دواتر لە بەرگی یەکەمی کەشـــکۆڵەکەی (گیو)ی نەمر بڵاو کرایەوە، ڕەنگە لە شوێنی خۆیدا بێ چەند دێڕێکی بەم بۆنەیەوە بخەمە دیارتان:

لەگەڵ ئەستێرەدا دەدوام، خەیاڵم هێندە باڵا بوو
هەتا زنجیری ئەم ڕۆژە، لە دەست و پێم نەئاڵا بوو
بەڵێ هەروا لە بەرچاوم، سەرنجی سەردەمی پێشوو
کە گوڵزاری حەز و خۆزگەم، هەموو دەم و ئاڵ و واڵا بوو
گوڵی جوانی گەشی هیوام، بە شەڕای خەم نەژاکا بوو
مەلی خۆشخوانی ئاوازم، بە زەبری زۆر نەناڵا بوو
شنەی بای بەختیاریی دڵ، دەمێ بوو وا ئەویش رابورد
لە هەنگاوی یەکەمدا بوو، لە وانەی گڕوگاڵا بوو.....

ئـــەو دەمـــە نەمدەزانی ڕۆژێ لە ڕۆژان، هەر لە دەروازە زێڕینەکەی شـــیعرەوە دەچمە جیهانی گوڵڕەنگی شـــانۆوە، شیعریش تێشـــووی ڕێبواری ئەو ڕێگایەم دەبێ..

بەڵێ لە سـەراپای شـانۆییەکانمدا، زمانی شـیعری بووەتە بایەخـێ لە بایەخە بنەڕەتییەکانی، بووەتە تان و پۆی رازاندنەوە و ئارایشتی...

***

■ ٣

■ داڕشتن و پەخشان

وەکوو خووم پێوە گرتبێ، هەر جارێ خۆشییەکی رۆژانی منداڵی و مێردمنداڵی، یـان لاوێتیـم بە بیردا دێتەوە، گەشـکە دەمگرێ، هەر دەڵێـی هەنووکەیە و ئەو گشـتی نێوانە تەمەنە وەلاوە دەنێ و دەڵێمەوە با تام و چێژی ئەو نۆقڵە ترش و شـیرینەی، لە شـەوی بەراتی منداڵیما لە زارم دەنا، هەتا ئێسـتاش هەر تام دەداتـەوە، خەلاتـی ئەو رۆژانەش، ئەگەر تەنیا گوڵێک بووبێ، ئەوا هەتا هەم بە هەموو گوڵزارەکانی دنیای ناگۆڕمەوە، کاتێ لە بەغدا دەمخوێند، رۆژانی هەیینی لەگەڵ برادەرەکەمدا، خوالێخۆشـبوو کاکە (ئەکـرەم عەلی) کە قوتابیی کۆلێجی (شـەریعە) بوو، بـۆ نوێژ دەچووینە مزگەوتی (شـێخ عەبدولقـادری گەیلانی)، پاشـان دەچووینە دیداری مامۆسـتا (مەلا عەبدولکەریمـی مودەریس)، هەر لە یەکەم دیدارەوە خۆم پێ ناساند، کە زانیی کوڕەزای (مەلا ئەحمەدی قوربانی)م دەستی کردە ملم و باسی دۆستایەتی و رۆژانی خوێندنیانی دەگێڕایەوە، هەموو جارێکیش لە قوتوویەکی تەنیشتییەوە، نوقلێکی ترش و شیرینی دەداینێ، منیش لـە گیرفانم دەنـا و لە رێگای گەڕانەوەدا، دەم نایە دەمـم و بە کاک (ئەکرەم)م دەگوت:

لـەم بازاڕی (باب ئەلشـێخ)ەدا، پڕە لەم جۆرە نوقڵە، بـەلام بڕوات بێ هیچیان تامی ئەم نوقڵەی مامۆستا نادەن، ئەمە خۆشترە جگە لەوەی موفەرکی ئەو زانا مەزنە پیرۆزەیە. بە هەر حاڵ بایەخ و بەهای هەر شتە بە شوێنی و کاتەکەیەوە بەندە، لە پۆلی چواری وێژەیی بووم، لە هەڕەتی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی جیهانیدا بووم، هەر چییەکیش (نەجیب مەحفووز) دەینووسی چەندین جار دەمخوێندەوە، حـەزم لەو ریالیزمییە جوانەی دەکرد، مامۆسـتای عەرەبیمان خوالێخۆشـبوو

(شـێخ رەوف شـێخ عومەر)ی قەرەداغی بوو، کاکی هونەرمەندی بلیمەت کاکە (ئەنوەر قەرەداغی)، داوای لێ کردین بۆ وانەی داهاتوو هەر یەکەمان دارِشتنێ بنووسـێ، لە یەک لاپەڕە کەمتر نەبێ و سەرپشـکە لە هەڵبژاردنی بابەتەکەیدا، لـەو سـاتەوە بیرم لە باس و بابەتەکەی دەکردەوە، ئێـوارە لە بازاڕ گەڕامەوە، وا ڕێکەوت بە لای مزگەوتی گەورەدا، یان بڵێین پشتی (دەبۆ)کەدا دەگەڕامەوە، ئەوە شـوێنی ڕاوەسـتانی کرێـکاران بوو، ئەو دەمە لێرە و لـەوێ تاک و تەرا کرێـکار مابـوون، دیارە بۆ کار، لـە وادەی بەرە بەیانەوە چاوەڕێی کەسـانێک بووبوون بۆ سەر کاریان بەرن.

لـەوەدا بـووم وەک هەموو جـارێ کە بە لای ئـەو (دەبۆ)یـەدا رادەبوورم کە کاتی خۆی ئۆردووگای (تورک)ی سەردەمی عوسمانلی بووە، (نالە پێ پاتی)ی جەربەزەم بیر دەکەوتەوە، کە لە کاتی لە سێدارەدانیدا گاڵتەی بە مەرگ دەهات و مەرگ لە ئازایەتیی ئەو دەتۆقی..

کاتێ بینیم بە نائۆمێدییەوە، دەستە دەستە لە شەقامەکە بەرەو شەقامی مەولەوی دەپەڕینەوە و نائومیدی چووبووە، کۆڵ و قەڵاندوشکانیان و بەرەو گەڕەکەکانی خوارخوارووی شار هەنگاویان بە دوای خۆیاندا کێش دەکرد.

لە دڵی خۆمدا گوتم: یارۆ ئەوە کەرەسە و بابەتی دارِشتنەکەی وانەی عەرەبی، بەڵام لەکوێوە و چۆن چۆنی دەست پێ بکەم و دایڕێژم...؟!

تـەواو، باش بـۆی چووی، ئـەو دەرەوەی بۆ چوونە ناو باسـەکە، ئەوە پڕ بە پڕیەتی و سەر لە خۆت مەشێوێنە...

زۆر چاکە شـوێن هەڵگریی دەکەم و بە بسـت لێی جیا نابمەوە، جار و بارەش هەوڵ دەدەم لە چاوانی بڕوانم و گشت هەستەکانی بخوێنمەوە..

ئەوا بۆنی گۆشـت و کەبابی برژاو و مریشـکی سوورەوە کراو بە سەریا دێ، ئەوە دەنگە دەنگ و هەرا و هۆریای میوە فرۆشانە و هاوار دەکەن دەرۆینەوە بە خۆڕایی سێوە لاسوورەی سەردەشتە و سێ کیلۆ بە دە فلس، ئەوە هەرمێ گوڵاوی شارباژێڕە، ئەوە هەناری هەڵەبجە و ئەوە....

هاوشـانی ڕێگام دەبڕی و لە بازاڕ دەرچووین و کەوتینە کۆڵانەکان، ڕووناکی

گڵۆپی سەر قاپی و بەر هەیوانانی ماڵان، سێبەری هەردووکمانی لە سەر دیوارە بەردینەکان و بە قوڕ سـواغ دراوەکان دەنواند، جاروبارە سـێبەرەکانمان پێش و پاش دەکەوتن، وا ئەم جارە سـەریەک کەوتن، بوونە یەک سـایە و سـێبەر، بـووم بەو: ئـەوا چەند رۆژە لـە دوای بەیانـەوە هەتا هەڵکشـانەوەی خۆر و کوژاندنـەوەی، بە نائۆمێدی دەگەڕێمەوە و ماڵ و منداڵیش چاوەڕوانن، چاویان لە دەسـت و پـێ و هەنگڵم بڕیوە، رۆژیش نییە خـاوەن ژوورەکەمان بەرۆکی کرێم پێ نەگرێ، ئەوە سوپاس بۆ خوا، دووکانەکەی سەری کۆڵانەکە چراکەی ناسـووتێ... تیـادا ماوم، هێزی ئەژنۆی چوونـە ژوورەوەم نییە، منداڵەکانم بێ شیو سەر دەنێنەوە، گەر نەخەوتبن چییان بۆ باس بکەم.
ژنە دراوسێیەک هاواری لێ دەکات:
ئەوە لە کوێی، هەی بەدبەخەت، کوێوە دەچی؟ ئەمڕۆ پۆلیس و مۆلیس هاتن و شڕوشیتاڵ و ماڵ مناڵیان فڕێدایە چەقی کۆڵان..
ئەی چییان لێهات؟ ئەوە خاوەن ژوورەکەیە، دەمێکە هەڕەشـەی سکاڵا لە سەر تۆمار کردنی دەکردم، بەڵام لە کوێ سۆراغیان بکەم؟
مێردی ژنەکە، نەڕاندی: ئەرێ ژنەکە ئەو چەقە چەقەت لە چییە؟
بە توندی دەرگاکە بە یەکدا دەدرێ.
وادەی وانەی عەرەبی هاتەوە و لە لایەن مامۆسـتاوە داڕشـتنەکان کۆکرانەوە، پاش دوو رۆژ مامۆستا (شێخ رەوف) هاتەوە، سەیرم کرد داڕشتنەکەی منی بە دەستەوەیە، یەک دوو جار پیشانی قوتابییەکانی دا و فەرمووی:
ئەمە داڕشـتنی یەکێکتانە، دەیبەم لە شـوێنانی دیکە بۆ قوتابیانی دەخوێنمەوە، پتـر لە دە جار خوێندوومەتـەوە، هەرچەندە چەند هەڵەیەکی زمانەوانیی تێدایە، بەڵام لە ئاستی قەڵەمی نووسەرانی ئەزموونداردایە. ئافەرین باوکەکەم ئەحمەد سالار...
بۆیە دەڵێم مەزنترین هاندەرم بۆ ئەدەب، مامۆسـتام خوا لێ خۆش بوو (شـێخ رەوف قەرەداغی)یـە، قـەرداری ئەو مامۆسـتا بەرزەم، هانـدەرم بوو، بڕوا بە خۆبوونی خەڵات کردم..

# زانکۆ

ئـەو رۆژانــەی قوتابیی ئامادەیی ویژەیی بووم، وا ریکەوت و بە دەســتی خۆم نەبوو، بەرپرســیاریەتییەکی گرانم لە ئەســتۆ نرابوو، جگە لەوەی، ســەریک و هەزار سەودام هەبوو، ئەوە ئەدەب و هونەریشی سەربارەیان، رۆژانیکی چڕ و پڕی خەست تەنراوە، بە جەنجاڵی و هەزار و یەک ئاوات، لە رۆژیکدا تەنیا ئاواز و باس و خواســی مەرگ و کوردســتان ویران کردن، هەر چۆن سەردەمانیک (سالم) وتەنی:

ســاعقە و بەرقــی نەدامــەت زوڵمەتــی دا شــەرق و غــەرب
بــەردە بارانــە بــە مەخسووســی لەســەر موڵکــی بەبــان
چــاوی عیبــرەت هەڵبرە ئــەی دڵ لە وەزعــی دەهری دوون
سەیرکە سا تورکی دەلەک چی کرد بە زومرەی کورد زبان

ئەو ســاڵانەش هەمان کویرەوەری و خاکەســاری و کوردســتان ویران کردن نویێ بوویەوە، بە خراپترین شــیوە، ئەوسا عوسمانی، ئەم جارەش بەغدا، بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەبوو، ئەوســا کۆتایی ئیمارەت، بەڵام ئەم جارە شۆڕشی

مان یان نەمان، جەربەزە و چەک و چیا.
بەهــەر حاڵ ئامادەییم تەواو کرد و بەرامبەر چەند ڕیانێک بوومەوە، دیارە لەو تەمەنــە گەنجێتییــەدا، پلە و پایە و دەســەڵات، ئاییندەی بریقەدار، پتر ســەرنج رادەکێشێ، هەتا بڵێی مایەی خەیاڵ پڵاوییە.
حەز دەکرا ببمە ئەفسەر، یان ماف بخوێنم و ڕۆژێ لە ڕۆژان ببمە پارێزەرێکی زرنگ و بە دەم و پل.
ئــەو خەون و خەیاڵانەم، لە مێشــکم تەکاند و دامن بــە دەم باوە، دڵەڕاوکێ و هەلوور بلووری بەختم نا وەلاوە، هونەری شانۆم هەڵبژارد و کردمە راستەڕێی ژیانم و گشت تەمەنم خەڵات کرد.
لەگەڵ دەستەیەک لە دەرچووانی ئامادەیی (فۆرم)مان پڕ کردەوە و پێشکەشمان کرد، ناوەڕاســتی شەستەکان بوو، وادەی ئەوە هات بۆ دیمانە و تاقی کردنەوە بەرەو بەغدا بچین، بە دڵێکی پڕ لە جۆش و خرۆشــەوە ســواری پاس بووین، هەر چۆن بۆ سەیرانی سەرسیر دەچین، جار و باریش بە قسەی خۆش و گاڵتە و گەپ و ناو بە ناو گۆرانیمان دەوت (ئەم بەرە و بەرە ناسکە دولبەرە، لەسەر ماچێکت شــەڕە خەنجەرە)، دەمە و ئێوارە گەیشــتینە بەغدا، لە حەیدەرخانە لە ئوتێلێکــی نەک چوار ئەســتێرە، بەڵکوو چوار پەنجایــی دابەزین، گەرمای بەغدا هــەر لە گــوڕ و تیندا بوو، تەنیا یەک هەوا ســاردکەرەوەی تیــادا بوو، ئەویش لە هۆڵی پێشــوازیدا بوو، هێشــتا شوێنی وەکوو شــەقامی (رەشید) هەر جمەی دەهات، هەر زوو باسی گیرفان بڕەکانیان بۆ کرد بووین و چاوێکمان کرد بوو بە هەزار چاو، بۆ ئەوەی لە یەکدی دابڕ نەبین، هەروەک (حافز قورئان) دەستی یەکترمان گرت بوو، عەرەبانەیە شــووتی قاش کراوی ســەر ســەهۆڵ نراومان بینی وتم: کوڕینە با دەروونمان فێنک بکەینەوە، کەوتینە شــووتی خواردن، ئەو شــەوە هەتا ئەو سەری شــەقامەکەمان تەی کرد، درەنگ وەختانێ بە کەنەفتی و شــەکەتی گەڕاینەوە ئوتێلەکەمان، چووینە سەربان ریزێ قەرەوێڵەمان داگیر کرد، دوایی وتم: ئەرێ کوڕینە کەســێ لە ئێوە (عیلم و خەبەری) لەوەی بەیانی نییە؟

کــەس وەڵامی نەبــوو، وتــم: دیمانەمان لەگــەڵ دەکرێ، بــەڵام دیمانەکە چۆن و چییــە، وتیــان بابــە خوا کەریمە، دەی بــا بخەوین، تا بەیانی خــوا دەمێنێ و موڵکی، بەیانی دەبێ زوو هەڵسین، بەیانی هەر کە بانگی فەرموو، هەر دەتگوت بڵندگــۆی مزگەوتی حەیدەرخانــە، کە چەند مەترێک لێمانــەوە دوور بوو، جگە لــە ژمارەیەک مزگەوتی دیکە لەو ناوچەیــە، نەک هەر بە ئاگای هێناین، بەڵکوو راچڵەکینــێ رایچڵەکاندین، کە بە خۆمانــەوە نەماندی بوو، جگە لەوەی مێش بە گیزە گیزە کەپرۆکەیان لەســەر رووومان هەڵبەســت بوو، هەر زوو رامان کردە خوارەوە، دەســت و دەموچاومان شت، بەرامبەر ئوتێلەکە چەند چێشتخانەیەک هەبــوو، چووین و داوای نســکێنەمان کــرد، تومەس شــاگردەکەی کورد بوو، کەوتینە قسەکردن، ئەویش کوردایەتیی خۆی نواند، بۆ هەر یەکەمان جوتێ باڵە مریشــکی هاویشت بووە ناو نسکێنەکەمان، ئێمەش کردمانە تێوشین، یان بڵێین تریت، پاشــان ســەرو چای شــیرینمان بەســەرا کرد و یەکی پەنجا فلسمان دا، ئیدی کۆلێجەکەش لە (مەیدان)ـە، هەر بەو راستەرێیەی بەر وەزارەتی بەرگریدا رادەبورد بۆ (وەزیرییە) بەرامبەر کۆشــکی شــاهانە بوو، تەنیشــت پەیمانگەی هونــەرە جوانــەکان، بە پــێ رێگاکەمان بــڕی، خانوویەکــی دوو نهۆمی کۆنی کلاســیک شێوەی بە خشــت دروســت کراو بوو، چووینە ژوورەوە هۆڵەکە پڕ بوو لەوانەی وەکوو ئێمە و بۆ هەمان مەبەست هاتبوون، واژە واژ و هەرایەک بوو هەر مەپرســە هەمــووان بە یەکدا دەهاتن و دەچــوون، هەر چۆن فەقێیان لــە هەیوانی مزگەوتاندا دەور دەکەنەوە لە ســووچێکەوە تەختە رەشــێکی وانە خوێندن لەســەر ئەســکەلێک دانرا بوو، بە تەباشیر پێداویستییەکانی دیمانەکەی لەسەر دیاری کرا بوو:

١. بینراوێکی ئەفراندنی بێ دەنگ (پانتۆمایم).

٢. بینراوێکی شانۆیی.

٣. چامە شیعرییەک.

بە حەپاسەنەوەی سەیری یەکتریمان کرد، بەدبەختی ئێمە لەوەدا بوو، کەسێک بــەر لە ئێمە نەچوو بووە ئەو ئاکادیمیایە، هەتا پرســێکی لێ بکەین، ژمارەیەک

دەرچـووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدامان هەبوو، کە پاش شۆڕشـی چـواردەی گەلاوێژ بووبوونە قوتابیی پەیمانگە، لەوانە بوون، کە لە سـەردەمی پاشـایەتیدا، لەبەر چالاکیی سیاسـییان لە خوێندن دەرکرا بوون و پاشـان کرا بوون بە سـەرباز لە (شـوعێبە)، تاک و تەرایەکیش هەبوون، کە زۆربەیان نەک شـانۆ، لقەکانـی دیکەیان خویند بـوو، هەروەها لەگەڵ بەرپا بوونی شۆڕشـی مەزنی ئەیلوولدا دەنگ و رەنگی هونەری شانۆ کپ کرا، ئەو رۆژە رووبەڕووی حاڵەتێکـی سـەیر بووین، یـەک: رۆژی دۆش دامان و دەسـتە کۆڵەیی نەبوو، دەسبەجێ بیرم لەو سێ داواکارییەی لیژنەی تاقی کردنەوەکە کردەوە، یەکەمیان بۆ بێ دەنگەکە، ئەو بینراوەم بە بیردا هات، بەیانییە و چاوم خەواڵووە و هێشتا وەکوو خەو بەری نەداوم، لە بەردەم دەستشۆرەکەدا وەستاوم و لە ئاوێنەکەوە لە سـەر و چاوم دەڕوانم، بەلووعەکە دەکەمەوە، دوو سـێ شـڵپ ئاو بە دەم و چاوما دەکەم، پاشـان سـابوونەکە لە دەم و چاوم دەسـووم، سابوونەکە لە دەسـتم دەخـزێ و بە چـاوی نووقاوەوە لە ژێر دەستشـۆرەکەدا، دەسـت بە زەوییەکـەدا دەگێڕم هەتا دەیبینمەوە، لە سـەر بەرز کردنەوەدا سـەرم لە ژێر دەستشـۆرەکە دەدا و زامـدار دەبـێ و خوێنێ لێ دێ، بـۆ داواکاریی دووەم، لە سـەر داستانی (مەم زین)ی (خانی) گیرسـامەوە، چونکە رۆژانێک پەرۆشی ئەو شـاکارە بووم، چ بە کرمانجییە ژووروووەکەی و چ بە سـۆرانی کردنەکەی (هەژار)، پاشان وەرگێڕانە عەرەبییەکەی (محەمەد سەعید رەمەزان بۆتی) کە بە دڵ کردویەتی بە عەرەبی، هەروەها ئەو کورتە شانۆییە شیعرییەی (پیرەمێرد)... لـە نیـو کاتژمێرێکدا، لە زەینمدا تاوتۆم کرد، وا بزانم شـتێکی پوختم لێ گەلاڵە کرد، جگە لەوەی لە توانامدا هەبوو، باسـی خان و نهێنییەکانی ئەو شـاکارەش بکەم.

بـۆ داواکاریی سـێیەمیان، لـە ئەدەبیاتی عەرەبی سـەردەمی (جاهیلی) گەلێک بەیتم لە چاکە هەڵواسراوەکەی (ئیمرو لقەیسی ئیبن ئەلحەجەر)، کە بە نموونەی باڵای ئەدەبی ئەو سەردەمەی بەر لە ئیسلام دەهێندرێتەوە کە بەم بەیتە دەست پێ دەکات:

(قفا نبكي من ذكرى حبيب و منزل)
(بسقط اللوى بين الدخول فحومل)
ناویان خوێندمەوە و لە دڵی خۆمدا (رب اشرح لي صدري)م
وێرد کردەوە و چوومە ژووری دیمانەوە......

***

دەرگای ژووری تاقیکردنەوە کرایەوە و خۆم کرد بە ژووردا، لە چاو تروکاندنێکدا، هەر چون چرکەی کامێرەیەکی فۆتۆگراف، هەموویم وەرگرت، مامۆستاکان، مێز، کورسی و دیوار و پەنجەرە... سڵاوم کرد و بە ڕوویەکی خۆشەوە وەرامیان دامەوە.

- ناوت ئەحمەدە؟
- ئەحمەد سالار.
- ئاوێتەیە؟
- بەڵێ مامۆستا.
- واتای سالار چییە؟
- سەرۆک.
- بۆچی یەک ناو نەنراوی؟
- لە بنەماڵەیەکی ئایینیم، باپیرم زانای ئایینە لەبەر پیرۆزیی موسڵمانێتی، ئەحمەدی لەگەڵ سالاردا داناوە.
- باشە ئێستا چیت بۆ ئامادە کردووین؟
- ئەوانەی داواتان فەرموو بوو.
- ئا دەی با بیبینین؟
- بینراوە بێ دەنگەکەم نواند و لە نیوەدا بووم، کە بۆ سابوونە لە دەست خزاوەکەم دانەویمەوە، یەکێکیان کە لە ناوەڕاستیاندا بوو، گوتی: باشە، ئەوە تەواو، ئەی بینراوی شانۆیی، چیت ئامادە کردووە؟

گوتم: (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی، کەسایەتیی(مەم). ئیتر هەر مەپرسە، بینم پێوەگرت و نەمدەبڕییەوە: مەم و زین واتە (ڕۆمیۆ و جۆلێت)ی کورد، شاعیری

کـورد (ئەحمــەدی خانی) لە ســەدەی حەڤدەهەمــدا نووســیویەتی و بریتییە لە (٢٦٥٩)دێڕی جووت ســەروا و لە ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتدا، بەم شێوازەیان دەوت (مەســنەوی). سەرەتا بە ناوی خودا دەست پێ دەکات پاشان باسی فەلسەفەی هەبوون و خاسیەتەکانی خوا و یەک خوایی، بەشی دووەمی (دیباجە) کە تایبەتە بە باســی پێغەمبەری خوا (د.خ) و وەســی دەکات، پاشــان دەست بە بەشەکانی ئەو خۆشەویســتییە پڕ لە رۆمانســیەت و شــاعریێتییە باڵایە دەکات ، کە ســێ تەوەری مەزن لە خۆی دەگرێ: سۆفیگەری، فەلسەفە و نیشتیمانپەروەری...

پرسییان باشە (مەم) کێیە؟

مەم رۆمیۆی زینە.

ئا دەی با مەم ببینن؟

(ماوەیەک بێدەنگی و دڵتەنگی و بە دەنگێکی خەمبار و بە ســۆزەوە، ئەوەندەی بۆم کرا پوختەی ئەم مۆنۆلۆگەم، کردە عەرەبی پێشکەشم کرد).

ئەی بەنــدی دڵ و چــرای دەروونم
ئەی بەســتە بە تــۆ نەبوون و بوونم
مەزنیت و لە ڕاســت گــەدا بە فیزی
ناپرســی لــە ئێمــە چیتــە زیــزی
لــە دڵــم دەدڕێ کراســی ئــارام
گیــرۆدەی تــۆم و نایــەی بــۆ لام
لەیلــێ وەرە شــێتی خــۆت ببینــە
چــاوی تەڕ و ســووره ژینی شــێتە
شــیرینتری، شــیرینێ کەمێــک داد
یادێــک بــە دڵــت بــگا لــە فەرهــاد
هــەر چەنــدە دڵــم گەلێک پەرۆشــە
چونکــە لــە ریگــەی تۆدایە خۆشــە
ســوێندم بە دوو لێوی تەنک و ئاڵت
بــە بســکی رەشــت بــە وردە خاڵت

سـوێندم بە بـەری بەیانـی لاجانگ
بەوهەنییەکەشەوق دەدابەرووی مانگ

...)

هێشـتا تەواوم نەکرد بوو، رایانوەسـتانم، سـەریان لە یەکتـر نزیک کردەوە، هەندێ مشتومڕیان کرد، گوێم لە دەنگی یەکێکیان بوو، پاشان ناسیم، مامۆستا (ئەسـعەد عەبدولـرەزاق) بوو، کە دوو سـێ جار دووبارەی کـردەوە (بە لای منەوە باشە).

دواتر سـەرۆکی لیژنەکە، ئەویش هەر پاشان ناسیم، مامۆستا (ئیبراهیم جەلال) بوو، فەرمووی لە کوێدا بووی؟ وتم: لە زینداندا.

فەرمووی: شیعرت لەبەرە؟

-گەلێک.

-شیعری کێ؟

-ئیمرولقەیس، ئەبوفیراس ئەلحەمەدانی، ئەمیر ئەلشوعەرا....

ئەدی.. شیعرێکی کوردی

- لێی دەگەن؟

- زۆر چاک ئاماژەی بۆ مامۆستایەکی سوور و سپی کرد، گوایە ئەو کوردە، منیـش بڕوام کرد، ئەویش بە خەندەوە سـەیری کردم، ئەویش پاش ماوەیەک، کە سـەردانی بەشی شێوەکاریم کرد، کە چەند برادەرێکی وەک کاکە (حیکمەت هیندی)ی هەرە خۆشەویستم لە بەشی پەیکەرسازی دەیخوێند، ئەو مامۆستایەم لە لقی (سیرامیک) بینی.

-کاکە حەکە گیان، ئەزانی ئەو مامۆستایە کوردە؟

-کوردی چی!؟ ئەوە یۆنانییە و ناوی (ڤاڵنتینۆس)ـە.

وتـم: دە بـە خوا لە مقابەلەکەدا شـعیری کوردییان پێ خوێندمـەوە گوایە ئەو کوردە.

بە هەر حاڵ: دیوانەها شـیعری کوردیم لەبەر بوو، بەڵام خۆم بۆ شـیعرەکەی (کاکە حەمەی بێلوو) ناسراو بە (ناری) ئامادە کرد: بە دڵێکی خەمناک و سۆزێکی

ئەوپەڕی ئەڤینییەوە، بە هەستێکی قووڵەوە، کەوتمە خوێندنەوەی:

«موودەتێکە گرفتارم، من بەدەست سەوداتەوە
بوومە داوی زلف و پەرچەمی تاتاتەوە
مەنعی قولاپی موژەت، ناکەم لە راکێشانی دڵ
بۆ ئەسیری چاوی مەستی، پڕ خەوی دەیباتەوە
لەب شەکەر فەرموو بە زوڵفت باوەشێنی بەس بکا
مێشی رۆحم گەر بنیشێتۆ، بە قەندی چاتەوە

هەتا:

خەتی دەرسی عشیقی (ناری) وەک رقوومی خاڵەکەت
وایە لەوحەی گەردنی بێ گەردی وەک میناتەوە»

هەتا دوایین وشەی دوا دێڕ رایان نەگرتم، سەریان بۆ دەلەقاندم، لە سەیر و جۆری تەماشا کردنیاندا سەرکەوتن و وەرگرتنم چنگ کەوت.
هاتمە دەرەوە، قوتابییە کوردەکانی هاوەڵم، رایان کرد بەرەو رووم گوتیان: چییە زۆرت پێ چوو، بەڵام بە رەنگ و رووتا دیارە شێر بووی؟
پاشان هەر هەمان نیوەڕۆ بەرەو شار بووینەوە، هەتا گەیشتینەوە شار، هۆش و گۆشم لای رۆژانی داهاتووم بوو، لە نێوانی خەون و راستیدا هەستم رادەژەنی.

***

یەکەم رۆژی دەست پێ کردنی خوێندنمان بوو، هەر بەیانی زوو خۆم رێک و پێک کرد، لەو تەمەنەشدا گەنجێکی قیت و قۆز بووم و خاوەنی جەستە و لەش و لارێکی وەرزشوانانە بووم، قاتێکی جوان دووراوی کاکە (حەمە عەلی مەدهۆش)ی شاعیری دڵتەڕ و مقەست زێڕینم لەبەر کرد و زوو زوو، لە ئاوێنە بێ چوارچێوەکەدا لە خۆم دەڕوانی، کورد واتەنی: (دەتگوت کچە جافم بۆ دابەزیوە و چاوەڕوانی کەژاوەیم)، ئەو شەش حەوت برادەرەی کە پێکەوە

بووین لە خانووەکەدا، بە دەنگە دەنگ هەموویانم بە ئاگا هێنا، لە پێشـــەوە کاک (ئەکــرەم ئەحمەد و کاکە عوســمان)، ئەوســا ئەو پێنج بــرادەرە کەرکووکییەی دیکــە، هــەر یەکە و لە کۆلێجێ دەیخوێند، هەمووشــیان ســاڵێک لە پێش منەوە بــوون، خانووەکەمان لە گەڕەکــی (وەزیرییە) بوو، بەرامبەر کارخانەی (لۆکەی پزیشکی) و کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی بەغدا، نزیک ماڵی (د. موکەڕەم تاڵەبانی)، سەیر لەوەدا بوو، مزگەوتێ لێمانەوە نزیک بوو، مەلایەکی هەولێری وتاربێژ و پێشنوێژی بوو، سەراپای وتاری هەیینی هەر هێرش بوو  بۆ سەر کۆمۆنیست، وەک ئەوەی بە تایبەت شــەڕ بە  (د.موکەرەم) بفرۆشێت، خانووەکەمان گەورە بــوو حەوشــەکەی پــڕ بوو لــە دارخورمــا و دار پڕتەقاڵ و گێــوژ (نەبووک) ، هەیوانێکی ( ٤م X ٨م) بە سەر حەوشەکەیدا دەیڕوانی، کە بووە باشترین شانۆ بۆ مەشق کردنی ئێوارە وەختانم.

ئەو برادەرانەشم لە خوێندن کرد بوو، چونکە ئەو ماوەی مەشق کردنم دەبوونە بینــەرم، بەرەبــەرە وای لێهات میوانیشــیان دەهــات و بینەرانم لــە زیادبووندا بوون.

بە هەر حاڵ خوا حافیزیم لێ کردن و گورج و گۆڵانە، هەر دەتگوت (ســێ باز) دەکەم، پێــش هەمووان خۆم کرد بە (ئاکادیمیا)کەمانــدا، بەرەبەرە قوتابییەکان هاتن و وادەی چوونە پۆلەوە هات، مامۆستا خۆی کرد بە ژوورا، بەڵام هێشتا هــەر چۆن قوتابیی ئامادەیی بووین بەری نەدا بووین، هەمان هەڵســوکەوتمان دەکرد، مامۆستا باڵا ناوەنجییەکی قەڵەو بوو، سەرەتا یەک یەک سەرنجی داین پاشــان لە یەکە بە یەکەمانی پرســی: ناوت چییە؟ لە کوێــوە هاتوویت؟ بۆ ئەم بەشەت هەڵبژاردووە؟ پێشتر چالاکیی شانۆییت کردووە؟

کەوتە باســی مەزنیی شــانۆکار، هەموو جەستەم کرد بووە گوێ و چاوم بڕی بووە چاوە بچکۆڵەکانی کە هێندەی نەما بوو پێڵۆەکانی بە تەواوی دایانپۆشێت، لەسەرخۆ کەوتە ئاخافتن: ئێوە پیشەیەکتان هەڵبژاردووە، لە پیشەمەندانی دیکە ناچێت، پزیشــک، ئەندازیار، چێشــتەر، پۆلیس،حەماڵ، پارێــزەر.. هەتا هەن بەو پیشەیەوە پەیوەستن، راستە پلەی کاریان لە تەک رۆژانی خزمەتیاندا هەڵدەکشێت،

بــەڵام ژیانیان هەر تەرخانی ئەو کارەیە، کە دەبێتە مۆرکی کەســایەتییەکەیان، بــەڵام ئێــوە وانا بــن و وا نیــن، وا پێویســت دەکات ببیتە وەزیر، پاشــا، گەدا، ســواڵکەر، ئیمپراتۆر، قازی، دز، پیاوکوژ، رابەر، دەوڵەمەند... ماوەیەکی کورت تیادا رامام، پاشان لە مەبەستەکەی گەیشتم ، زانیم کارێکی گرانم لە ئەستۆدایە، دەبێ لەمەو دوا بە وردی سەرنجی هەموو شتێک بدەم. دەست بە وانە خوێندن کرا، دەبوو رۆژانە بینراوی شــانۆیی ئامــادە بکەم، بەڵام ئەوەی گرفت بوو، بە تایبەت بۆ ئێمەی کوردی ســلێمانی، فۆنەتیک بوو، چەندین پیتی پوخت عەرەبی هەبــوون، ئێمە هەر بە کوردییەکە دەمان وتن، بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە گاڵتەمان پــێ نەکــەن، بە ماوەیەکی کورت بەســەر ئەو لایەنەدا زاڵ بــووم، رۆژانە پاش کاتی (ئەکادیمیە) چەندین کاتژمێرم لە کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆ بەسەر دەبرد و هــەر چییــەک بە دوور و نزیک پەیوەندیی بە شــانۆوە هەبوو دەمخوێندەوە، سەرنجەکانیشــم لە دەفتەرەکەمەدا دەنووسییەوە، هەر شتێکیش گرفت بووایە، لە مامۆســتاکەم (ئەسعەد عەبدولرەزاق)م دەپرسی و روونی دەکردەوە و رای لەسەر دەردەبڕی.

هێندەی نەبرد، ئەو خانووەمان چۆڵ کرد و چووینە (حەیدەرخانە) ئەو گەڕەکە پێیان دەگوت (جدید حەســەن پاشا) شەوانە پاش خوێندنەوە، درەنگ وەختانێ، دەچوویــن بۆ دووکانی شــەربەت فرۆشــی (حاجی زبالە) کــە زۆر بەتام بوو، زۆر لە مێوژ بوو، بە پێنج خولەک دەگەیشــتین، ئەو کاتانەش فرۆک و هووری ئۆتۆمبیل کەم دەبوو، وەک شەقامەکە وچانی بۆ بدات، سەر و پەرداخ شەربەتی مێوژی نایابمان وەردەگرت لەگەڵ سەموونێکی ئەسمەر، بەتامترین خواردنمان بوو، رێک بە ڕیز لە قەراغی شۆســتەکە بە کەماڵی ئیســراحەت لێی دادەنیشتین و شــامان بە سەپان رانەدەگرت، هەر یەکەمان ئەرکێکی دەبینی، لە ژوورەکەی ئێمــەدا، مــن و کاک ئەکرەم و کاک عوســمان و کاک هیــوا حەمە عەلی بووین، لە ژووری سەریشــەوە کاک جەمال رەسووڵ کە پرۆفیسۆرێکی مەزنە و کاکە وریا محێدین کە ئەویش بە رۆژ فەرمانبەر بوو شــەوانە مافی دەخوێند، ئەرکی مــن کڕینی ســەموونی بەرچایی بوو، برادەرێکیش چێشــتی لــێ دەناو، ئەوانی

دیکەش چایان لێ دەنا و قاپەکانیان دەشت، کاتێکی خۆشمان بەسەر دەبرد.
بەرەبـــەرە ســـەرقاڵی خوێندن بووین، ئاکادیمیە دەســـتی کرد بـــە کار کردن لە بەرهەمی ساڵانە، کە مامۆستاکان کاریان تیا دەکرد، هەر یەکەیان ئەرکێ، ئەمە دیکۆرە و ئەوە رووناکی و پۆشاک و مۆسیقا و ئارایشت... دەرهێنانی شانۆییەکە لە ئەســـتۆی مامۆســـتام (د. ســـامی عەبدولحەمید) بوو، رۆڵە ســـەرەکییەکانیان بـــە قوتابیانـــی قۆناغی چوار و ســـێ دەدا، ئێمـــەش دەبووینـــە (کۆمبارس) یان (کۆرس).
شانۆییەکە، شانۆیی (ئیمپراتۆر جۆنز) بوو، کە (یۆجین ئۆنیل) لە ساڵی (١٩٢٠) نووسیویەتی و لەسەر شێوازی دەربڕییە (Expression ism)، کە لە بنچینەوە بزاڤێکی شۆڕشـــگێڕییە دژ بە قوتابخانەی سروشـــتی (Naturalism)، کە نوقم بوونە لە ریالیزمدا، هەروەها بەردەوامییەکی هاوتەریبانەی رێبازی سروشـــتییە لە فەلســـەفەدا، ئەم رێبازە سەرەتا لە وڵاتی ئەڵمانیا سەری هەڵدا، لەوێشەوە بە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا گەیشت و تەشەنەی کرد و بووە مایە سەرهەڵدانی چەشنەها رێبازی دیکەی نوێ.
ئەم شـــانۆییەی (ئیمپراتـــۆر جۆنز)ـە، ســـەربوردەی دیکتاتۆرێکی زنجی (رەش پێســـت) باس دەکات، کە لە دەســـت گەلەکەی هەڵدێت، کە هەمیشـــە بە ئازار و ئەشکەنجەدان سەرکوتی کردوون. (ئۆنیل) بابەتەکەی لە مێژووی (هاییتی)یەوە خواستووە و ئیلهام بەخشی بووە.
مـــن (کۆمبـــارس) بووم، رۆژانە لە ســـەعات (٣)وە، هەتا شەشـــی ئێوارە پرۆڤە دەکرا، کاتی نواندنی هات، لە شـــانۆی (ئەلخولـــد) بوو، من زنجییەک بووم، بەر لەوەی بەرگی زنجی بپۆشم بانگ کرام بۆ ئارایشت، خوا لێ خۆش بوو (حاجی ناجی ئەلراوی) کە  پسپۆری ئارایشتی سینەمایی بوو، خوێندنی باڵای لە(رۆما) تـــەواو کـــرد بوو، لە هەمـــان کاتدا ئەندامـــی تیپی شـــانۆی (ئەلزەبانییە) بوو کە گەلێک لە هونەرمەندە رابەرەکان ئەندامی ئەو تیپە بوون، هەروەها گۆرانیبێژی گەورەی عێراق (نازم ئەلغەزالی) کە دەرچووی بەشی نواندنی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانـــی بەغـــدا بـــوو، ئەندامی ئەو تیپە بـــوو، لە چەند بەرهەمێـــکا گۆرانیی

وتبـوو، ئیتر لە سـەر داوای هاوەڵەکانی رووی لـە رادیۆ کرد و بە گەورەترین گۆرانیبێژی رۆژگارەکەی ناسـرا، نەک لە سـەر ئاسـتی عێراق بەڵکوو لەسەر هەمـوو وڵاتانی عەرەب، کاتێکیش سـاڵی (١٩٥٦) تەلەفزیۆنـی عێراق، لە لایەن (فەیسەڵ پاشای دووەمەوە) کرایەوە، کە یەکەم تەلەفزیۆنی عەرەبی و ناوچەکە بوو، ئەو هونەرمەندە لەو بۆنەیەدا گۆرانیی وت.

❋❋❋

گوتراوە قسـە قسـە رادەکێشێ، ئەو ساتانەی ناسرێنەوە ساتەکانی تر بە دوای خۆیانـدا دەهێنـن، باسـی (حاجـی ناجـی راوی)م دەکرد، کە یەکەم پسـپۆری ئارایشـتی شـانۆ بوو لە عێراقدا، ئەم مامۆسـتا ئێسک سـووکە لە گەنجایەتیدا پاڵەوانی (زۆرخانە) بووە، یاریزانی زۆرانبازیش بووە. سـەبارەت بەوەی چۆن چۆنی ئـەو پسـپۆرییەی هەڵبژاردووە؟ مامۆسـتایەکی هاوەڵی ئـەو رۆژانەی خوێندنـی لە (رۆما) گێڕایەوە: لە باڵەخانەیەکدا ژوورێکی بە کرێ گرت بوو، وا رێک دەکەوێ ئاهەنگێ دەبێ و سـەرجەم خانمانـی ئەو گەڕەکە خۆیان لە تەل دەدەن و بۆ ئاهەنگەکە دەچن، تەنیا یەک خانم نەبێ، ئەمە دەبێتە مایەی پرسیار، بۆ بە تەنیا ئەو نەچووە و ماوەتەوە؟! ناچار لە خانمەکە دەپرسـێ و ئەویش لە وەرامدا دەڵێ: ئەوانە گشـتیان شـەکرە خانمی شۆخ و شـەنگن، من لە ناویاندا بـە ناشـیرینییەکەمەوە دیار دەبم، بۆیە حەز ناکەم بچـم. ئەمیش دڵی دەداتەوە و دەڵـێ: بۆ نایەیت من ئارایشـتت بۆ بکەم، من قوتابـی هونەرم و کەمێکی لێ دەزانم.

بە هەر حاڵ قایلی دەکات و ئارایشـتێکی گەلێک جوان و سـەرنج ڕاکێشـی بۆ دەکات. خانمەکە لە خۆی دەڕوانێ کە بە راستی گۆڕاوە و شەنگە خانمە، خۆی دەگۆڕێـت و بێ دوودڵی دەچێتە ئاهەنگەکە و وەک هەمووان سـەماش دەکات، گەلێک لەوانە پێیان نامۆ دەبێت و لە یەکدی دەپرسـن: دەبێ ئەم شـۆڕەژنە کێ بێ؟ پاشـان چیرۆکەکەیان بۆ دەردەکەوێت و نهێنیی ئەو جوان کردنە دەزانن. ئیدی خانمان روو دەکەنە قوتابییەکەی هونەری شـانۆ، ئەویش بەو پسـپۆرییە قایل دەبێ. بەرەبەرە خۆی تیا تەیار و قاڵ دەکات، گچکە ساڵۆنێک دەکاتەوە لە

هەمان کاتدا خوێندنەکەشی بەرەو پسپۆری لە هونەری ماکیاژ دەبات.
کاتی من هات لە سەر ستولێکی بەرامبەر بە تۆی تەنیا شۆرتێکەوە دانیشتم، کاتەکە گەرما بوو، بۆیە بە پانتۆڵ و فانیلەیەکی بێ قۆڵەوە بوو. لە سنگ و قۆڵ و مەچەکیدا، کۆنە زۆرانبازێک دەینواند. داوای لە چەند قوتابییەکی بەشدار کرد، لە پەنجەکانمەوە تا تەپڵی سەرم بە کرێمی (ڤازۆلین) چەور بکەن، پاشان سەرقاپی شووشەیەکی کیلۆ قەبارەی کردەوە و وتی: ئەم کرێمە دروست کردنی خۆمە، چونکە لەم وڵاتە دەست ناکەوێ، ناچار خۆم بە بیری خۆم سازم کردووە، هاتووم تەنی و سووتووی دووکەڵ و پەڕۆی سووتاوم بە کرێم شێلاوە، ئەمە بۆ لەشیش باشە و خوێن چالاکتر دەکات، ئیدی کەوتە سواغ دانی جەستەم، پاشان هەر بە کرێمی (ڤازۆلین)، بە پێی پێویست کاڵ و تۆخی دەکردەوە، هەستام و نۆرەی رەش پێستێکی دیکە هات، لە ئاوێنە باڵانماکەدا لە خۆم روانی، پەنا بە خوا چیم بینی، تەنیا ددانەکانم و سپێنەی چاوەکانم نەبێ، هەر هەمووی رەشی دەکردەوە، هەر ئەو ساتە بیرم کردەوە، ئەگەر هاتوو راست بێ و رەش پێست بم، دەبێ چۆن لە خۆم و لە سپی پێستان بڕوانم؟
ئەو دەمە ئەو پرسیارە ماقوولەم بە هەند وەرگرت، پاشان وام بۆ هات: هیچ جیاوازییەک نییە تەنیا یەک شت نەبێ، لە چاوی منەوە دەبوو هەر هەموومان یەک رەنگ بین، بەڵام ئەو هەمەڕەنگییەی زەرد و سوور و رەش و سپی، هەر هەموو مرۆڤین. عیبرەتی ئەویش بە توانای هەڵکردن و گونجانە. لێتان ناشارمەوە وەک رەش پێستێ، رەگەزپەرستان وایان لێ کردووین جگە لە خۆم، ئەوانی دی بە پێست کەوڵ کراو ببینم.
کاتژمێر (١٠)ی شەو پەردە دادرایەوە، ئیدی خەمی خۆشووشتنم بوو، خۆ ئێرە شانۆی وڵاتان نییە هەر ئەکتەرە و شوێنی تایبەتی خۆی بە گەرماوەوە هەبێ....
ناچار گوتم: تەنیا روخسارم بشۆم و بسڕمەوە، ڤیرۆسیا لە جەستەم، کراس و گۆرەوی و بەرگەکانی ژێرەوەم فڕێ دەدەم.
درەنگ وەختانێ گەرماوی ئەپارتمانەکەمان، هاوەڵەکانم سەرقاڵی خوێندن بوون،

وە نەبێ گەرماوی شــوقە پەرپووتەکەمان ئــاو گەرمکەری تیا بێ، ئەوە هەبوو پەرەمێزێکــی گچکەی نەوت و مەنجەڵێکی گەورە، ئاوم تێ کرد و دامگیرســاند، ئــاو گــەرم بوو جلی ژێرەوەی خاوێنم هەڵواســی و ئەوانــی دیکەم فڕێدایە ناو تەنەکــەی خۆڵــەوە، هەر ئاوم بــە خۆما دەکرد و ســابوون و لیفکەم بە خۆمدا دەهێنــا، کەفــی نەدەکرد، هاوارم لە برادەرەکانم کرد بــە هانامەوە بێن، وتم: بە قوربان کاتی شەرح و حاڵ نییە، پاکەتی تایتم فریا خەن. کاتێ حاڵی شڕیان بینیم دەسبەجێ غیرەت گرتنی و بە هانامەوە هاتن، بە مشت تایتیان پیا دەکردم، ئاوم دەکرد بە خۆما، بەرەبەرە رەشــاو هاتە خوارەوە، کەف داپۆشیم، هەستیان بە مانــدوو بوونــم کرد، ئیدی هــەر یەکە وەک هەرەوەز کەوتنــە هەڵمەتی خاوێن کردنەوەم، شەکەت بووم.

وتــم: بــە قوربانتان بم ئیدی لە وزەمدا نەماوە، ئــەوی دیکە بۆ ژەمێکی دیکە و ماڵتــان ئــاوا بێ و خوا لە برایەتــی کەمتان نەکا، هەر ئەوەندەی چوومە ســەر قەرەوێڵەکــەم، لە چــاو تروکانێکدا خــپ بووم و خەوێکی خۆشــم لێ کەوت. دەمەو بەیانی لە خەونما لە تەک چەند برادەرێکی زنجی لە (هاییتی) پیاســەمان دەکرد.

پاش ماوەیەک پشــوویەک هاتە پێشــەوە، گەڕامەوە ســلێمانی جانتاکەم پڕ بوو لە جلکەکانم، دایکم خستییە ناو جلشۆرەکە، پاشان کە جلەکانی دەرهێنا، کەوتە گومان لە جلشۆرەکە وایزانی کار ناکات، دوایی وتی: ئەرێ قەڵەمی مەرەکەب لە گیرفانتا نەبووە؟ نە، بۆچی؟ ئەرێ ئەو جلانەت بۆ رەش بوون؟ کەســێ نەزانێ ئەڵێ سالاریان ناردووە بۆ تۆنچێتیی گەرماو نەک بۆ کۆلێجی هونەر.

ئەم سەربوردەی ئارایشت کردنە سەرسوڕهێنەرەی تێکەڵی پێستم بووبوو، پاش ساڵەهایە کە کەسایەتیی (ئۆتێللۆ)م دەنواند، واتە ساڵی ١٩٧٨ هەرە خۆشەویستم کاکە (حیکمەت هیندی) ماکیاجی دەکردم. هەر کە لە بەردەمیا دانیشتم دەسبەجێ ئەو کەســایەتییەی ئەو دەمەم هاتەوە بیر، چونکە ئەم جارەش کەســایەتییەکی رەش پێســت دەنوێنم، کاکە حەکە گیان بە هەمان شــێوە سەرقاپی قوتوویەکی کردەوە خســتبوویە سەر لەپی چەپی و بە دەستی راستی کەوتە لێسوانی و لە

سەر روخسارمی دانا، یەک دوو ماچی گەرم و گوڕی رووومەتەکانی کردم و گوتی: ئەحە گیان ببووره تەنیا بۆیاخی پێڵاوم دەستکەوت بۆ ماکیاجەکەت. ئیتر حەکە گیان کەوتە فلّچە لێدان و ئەحە گیان ئەحە گیان.. دامانە قاقای پێکەنین و گوتم (هیندی گیان) ئەگەر بۆیاخی (کۆبرا) هیندییەکەیە لاریم نییە، چونکە ئەو جۆرە لەو سالانەدا باشترینیان بوو.
ئەمەیان هێندە گرفت نەبوو، چونکە بە دوو سێ دەستە سابوون سپی دەبووەوە، باش بوو هێندە لە سەری بەردەوام نەبوو، بێ لە رۆژی سێیەمی نواندندا مامۆستا (زاهیر مەحموود) بە تیوپێک کرێمی قاوەیی ئیتالییەوە فریامان کەوت، یادی ئەو ئازیزەش بە خێر.

***

رۆژانە مامۆستای وانەی نواندنمان، جەختی لەسەر دوو شت دەکردەوە، یەکەمیان مەشق و مەشقی بەردەوام، کە هەر جارە و شتێکی نوێ دەبینیتەوە و پەی بە راستییەک دەبەیت، کە پێشتر پەیت پێ نەبردووە، هەروەها دوا رستەکانی دوایین وانەی رابەری ریالیزمی سوسیالیزم، لە هونەری شانۆ (کۆستانتین ستانسلاڤسکی) بۆ دادەداینەوە:
(مەشق و مەشق و مەشق..) ئەوە دوایین سپاردە بوو، ئەوەی دووەمیان، سەرنجدان و لێ وردبوونەوە، بۆ تۆمار کردنی گشت ورد و درشتێک، هەر چۆن نیگارکێشێ بەرامبەر چیای (سەگرمە)ی بەری قەرەداغ راوەستێ بەن یازی نیگارکێشانی، لەسەر کەشی ئەو چیا بۆشتاغە هەر سەرکەش و جوان بەخشەوە، هەتا دەگاتە دار و بەرد و دەوەن و پتر ورد دەبێتەوە بۆ پووش و پەلاش و سەوزە گیا و باڵندە و دەنگ و.. هتد، واتە بە کامیرەی زەیتی (میللیمەتر)ێک نابوێرێ .. بەڵێ ئەو (سەگرمە)یە، نەک بە کامیرەیەکی فۆتۆگرافی، دەستی فۆتۆگرافەرێک، بەڵکوو بە چاوی ئەو هونەرمەندەی بیر و هۆش و گۆشی (سەگرمە)یەکی تەواو زیندوو دروست دەکات و گیانی بە بەردا دەکات.
دەیفەرموو: هەر لە دەست و پەنجەوە بیگرە، ئیدی سەراپا جەستە و رووخسار و پۆشاکی، ئەوەی سەرنجی دەدەیت، ئەمەیان ئاسنگەرە، ئەوەیان بۆیاخچییە،

ئەوەی دیکەیان مسگەرە، خومخانەچییە، چێشتکەرە، یان موتابچییە.... لە رەنگی پێســت و زبریی دەســت و جۆری بازوو و مەچەک و دەفەی شــان و .. هتد. دەردەکەوێ و ناســنامەیان، واتە پیشــەکەیان ناســنامەیانە، بۆیــە نەک هەر لە رووخســاردا، بەڵکوو لە جەســتە و جووڵەیدا و لە جۆری تێڕوانین و سەرنج و ئاخافتنیــدا و لەو جۆرە زمانەی پێــی دەدوێ، چونکە زمانی ئاخافتنی فیتەرێک، پڕە لەو وشانەی زادەی پیشەکەیەتی، جیاواز لە مەلایەک، یان...
بەڵێ مامۆســتاکەم وای فەرموو، پاشان باسی ئەوەیان دەگێڕایەوە کە مامۆستا (بەهنــام میخائیــل) قوتابییەکانــی دەناردە بــەر (مەیدان) لە بەغــدا و دەیکردنە بۆیاخچی یان پیشــەیەکی دیکە، خۆشــی لــە دوورەوە ســەیری دەکردن، هەتا بزانێ، بە تەواوەتی لەو پیشەمەندانەی ئەو گۆڕەپانە دەچن.
شەوێ لە شەوانی ئەو رۆژگارە، لە تەک دوو سێ هاوڕێمدا، ئیوارە چووین بۆ سینەما (نەســر)، کە لەسەر شەقامی(سەعدوون) بوو، فلیمی (لەگەڵ سلاودا بۆ مامۆستاکەم) کە ئەکتەری رەش پێستی هەرە مەزن (سیدنی پۆتی) کەسایەتیی پاڵەوانی فلیمەکەی دەنواند، هێندە کارێکی مەزن بوو، بە تایبەت نواندنەکەی ئەو بلیمەتە، کە هەرگیز لە زەینما ناسڕێتەوە، فلیمەکە باسی بابەتی رەگەزپەرستیی دەکــرد، با بڵێین چەوســاندنەوەی رەش پێســتەکانی ئەمەریکا، بــە تایبەت ئەو بینراوەی کە مامۆســتا رەشەکە دەستی زامدار دەبێ و خوێنی لێ دێ، قوتابییە سپی پێستەکانی، دەیکەنە شۆخی و لاقرتێ و گاڵتەی پێ دەکەن و دەڵێن: (ئەوە چییە، خۆ خوێنەکەی، ئەویش سوورە!!)
ئەویش بە خەندە و روویەکی خۆشەوە، کە گشت رەگەزپەرستی شەرمەزار و ڕیسوا دەکات، دەڵێ: (بەڵێ سوورە، خۆ مەرەکەب نییە)).
فیلمەکــە دوو ســەعاتێکی خایاند، هاتینە دەرەوە، هەر چــۆن خوومان بەوەوە گرت بوو لە ئەو ســەری شــەقامی (ئەلرەشــید)ەوە بە پێ دەمانبڕی، بە هەمان شــێوە لە گەڕانەوەدا هەر بە پیاســە دەهاتینەوە، دیارە کەمێک شەوگار درەنگ بووبــوو، ئــەو کاتەش دڵمان بــۆ (هەمبەرگەر)ەکەی (ئەبو یۆنــان) لێی دا و بە بــێ ئەوەی راپرســی لە یەکدی بکەین، پەڕینەوە ئەو بــەر و چووینە ریزەوە و

بابۆڵەی خۆمان گرت بە دەستەوە و ورد ورد ڕێگامان دەبڕی، بەڵام هەر هۆش و گۆشـم لای (سـیدنی پۆتی) بوو، لە لای من تەواو نەبووبوو، گەیشـتینە لای (بانکی ناوەندیی بەغدا) بەرامبەر بە بازاڕی (شـۆریجە)، شەقامەکە نیمچە چۆڵ بووبوو، زۆر ئاسـایی بـوو گەر لە پیادەڕەوەکانیش بێنە چەقی شـەقامەکەوە، نەڕە نەڕە و جنێودان و شیرە شیر و جڕت لێدان وتم:
ئـا توخـوا راوەسـتن و خـوا داویەتی، ئەمـە ئەوەیە بـۆ وانەی نوانـدن پێیان سپاردووم، وتیان:
ئەو سەرخۆشە!
(بەڵێ ئەو سەرخۆشـە بەر بەردا، ئەوەی هەنـگاوێ دەڕوا و حەوت هەنگاو بە دواوە دێ، ئەها لالا موو دەکات، خۆی پێ ڕاناگیرێ و شیرازەی لە دەست داوە، قسە لەگەڵ خۆی دەکات و هەر خۆشی وەرامی خۆی دەداتەوە...
وتیان: نیازی چیتە!
وتم: لێی دەبمە سەرخۆشێکی لە خۆی پەتەریتر و بەربادتر، ئێوە دوورا و دوور لەو بەرەوە سەیرمان بکەن، چوومە ئەو بەرەوە و لە تاریکییەکەی تەنیشتی لای راسـتییەوە چوومە پێشـی و لە تاوانا پشـت و هەردوو دەستی بە دیوارەکەی پشـتییەوە چەسـپ کرد، هەر دەتگوت پۆسـتەرە و بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە، خۆم خسـتە دوا حاڵەتی بەدمەسـتییەوە، کەوتمە پرسـیاری بێ سەر و بێ پا، کـە نـە بۆی لێک دەدرایەوە و نە بۆی کۆ دەکرایەوە، پاشـان بەم لا و ئەو لادا دەکەوتم و خۆم بەو دەگرتەوە، ئەویش بەو شـڕحاڵییە کەوت بە لادا و کەوتە جنێودان: باشـە ئەگەر نازانی قوزەلقورت وەک پیاو بخوێتەوە بۆ دەیخۆیتەوە؟ وەڵڵا شیری شێریش بۆتە گاڵتەی منداڵە ورتکە، ئەو بە جنێوی بەرمەیدان و من بە جنێوی جارانی بەر (ئەسـحابە سپی)ی سـلێمانی، ناچار بوو لە بۆڵە بۆڵ لە دەستم هەڵهات و ئەوەی گرتبووشی بەری دا، خۆی کرد بە تاریکییەکەدا، منیش چوومە لای برادەرەکانم، کە لەسـەر شۆسـتەکە دانیشـت بوون و لە پێکەنیندا شەکەت بووبوون، وتم:
ئەوە ئەرکی وانەی نواندنی سبەینێم ئامادە کرد.

ئـەو شـەوە هەتا درەنگ وەختانی هـەر پێکەنین بوو، هـەر یەکە خۆی کرد بە ژێـر لێفکەیدا و ئەلەکتریکمان کوژاندنەوە، بـەڵام لە پڕدا دەبووە قرمە و قاقای پێکەنین، ئەو شەوەمان بەو بەزمە رۆژ کردەوە.

بۆ بەیانی وادەی وانەکە هات، سـەربوردەکەی شـەوێم بۆ مامۆستا (ئەسعەد عەبدولرەزاق) گێڕایەوە.

فەرمووی: ئادەی کاکە سالار با ببینین! ویستم شەوێ چ بەزمێکم بە سەرخۆشە پەتییـە کرد بوو ئەوە بکەم، بەڵام لە پڕدا بیرەکەم گۆڕی، وتم: مامۆسـتا، حەز دەکەم لە پێشا سەرخۆشەکە بنوێنم، پاشان خۆم.

فەرمـووی: زۆر چاکە، با سەرخۆشـەکە ببینین، هەتا بتوانیـن بەراورد بکەین، بـۆ ئەوەی بتوانین جیـاوازی لە نێوان راسـتییەکە و کارە هونەرییەکەماندا بۆ دەربکەوێ، فەرموو.

دەستم بە نواندنی حاڵەتی سەرخۆشە بێ حاڵە کرد، کە لێبوومەوە ئافەرینی لێ کردم و چەپڵەی بۆ لێدام و قوتابییەکانیش کەوتنە چەپڵە لێدان.

وتم: دە فەرمووی سەرخۆشییەکەی خۆم بنووسم؟

فەرمووی: نەء، نەء، چونکە لە نواندنی تۆوە، بە تەواوەتی ئەو سەرخۆشـەمان بینی، ئافەرین، دیارە بە چاوی قوتابییەکی راستگۆی شانۆ سەرنجت داوە، بۆیە توانیوتە بە تەواوی بەرجەستەی بکەیت، دەمەوێ سبەینێ بۆ قۆناغێکی سەروو خۆت داوات بکەم، هەتا نەک تەنیا بۆیان بنوێنی، بەڵکوو لێتەوە فێر بن.

***

کاتـی بەرهەمـی (دەرهێنان)ی دوا قۆناغـەکان بوو، هەر دەسـتەیەک و درایە دەرهێنەرێک و مامۆسـتایەکیش سەرپەرشـتیی دەکرد، سـەبارەت بە نواندنی کاراکتەری سـەرەکیی شـانۆییەکە، یان قارەمانەکەی، ژمارەیەک قوتابیی تاقی دەکردەوە، بۆ شـانۆییەکەی ئێمە کە شانۆیی (سیزەرت لە بیر بێ) هەر هەموو بەشـدارانی کـوڕ تاقیکرانـەوە، هەر من بە باشـترین دەردەچـووم بۆ نواندنی کەسـایەتیی سـەرەکی، شانۆییەکەش تەنیا سـێ کارەکتەری تیادا بوو، هەستم بـە حاڵەتێکـی ناخۆش کرد، بۆنی گڵاوی رەگەزپەرسـتیی لێ دەهات، دیار بوو

دەرهێنەرەکە، کە (داوود سەلمان)ی ناو بوو، گەر زەینم لێم ئاڵۆز نەکات خەڵکی (دیوانییـــە) بوو، لەوەش دەرچوو بە ڕێکەوت یان ڕێی هەڵە کرد بێ و کەوتبێتە سەر خوێندنی شانۆ.

لە وشـــە لە (لەکنە) کوردییەکەم ترســا بێ. ئاکام هەر من بە بێ مێمڵ مامەوە، ئەوســا هەر دڵی ئــاوی نەخواردەوە، چوو دەســتەیەک لە مامۆســتایانی بانگ کرد، کە بریتی بوون لە مامۆستایان (جەعفەر ئەلسەعدی، سامی عەبدولحەمید، جاســم ئەلعبودی) ئەوان دەست خۆشــییان لێ کردم و دەرهێنەرەکەیان لەگەڵ خۆیان برد، دیار بوو سەرزەنشتییەکی باشیان کرد بوو، خوا پێم نەگرێ (چاک شــتبوویان)، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم لە ناخەوە هەســتم بەو جۆرە نامۆ بوونە کرد، نەک رق ئەستوور دەکات، بەڵکوو دەبێتە هێز و گوڕ و ئەو توانایەی پێتە ئیستەرەمت پێ دادەکوتێ، کە هەر دەبێ براوە بێت.

دەرهێنەرەکە بە ناچاری هەروەک بە زەبری زۆرەملێ پێیان کرد بێ، تێکستێکی دایە دەستم و ئاماژەی کارەکتەرەکەی بۆ کردم و دەست نیشانی سەعاتی سێی ســبەینێی بۆ کردین کە یەکەم مەشقە و تێکســتەکە دەخوێنێتەوە. هاتینە دەرێ و شــانۆییەکەم بە دەستم گرت بوو، بە درێژایی ئەو ماوەیەی هەتا گەیشتمەوە (حەیدەرخانە)، بە دڵ و گیان خوێندمەوە، هەســتم نەک بە سەرکەوتنی (سالار) دەکــرد، بەڵکوو هەســتم بە ســەرکەوتن و هەوڵ و دەرفــەت وەرگرتنی کورد دەکــرد، ئیدی لەو ســاتەوە کەســایەتییەکەم کــردە نەک تەنیا هۆش و گوشــم بەڵکوو بە خۆم.

هێندە شانۆییەکەم ئەم سەر و ئەو سەر پێ کرد، بە خاڵ و فاریزە و نیشانەکانی پرســیار و سەرسوڕمانیشــەوە لەبەرم کرد، بۆ ســبەینێ وادەی یەکەم پڕۆڤە هات، کۆبووینەوە و دەرهێنەر گوتی: ئا دەی هەر یەکە تێکســتەکەی بگرێت بە دەســتییەوە و دەســت بە خوێندنی دەکەین. پاش تۆزێ لە منی روانی و کەمێک دەنگی خۆی لە گرێژەوە نەبرد و گوتی: ئەی تۆ، تێکستەکەت کوانێ؟ من ناحەقم نەبوو لێت دوودڵ بووم.

وەرامــم دایــەوە: هەرچی لە کەرت کردن و مامەڵــەم هەیە لە تەکیا کردوومە و

زۆر باشە لەبەرمە.
هەمووان حەپەسان، بەڵام هەر خۆی نەگۆڕێ و گوتی: ئەی کلیل و بەستنەوەی بە دیالۆگی کارەکتەرەکانی دیکەوە؟ بەڵێ حیسابی ئەوەشم کردووە، چونکە نەک کلیل و قفڵ بەڵکوو سەراپام لەبەرە.
دەست کرا بە خوێندنەوە، یەک تەتەڵە چییە نەمکردووە و بگرە بۆ ئەوانیشم ڕاست دەکردەوە، چونکە بە وردی سەر و بۆرم بۆ کرد بوو.
ئەو ماوەیەی بۆ پڕۆڤە کردن داندرا بوو سێ هەفتە بوو تەنیا ئەکتەرێ بووم، هیچ سەرپێچییەکم نەبوو، بەر لە هەمووان بە سەعاتێک ئامادە بووم.
وادەی پێشکەش کردن هات، لە هۆڵی نهۆمی دووەمدا تەختەبەندی بەسترا و پەردەیەکیان بۆ هەڵواسی، چونکە ئەوکات شانۆمان نەبوو، بەڵام نایشارمەوە و بە خودا هەر دەبێ بیدرکێنم، ئەو شەوەی لە من رۆی، لە دوژمنی باوەکوشتەش نەڕوا، لەو کاتەوەی گەڕامەوە خۆم خزانە گەرماوە گچکەکەی ئەپارتمانەکەوە، پڕۆڤە لە دوای پڕۆڤە و بە بەکارهێنانی خەیاڵ و گەشت ئەوانەی (ستانلاڤسکی) بە سەراپای تەمەنی دەستی کەوت بوو، گشتیم بەسەر کردەوە و ئەم سەر و ئەو سەرم پێ کرد، هەتا ئەو ئاستەی هەستم بە تەواو ئاوێتە بوونی من و کارەکتەرەکە کرد و بە سینەی ئەو هەناسە دەدەم و بە چاوانی ئەو دەڕوانم، هەر وەک ئەویشی بیر دەکەم و خۆشم چاودێرێکی بە ئاگام بە سەریەوە، نەبادا پتر خەستبێتەوە و بێخود بم و ئاگام لە خۆم و کەسایەتییەکەم نەمێنێ.
دەمەو بەیانی کەروێشکە خەوێکم بۆ کرد، بەڵام ناو بە ناو دەبووە نمایشەکە و بە ئاگا دەهاتمەوە.
نانی بەیانیم خوارد و پەنیری سێگۆشە و چای شیرین و نواندنەکەم بە یەکەوە دەخوارد، لە دووتوێی یەک سەموونی گەرمم دەنان، ناوی خوام لێ هێنا و بەرەو ئەکادیمییەکەم چووم، هەر زوو چوومە سەر تەختەبەندەکە و ئەم سەر و ئەو سەرم کرد، دەنگم تاقی کردەوە، ئیدی وادەی خەڵوەت و گۆشەگیری هات و لە پەنایەکدا کەنارگرتە و تەری بووم، بەرەبەرە لە ژیانی خۆم دوور کەوتمەوە و چوومە جیهانی چڕوپڕی کەسایەتییەکەوە. دیارە وادەی نواندن

نزیک بوویەوە، بۆیە بەڕێوەبەری شانۆ، هەرسێکمان واتە من و (ئەسعەد راشد) و (ســەمیرە حەســەن)ی بردە پشــت تەختەبەندەکە، بە هەموو واتایەک ئامادە بوویــن، هۆڵەکــە جمەی دەهات، جگــە لە قوتابیانی ئەکادیمیا بە تایبەت شــانۆ، قوتابیانــی کورد لە بەشــی کوردیــی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکــۆی بەغداش هات بــوون، گوێم لە دەنگــی دەرهێنەر بوو گوتاری پێشــوازیی خوێندەوە و دەنگی مۆســیقا بەرز بوویەوە لە تەک رۆشــن بوونەوەی ســەر تەختەبەندەکە، کە بە ناو رووناکی بوو، چونکە هیچ مەرجێکی نە رووناکی نە شانۆ نەبوو.... ئەوکات مامۆســتاکان فەرموودەیەکی (ستانسلاڤسکی)یان دەگوتەوە: ((هونەر ئەوەیە لە هیچەوە شت دروست بکەی)).

شــانۆییەکە لایەنێکــی کۆمیدیــی هەبوو، بەڵام من پتر زەقم کــرد بووەوە، لە پڕۆڤەکاندا دەمانچەیەکی وەکی راســتیمان بە بێ تەرەقە بەکار دەهێنا، بۆچی لە کاتی نواندنەکەدا هەر بە خەیاڵما تەقاندم، زرمەیەکی لێوەهات لەســەر ئەو قیرەی بە پێوە لە ســەر وەســتا بووم بە یەک تەقڵە کەوتمە ســەر تەختە و منیــش بینم پێوە گرت و دوو تەقڵەی دیکەم بە دوایدا هێنا، هۆڵەکە هەژا بوو لــە هــەرا و پێکەنین، لەو کاتەدا ئەکتەرێکیان حەپەســاو و ئەکتەرە کچەکەش لــە دەقەکــەی ترازا و لەگەڵ بینەراندا کەوتــە پێکەنین و بووە یەکێک لەوان، پاشــان نە تەنیا جڵەوم گرتە دەســت و دایلۆگەکانی ئەوانیشــم بە وەرامەکە دەگوتەوە، بینەرانیش بە ســەرجەم مامۆســتاکانەوە هەستا بوونە سەر پێ و چەپڵەڕێزان و هێرش کردنی مامۆســتایان بەر لە خەڵکەکە ســەر شانۆی پڕ کرد و کەوتمە ناو هێرشــی ماچ و گوڵ و تەحاتەحا و ئافەرینەوە، دەرهێنەر نەیدەزانی چۆن هەســتی دەربڕێ، مامۆســتا (ئیبراهیم جەلال) پێی وت ئەوە (کاکە ئەحمە سالار)ە.

هەر مامۆســتا و بە رستەیەکی جوان دەسکەنە کراو پیرۆزبایی لێ دەکردم، بە دڵ هەستم بە هەڵکشان کرد هەڵکشانێ کە کێش بە لاوە دەنرێ و کۆترە باریکە ئاسا...

ئەمە ئەو رووداوە بوو کردم، کە یەکەم شــەو لە دڵەڕاوکێ و ترسدا خەوی لێ

تەری بوو، ئەوا شــەوی دوای نمایشــەکەش لە خۆشــیانا هەموو دنیا خەوت و من هەر نەخەوتم.

***

ســالّی کۆتایی بــوو، وا رێککەوت تەنیا مامــەوە، برادەرەکانــم حەزیان دەکرد لەگەڵیانــدا بــم، بەلاّم بڕیارم دا بە تەنیا بژێم دەمزانــی لەو تەنیاییەدا دەرفەتی کۆشــش و بیر کردنەوەم زیاتر بۆ دەڕەخســێ، گەڕام هەر لە دەوری گەڕەکی (قەمبەر عەلی) خانوویەکی باڵەخانەی دوو نهۆمی بە خشــت دروســت کراوی کــۆن هاتە بەرچاوم، وتیان ئەوە ماڵی (ئــوم مەهدییە) ژووری بەکرێدانی هەیە چاوم پێی کەوت، ژنێکی تەمەن سەروو حەفتا ساڵی قەڵەوی کورتە بالاّ بوو، لە بەرامبەر ماڵەکەی دووکانێکی گچکەی پەرپووتی پڕ لە وردەواڵەی هەبوو... بــە چــاو و روویەکی پڕ لە میهر و نەواوە پێشــوازیی لێ کردم، جامێ ئاوی لە شەربەکەی بۆ تێکردم و دایە دەستم، پاشان بەرەو ماڵەکە پێشمکەوت، بە هەزار شەڕەشــەق توانیی ئەو ســێ پلیکانەیە ببڕێ، دەســتێکی بە تاکێکی دەرگاکەوە گــرت بوو، دەســتەکەی دیکەی بە قۆڵی منــەوە. چووینــە مەملەکەتەکەیەوە و بۆنی شــفتە ســوور کردنەوە و شیو لێنان و شــلّپ وهۆڕی ئاوی سەر حەوزە بچکۆلەکە و ......

هاواری لە کوڕەزایەکی کرد: ئا دەی عەباس لەگەڵ مامت ســەرکەوە و ژوورە بەتاڵەکەی پیشان دە. نۆزدە پلیکەی بە خشت دروست کراوم ژمارد و گەیشتمە ســەرێ. پۆلــە کۆترێکی تەقڵەبــاز هەڵفڕین، دەرگای ژوورەکە خرابووە ســەر پشــت و پانتاییەکــەی (٢م ×٣م) دەبــوو، دەرگایەکی تەختەی هەر بەشــێکی لە جــۆرە تەختــە و دارێک بــوو، پەنجەرەیەکی گچکەی داری بە شــیش تەنراوە، زەوییەکەشــی بە خشتی چوارگۆشەی ســوورەوە کراو پۆشرا بوو، لە نهۆمی خوارەوە دەنگی ژنەکە دەهات: کوڕم ئاپخانەکەی پیشــان دە، منداڵەکە دەســتی گرتم و لە پەنایەکدا شــوێنێکی تەســک و تەرووســکی چەپەکی پیشان دام، هەر دەتگــوت بۆ گورگە کردن و شــاردنەوە دروســت کرا بــوو. هاتمە خوارەوە و پیرێــژن بەرەو ڕووم هات، کە ســەرنجم دا لەبەر قەڵــەوی و پیری بە هەردوو

لادا دەشەلی.
وتی: بە دڵت بوو؟
: بەڵێ یەکاو یەکە، هیچ بەرای نییە.
:هەر بە دوو دینار و نیوم داوە، بەڵام بۆ تۆ با تەنیا دوو دینار بێ.
: زۆر سوپاست دەکەم، دەچمەوە سلێمانی و کەلوپەلەکانم دەهێنم و دووسبەی دێمەوە.
هاتمەوە و بوومە نەفەرێکی مەملەکەتەکە، پاسەکانی سلێمانیش هەر لە نزیک ئەو ماڵە دەوەستان، هەر کە گەیشتم کەلوپەلەکانیان و شتەکانیان سەرخستم، دیارە گسکێ لە ژوورەکەدا بوو، ئاورشێنیش کرا بوو. شتەکانم دامەزراند و بەریەکیشم پێ بوو رێک بە پشتی دەرگاکەدا هەڵمواسی و پەنجەرەکەشم داپۆشی.
تەباخێکی یەک چاوی گچکەی نەوتیشم هەبوو ئەویشم لای دەرگاکەوە دانا، هەر کە قاپییەکەم پێوە دەدا، ئیدی هەر خۆم و جیهانە خنجیلانە کپ و خامۆشەکەم دەماینەوە، هەرکات لە ئەکادیمی دەگەڕامەوە، پاش کورتە وچانێ بەرەو بەری (کەرخ) دەچووم، چایخانەیەکی کۆن لەسەر رووباریەکە هەبوو تا بڵێی دڵم پێی دەکرایەوە، ناوبەناویش قاوەی عەرەبییان دەگێڕا و خاوەنەکەی کابرایەکی بە سالاچووی تێکسمڕاوی گەنم رەنگ بوو، کوژراوی (رایز) بوو، ئەو رۆژەی براوە بوایە دڵی خۆش دەبوو، جاروبارە لەبەر خۆیەوە بەستە عێراقییە کۆنەکانی دەوت و قسەی خۆشی دەکرد و هەمووانی بەسەر دەکردەوە، ئەو رۆژەی بۆی نەهاتایە شەڕی بە خۆشی دەفرۆشت، رووی گرژ و مۆن دەکرد و لچی دەدا بە یەکا و وەرامی سڵاو، سڵاو ئاساشی نەدەدایەوە.
کە لە لای پەنجەرە دارینییەکانی تەنیشت (دیجلە)وە دادەنیشتم وام دەزانی لە پاسە دارینییەکانی جاراندام، ئیدی شنەبایەکی شێداری فێنک ئارامیی بە گیانم دەدا، هەر لەو چایخانەیەش نانی ئێوارەم دەخوارد، جگەر یان گۆشت شیشی بە دە فلس بوو لەگەڵ سەموونی گەرم و پیاز و رێحانە کە پێوەی دەخورا، درەنگ وەختانێ دەگەڕامەوە، بەڵام مەملەکەت جمەی دەهات و هەرا بوو،

لــە نێــو پلیکانەکاندا بادانەوەیەک تیادا بوو، ژوورێکــی درێژ هەروەک فارغۆنی شــەمەندەفەر، دەرگایەکــی گچکە و شــوێنی ژمارەیــەک مێردمنداڵی بۆیاخچی بــوو، کورد بوون هــەر یەکە و لە نەزمێ گۆرانیــی دەوت، ئەوە پێی دەگوترێ گــەرەلاوژێ، لە تەنیشــت ژوورەکەی منیشــەوە هەر شــەو ناشــەوێ دەبووە سووردان و چەقەنە و هەرا، شەوێ پرسم کرد ئەوە خێرە؟ وتیان ئێمە یاریزانی یانەی پۆلیســین ئەوە دایکمان ســەردانی کردووین. خوا پێم نەگرێ ئەو جۆرە دایکانەیان زووزوو سەری دەدان و بەزمەکەی گەرم دەکردن.
ماوەیەکــی پێ چــوو بەهار هات و ئەو خانووە بووە خانی ماســت فرۆشــانی هەولێری، دەیان مەنجەڵی گەورە بە حاڵ شــوێنی هامشــۆ کردنی دەهێشتەوە، ماســت فرۆشــەکانیش هەر یەکە و بە بەتانیی خۆیەوە لە هەیوان و سەربانەکە دەخەوتن، هاوڕێیەکانم بە مەیان زانی هەر یەکە و بە دۆڵکەیەکەوە دەهاتن، لەو سەرەوە بە ماستی مەڕی بۆنکزی هەولێرەوە دەڕۆیشتنەوە.
ڕۆژێکیان کە گەڕامەوە گوتم ناچمە دەرێ و مەشــقی خۆم دەکەم لە شــانۆی (ئۆتێللــۆ)ی (شکســپیر)، کارەکتــەری (ئۆتێللۆ)، دەرگاکەم داخســت و دەرگا و پەنجەرەکانــی ئەو ژوورە ئەو دەمــە و هەموو جیهان بە ڕێگای خەیاڵ چوومە ڕۆژانــی ئــەو دەمە و ئەو ســاتەی (ئۆتێللۆ)وە یەک لە دوای یــەک دایلۆگەکانم دەگوتەوە، هەرچۆن بینم پێوە گرت و نابووم بە ســەرمەوە بە زمانی عەرەبی بوو. (ئەگەر ئاسمان بیەوێ بە قورسترین بەڵا تاقیم بکاتەوە و چی ئازار و خەم و پەژارەیە بە سەرما دابیارێنێ و لە کلۆڵی کوێرەوەریدا نوقمم بکات و هەرچی دەرووبەکــی ئاســوودەیی هەیــە بە ڕوومــا دابیخات.... دەتوانــم دان بە خۆمدا بگــرم..... بەڵام بە داخــەوە ناتوانم ببمە پەیکەرێکــی ڕەق و تەق، هەتا پەنجەی تانەم ئاراستە بکرێ......
دەســا ئــەی ئارامگرتن.... ئەی ئەو فریشــتەیەی لێوەکانت هــەر دەڵێی پەردەی سوورەگوڵە، سەبارەت بەم دیمەنە ناڕەوایە بچۆرە بەرگێکی ترەوە و ڕوویەکی تەڵخ و تاریک و دۆزەخ ئاسا بنوێنە.
(دێزدەمۆنا دێتە قسە کردن)

ئۆتێللۆ: ئەم لەشە نەرم و نۆڵە و ئەم بەژن و باڵا جوان هەڵچووە... تۆ بڵێی بۆ ئەوە خولّقا بێت سۆزانیی پێ بکرێت؟ چیت کردووە هەی بێ ئابڕۆ؟ ئەگەر پێت بڵێم چیت کردووە، رووخسارم وەک کڵپەی ئاگر تاو دەسێنێ «چ تاوانێکت کردووە؟ لە بۆگەنیی ئەو تاوانە، ئاسمان لووتی دەئاخنێ و مانگ چاوی دەنوقێنێ و شنەی با خۆی نوقمی ژێرزەوی ئەکات.... هێشتا دەڵێی چیم کردووە؟!»

(بینراو بەرەو کارەساتی کوشتنی دیزدەمۆنا دەچێت)

گوێم لەو دەنگە دەنگ و هات و هاوارە بوو کە لەو دیو دەرگاکەوە دەهات و لە نواندنەکەی کردم، کاتێکم زانی دەرگایان خستە سەر پشت و پۆلیس هێرشی هێنایە ژووری و دەرپەڕیمە دەرێ، هەموویان بە چاوی گومان و ترسەوە لێیان دەڕوانیم، تەنانەت (ئوم مەهدی)یشیان سەرخست بوو، هەموویان بە نیوە بازنەیی لێم کۆبوونەوە.

پۆلیس: ئەو ژنە کێ بوو کە دەتویست بیکوژی و چی لێهات؟

سالار: کاکی پۆلیس کوشتنی چی و ژنی چی؟ من قوتابیی شانۆم لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان و مەشقم لەسەر نواندنی کارێکی (شکسپیر) دەکرد، فەرموون ئەوە شانۆییەکەیە، پاشان ناسنامەکەی زانکۆم دایە دەستی، ئیدی هەمووان بە چاوێکی دیکەوە لە خۆم و ژوورە پەرپووتەکەمیان دەڕوانی.

پۆلیس: داوای لێبوردن دەکەین، ئەو برادەرانە هاتن و بە مەئمووری مەرکەزیان وت ئەوە ئەو کرێچییە لە ژوورەکەیدا هەرا و نەڕەنەڕیەتی، لەوە دەچێ ژنێکی بردبێتە ژوورەوە و بیەوێ بیکوژێ.

ئیدی خوا حافیزییان کرد و چوونە خوارێ، مەرکەزەکەشیان رێک بەرامبەر دەرگای خانووەکەمان بوو.

چەند رۆژێکی نەبرد لە دوا لاپەڕەی رۆژنامەی (ئەلجمهوریە)دا دیمانەیەکم لەگەڵ کرا بوو، وێنەیەکی منیشمان لەگەڵیدا دانا بوو، ئەهاتمەوە (ئوم مەهدی) بانگی کردم وتی: سەیر بکە (ئەو لاپەڕەیەی بە جامخانەی دووکانەکەیدا هەڵواسی بوو پیشانی دام) ئەوەم پیشانی هەمووان داوە، تەنانەت بە هامشۆکەرانی بازاڕی (حەنوونە)شم وتووە ئەوە لای منە.

***

بەر لە وادەی فیستیڤاڵی ساڵانەی ئاکادیمیای هونەرە جوانەکان جموجۆڵ دەکەوتە بەشەکانییەوە،یەکێ لەو بەرهەمە شانۆییانەی کە ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکییان بە من سپاردبوو، شانۆیی (فریشتە لە بابل نیشتەوە)ی فریدریش دورنیمان) بوو، ئەو شانۆنووسەی جیهانی بە ناماقووڵ دەبینی، بەڵام ئەو ناماقووڵییەی، کە شایانی نائومێدی نییە: (هەرچەندە دەرفەتەکانی رزگار کردنی جیهانی زۆر کەمە، بەڵام لە تەک ئەو دانسقەییەشدا هەر مەحاڵ نییە)، هەر لەو روانگەو فەلسەفەی (ئیبسۆردەوەیە، کە گیانی تەنز ئامێزی و گاڵتەجاڕیی، سەرجەمی بەرهەمەکانی گرتۆتەوە: ئەم شانۆییەی (فریشتە لەبابل نیشتەوە) ساڵی (١٩٥٣) نووسیویەتی سەبارەتی دەڵێ: (باس لە هۆکارەکانی دروستکردنی قوللەی (بابل) دەکات، هەرچۆن خۆ لە قەرەدانی ئاسمان بێ، بابەتەکەشی لە دەوری کۆتایی پێهاتنی کوێرەوەرییەکانی جیهان خول دەخوات) هەرچۆن بەڕای لێکۆڵەوەرانێک هەمان بۆچوونە کە لە سورەتی (غافر) ئایەتی (٤٥)ی قورئانی پیرۆزدا هاتووە، بەڵام بە جیاوازی کەسەکانی لەسوورەتەکەدا دەفەرموێ: (وقال فرعون یاهامان ابن لی صرحا لعلي ابلغ الاسباب ...) پرۆڤە لە دوای پرۆڤە نەک هەر ئاشناتر دەبووم بە کارەکتەرەکە و فەلسەفەی نووسەرەکە بەڵکو ئازیزترو بەردڵانتر دەبوو لەلام. هەتا ئەمڕۆش، بگرە هەتا خوێنێ گەشی ژیان بە شادەمارەکانی جەستەمدا دێت و دەچێ، ئەو دایلۆگەم لەبیر ناچێ کە من دەمگوت و دەرووی شانۆییەکەبوو: ((کیژەکەم مادامەکی پەروەردگار تۆی بەم رێکوپێکییە دروستکردووە، بۆیە دەبێ هەر لەسەرەتاوە، ئەو راستیەش بەچاکی بزانی، منێک ئەم شڕوتیتاڵە سواڵکەرییەم پۆشیوە، بەڵێ فریشتەم و باشیش دەزانم، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، ئەم شوێنە زبرەی لەسەری نیشتوینەتەوە زەوییەو، ئەو خانووە پیسانەش شاری بابل)).

هەر لەسەرەتای پرۆڤە کردنمانەوە،هونەرمەندی شێوەکاری مەزن خواڵیخۆشبوو (عەزیز سەلیم) کە لە سەرەتای شەستەکانەوە دەمناسی، سەرەتا لەسلێمانی لەماڵی (شێخ جەلالی حەفید) بوو کە داڵدەیان دابوو، لەلای وێنەگرانی سلێمانی

کاری(رتوش)ی دەکرد لە ستۆدیۆیەکی شەقامی بێکەس چەند تابلۆیەکی، کە لە یادمە پۆرتریێتی(شێخ جەلالی حەفید) و (حەپسەخانی نەقیب) بوو لە جامخانەکانی سینەمای (دڵشاد) نمایشکرابوون، هەمووانی حەیران کردبوو، ئەم پیاوە زۆربەی ڕۆژ هامشۆی دەکردین، لە دەرهێنەرو بەڕێوەبەری شانۆم گەیاندبوو ئەمە هونەرمەندێکی گەورەی کوردە، ڕۆژانە لە کاتی وچاندا، باری سەرنجی بە دەرهێنەر دەدا، ئەویش گشت تێبینییەکانی بە دڵ بوو، ڕۆژێ لێی پرسی تێبینییەکانت سەرپێیی و ئاسایی نییە، بەڵکو ئەوانە لەهی هونەرمەندێکی شانۆکاری پیشەمەند دەچێ؟
لەکاتی خۆیدا بۆ ماوەی دوو ساڵ لە فلانە شانۆی شاری (باکۆ)دا کرێکاری شانۆ بووم، واڕێکەوت یەکێ لەو بەرهەمانەیان لەکاتی بوونمدا لەو شانۆیە ئەم شانۆیە بوو، لەدەرهێنانی (ناوی برد، بەڵام لە زەینمدا نەماوە) ئەو ماوەیە بەپێی کارەکەم ئاگاداری وردو درشتی کارە شانۆییەکەیان بووم.
: سوپاست دەکەم و قەردارتین.
: شایانی نییە، دەتوانم لەکاتی ئارایشتکردنیتا، ئەگەر ڕێگا بفەرموون، بەشداریتان بکەم، بەتایبەت کەسایەتیی (فریشتە) کە (ئەحمەد سالار) دەینوێنێ.
پرۆڤەکە بەرەو پێش چوو هێندەی نەمابوو بۆ ڕۆژو وادەی نواندنی، هەستم کرد ئەکتەری بەرامبەر ( عاقی) کە هونەرمەندێکی بە توانابوو خاوەنی دەنگێکی دەوڵەمەندی زرنگەو لەرینەوە بوو، دەیویست بیکاتە زۆرانبازی دەنگ لەگەڵ دەنگی مندا، بەپێی هونەری نواندن و دەنگ دەبێ وەرگرتنی و دانەوە لە هەمان ئاستی پلە و (تیمپۆ) دابێ، کە پێی دەگوترێ (هاو زەنگە دەنگیی )، بەڵام بەو مەبەستەی ئەو حاڵەت و کەسایەتییە دراماییە کە بزر دەبوو، دەکرایە قوربانی زۆرانبازی دەنگ، ناچار پاش پرۆڤەکە کاتێ لە کافتیریا دانیشتین پێم گوت : حەز دەکەم شتێکت پێ بڵێم تۆ خۆشەویستی لە منیشەوە پتر نزیکی، چونکە هەردووکمان هاوکۆستین، من کوردم و تۆش، ئاشووریی برامی – ئەوەی تۆ دەیکەیت، بەرلە من و شانۆییەکە زیان بە توانا هونەرییەکەت دەگەیەنێ.
:چۆن؟

: بەڵــێ زۆر چاک تــۆ خاوەنی دەنگێکی(باز)ی بەو هەڵبــەز و دابەزەت، جوانی دەنگت لە دەســت دەدەیت، دەبێ بشزانی من خاوەنی پلەی ناوەنجیم (باریتۆن) واتە بواری یاری کردنم لە نێوان پلە دەنگیەکاندا، واتە پەیژە دەنگییەکان (ئۆکتاف) ـەکانــدا، براکەم تۆ دەتوانی دوو ئۆکتاف هەڵکێشــی یــان ئۆکتاف دابەزی، بۆیە رەنگە ئەو کارە (قەرار) و (جەواب) بۆت ئاسان نەبێ.

: دروستە، سبەینێ دەبینی .

وا دەرچوو، کارەکە وەک ئاوی روون و ڕەوان بێ گرێ و قۆرت دەڕۆیی.

وادەی نواندن هات، ئەو رۆژی هەر لەبەیانییەوە بەلێشــاو بەتایبەت، قوتابیانی زانکــۆ، روویان لە ئاکادیمی کرد، کافتریــاو باخچەو گۆڕەپانی ئاکادیمی جمەی دەهــات . کاتــی خۆ ئامــادە کردن هــات، ئەکتــەرەکان خزانیە ئــەو جێگریەتی بەرگەکانمان دەپۆشــی و ئارایشــتمان دەکرد، لەبەر خۆمانــەوە دایلۆگەکانمان دەگوتەوە و، بەهاوەڵەکەمم گوت: ئاگاداری شا دایلۆکەکەت بە .

: کامە؟

: ئەوەی کرۆکی هەرەسەرەکی و گەوهەریتی تیادا دەدرەوشێتەوە.

: (لــە پای مانەوەی ئەم جیهانەدا، دەبێ لاوازەکان بزانن کام رێگایە دەگرنەبەر، ئەوە بەهێزان هێزدارن و چی دیکەیان نییە، بۆیە ئێمەش خۆمان فێری ئەو بنەمایە بکەیــن رووبەرووبوونەوەی هێز کارێکی گێلانەیــە کەواتە گوێ بۆ پەندی ئەم ســواڵکەرە رادێرە . لەبەردەمی هونەرمەند (عەزیز سەلیم) دا دانیشتم، هەردوو دەستی ئالاوی شیکردنەوەی خوریدابوو، پاش دانانی بنچینەی ئارایشت لەسەر رووم و گەورەکانی چاوم، کەوتە چاندن و تێهەڵکێشانی خوری لە پرچمان ئەو دەمە پرچێکی چڕو پڕم هەبوو، پاشــان دەســتیکرد بە بەکارهێنانی ئەو کەتیرە گیراوەیەی لە بنێشتە تاڵ، یان بنێشتە مەستەکی لە ناو (ئیسەر) یان (ئەسیتۆن) دا، چاویلکەکــەی هێنابووە ســەرکەپوی و جگەرەکەی لالێوی دوکەڵی لێ بەرز دەبوویەوە . هەمووان لە دەست و کارەکەیان دەڕوانی و سەرسام بوون.

گوتی: ئەمە فریشتەیە، یان ئەوەی نووسەر؟

هەموان: نەوەڵڵا، ئەمەی تۆ.

لەو ماوە کورتەی بەدەستەوەبوو، پاش جوان و ڕوانین لەسەرو سیمام، کەوتمە نـاو ژیانی کارەکتەرەوە و دەسـتبەرداری خـۆم و دەورو بەرو دنیاکەم بووم. شـانۆییەکە نوێنرا و چووینە سـڵاو دانەوەی بینەران، ئەو رسـتەیەی (ماکسیم گۆرگی ) و شانۆیی (ئەوانەی لە بنەوە دەژین)م هاتەوە بیر کە دەڵێ : ((چەپڵە تو مانای چەپڵە نازانی، چەپڵە وەک ڤۆدگا وایە....))

هەرچۆن بوو، ئەوەی توانیم و پێمکرا، خورییەکەی سـەرو ریشـم لێکردەوە، بەڵام ئەوانەی بەبێمنی سـەرمەوە چەسـپ بوو بوون، چەنـدەم کردو چەندەم کۆشا مەحاڵ بوو. گەیشتەمەوە ژوورەکەم، لەلایەکەوە هێنا وەکو بەری نەداوم کاس و سەرخۆشـی چەپڵە رێزان و تەحا تەحام و لەلایەکیشـەوە گرفتی، چۆن چۆنی سەرم خاوێن بکەمەوە ؟ چوومە بەر بەلۆعەو دەستێک بەسابوونی رەقی و دواون و هەتا حەوت دەست، بێ سوود بوو، هیوای برادەرم بەهانامەوە هات: ئەرێ بۆ دۆش داماویت و سەری دنیات لێهاتۆتەوە یەک، بە نەوت بیشۆ، ئەوە بنێشتەکە نەتواوەتەوە بەسەرتەوە نووساوە .

: هیوا گیان جاران بیسـتبووم بۆ ڕشـک و ئەسـپێ، بەپەرۆیەکـی نەوتاوی لە سەریان دەدا، بەڵام دەیان گوت بەکاویەکە.

: نەخێر بەقسـەت دەکەم، ئاتوخوا ئـەو دەبە نەوتەم بەرێ . هێنای و چۆڕچۆڕ دەیکرد بەسەرما، لەگەڵیا نەک هەر بنێشتە تاڵ بەڵکو تۆپەڵە قژم دەهاتە خوارێ، هەتا دەبەچۆڕی لێ بڕا، ئەوسـا کەوتەوە، نەک سابوون بەکـــارهێنان، بەڵکو پاکەتێ ( تاید) ی حاجەت و جل شوشـتنم بەکارهێنا، بەڵام بـــۆنی لێ نەبڕی بوو شـەکەت و تەواو کەنەفت بوومە، لەسـەر قەرەوێڵەکەم لێی راکشـاوم، لە خەوما جێگای عەولا شـەلی نەوتفرۆشـم گرتبووەوە و بە دوای کەرو بەرمیلە نەوتەکەمـەوە بووم و هاوار هاواری: نەوت بە گاڵۆن و بەتەنەکە و کۆڵانەکانی چوارباغ و سەر شەقام تەی دەکرد.

***

تەمەنیش هەر چۆن ساڵ، وەرزی خۆی هەیە، هەر وەرزە و پەیوەستی رۆژانێکە، ئەوە رەزمی منداڵی، پاشـان لاوێتی.. هەتا تەمەن بەرەو پیری هەڵکشـێ، ئەوە

ڕەزمەکەشـــی خاو دەبێتەوە، ئەمە یاســـا و ڕێســـای ژیان و تەمەنە، ئەگەر هەر وەرزە و هەقی خۆی نەدەیتێ، ئەوە بێگومان کەمتەرخەمیت نواندووە، ڕۆژانێک هەن، پڕن لە جموجۆڵ و چەتوونی و جەربەزەیی و سەرکەشی..
بـــەش بە حاڵی خۆم ئەگەر لە ڕۆژانی منداڵی و مێرمنداڵیمدا، هەلووکێن و یەکە گۆتەکە و قەڵاقەڵا و میزاجێن و شەڕە سەگ و شەڕە کەڵەشێر و شەڕە گەڕەکم نەکرد بێ، ئەوە حاشـــا کوڕی ئەو کووچـــە و کۆڵانەی منداڵی نەبووم، کاتێ کە دەگوتـــرێ گەنجێتی، ئـــەوە لێوان لێوی حەز و خۆزگـــە و تافە تافی هەڵچوونی ســـەرجەم ئارەزووەکانە، لە ســـای ڕەشـــماڵی هەواری خەون و خەیاڵا بەسەر دەبرێ.
سەردەمانێک بە بەزم و ڕەزم و جرت و فرت و بێ ڕابواردن و سەلاری، جاران دەیانگوت: (گەنجێتی داستانی خۆی هەیە).
کاتـــێ لە زانکۆ دەمخوێنـــد، زۆر لەو بەزمانە دەماغی بەرنـــەدا بووم ڕۆژانە لە تەک هاوەڵەکاندا لەو کارە ســـەیر و ســـەمەرانمان دەکرد، لە بیرمە لەگەڵ کاکە (حیکمەت هیندی)ی هەرە ئازیزمدا، پاش نان خواردنی نیوەڕۆمان، لە یەکێک لە چێشتخانەکانی (حەیدەرخانە)، دەچووین بۆ مەزاتخانە واتە بازاڕی (دەلاَلخانە)، لەوێ چایخانەیەکی مام ناوەنجی هەبوو، کانگای مەقامی عیراقی بوو، دیوارەکانی هێندەی تەنیا پوولێکی پۆستەی بە بەتاڵی نەما بووەوە، لەبەر وێنەی فۆتۆگرافی لە شووشە و چوارچێوەی گیراوی مەقامبێژانی عێراقی، لەسەر ڕەفەیەکی توند و تـــۆڵ، دوو ڕیکـــۆردەری گرۆندێکی تیکـــە حەڤدەی دانا بـــوو، تەختەبەندێکی خانـــەی درێژکۆڵـــەش کە دەیان شـــریتی بەکـــرەی تیادا ڕیز کرد بـــوو، کابرای چایچی هەر کە ســـۆزی مەقام لە کەللەی دەدا، خێرا (ســـیدارە) ڕەشـــەکەی بە لاری لە سەر دادەنا، بە تایبەت ئەگەر دەنگی (ڕەشید قۆندەرچی) بوایە، لە تەک سۆزەی (ئەمان ئەمان)دا، چرە دووکەڵی حەسرەت لە ناخییەوە دەردەهات، من و کاکە (حیکمەت)یش هێندەی دیکە وەک (مووشەدەمە) فوورمان دەدا، ئیدی لە تەنیشـــتمانەوە دادەنیشت و بەســـیدارەکەی ئارەقەی چڕ و چاوی دەسڕییەوە، ئەوسا باوەشێنی خۆی پێ دەکرد، بە شاگردەکەشی دەگوت، چایەکی سەنگینی

بۆ تێکات، ئێمەش دەکەوتینە ســتایش و ســەنای (قۆندەڕچــی)، دڵی پڕ دەبوو، دەیگوت:
خۆزگە کاتی خۆی گوێتان لە دەنگی بوایە، دەڵێی چی حەسوودان و ناحەزان لە داخا، کلسیان دەرخوارد دا، ئیدی دەنگی نووسا و بەو دەردەیان برد.
کاکە (حیکمەت) ســیدارەکەی لێ وەرگرت و بە نۆرە لە ســەرمان کرد، بەڵام بۆ خــوا دەڵێم، کاکە حیکمەت شووشــەبەند و چوارچێوەی نەدەویســت هەر کوت و مــت دەتگوت یەکێکــە لەو مەقامبێژانە، بە تایبەت کە دووقۆڵی بەســتەکانمان دەگوتەوە.
ئەوا ڕۆژێکیش هەر لەسەر ئەو هەوا و بەزمە، لەگەڵ کاکە (ئەکرەم ئەحمەد)ی خــوا لــێ خۆش بوو، یەک دوو برادەر کە پێکەوە بووین، گوتمان، بۆ نەچین بۆ چایخانەی (ئەلزەهاوی)، کە لێمانەوە نزیک بوو، پڕ بوو لە پیاوانی بە ساڵاچووی سیدارە بەسەر و عەبا بە شان و فیتک و هۆڕی نێرگەلە کێشانیان بوو، لە سەر قەنەفەیەک دانیشتین، داوای چامان کرد و منیش وتم: لەگەڵ چایە عەنابییەکەدا، نێرگەلەیەکم بۆ بێنە.
برادەرەکانم بەســەر سوڕمانەوە ســەیریان کردم، وتیان: تۆ جگەرەش ناکێشی چیت لەو فلق و هووڕە داوە؟!
دیارە دەتەوێ (سنعاتەکە رەزیل کەی).
لە وەراما وتم: بابە خۆ نێرگەلە کێشــان تەیارە لێخوڕین نییە و حەزم لێیەتی، تومەس نێرگەلە کێشانیش دەستوور و داب و نەریتی خۆی هەیە، بە هەر حاڵ ناشــیانە تێکەوتــم و هەرچی فوورم پیادا دەکرد، گوپەکانم دە ئاوســان و هەر دەتگــوت زوڕنــا لێ دەدەم، ئەوجــا کەوتمە هەڵمژینی و کەوتمــە ژەنینی غەڵبە غەڵــب و هەمەجۆر دەنگم پــێ لێ دەدا، برادەرانیش لە تاوانــدا ئاو بە چاویاندا دەهاتە خوارێ.
یەکێ لەو ئەفەندییە ســیدارە بە ســەرانە، زۆر بە وردی ســەرنجی دەدام، کاک ئەکرم ئانیشکێکی لە قەپرغەم چەقاند، کە گوایە سەیرم دەکەن، منیش وتم زۆر ئاساییە، بڵێ هێشتا دەستی (رەقاس) نەبووە.

چـاوم بڕییـه کابراکـه و له مژلێدان کەوتـم و هاوەڵەکانیشـم ورتەیان لێ برا، کابراکه سەیری کردم و پرسی: ئەرێ کاکه پرسیارێکت لێ دەکەم؟
– فەرموو گەورەم.
– تۆ کوڕی مەلا عەبدلواحید ئەفەندی نیت؟
– (له کوێم هەڵدەگری و له کوێم دادەنێی) بەڵان قوربان، چۆنت زانی؟
– رێک چاوەکانت به چاوەکانی ئەو دەچێ.
– دیاره باوکم برادەرت بووه؟
– ساڵەهایەک، بەڵام پتر له بیست ساڵه به خزمەتی نەگەیشتووم، ئەو عەیامه له هەڵەبجه مامۆستا بووم، ئیدی خۆم گواستەوه بۆ بەغدا، ئەوه عومرێکه لێرەم.
– ئەگەر بفەرموون، ناوی شەریفتان؟
– مستەفا.
– سـوپاس مام مسـتەفا، هەر کـه چوومەوه خزمەت باوکم، بـۆی دەگێڕمەوە، بەڵام.
– باسی نێرگەله کێشانەکەشت؟ نا، نا، ئەوه که ئێمەش له تەمەنی ئێوەدا بووین، هەزار بەزمی لەوه سەیرترمان دەکرد. ئیدی ببڕای ببڕای نەک هەر توخنی ئەو چایخانەیه نەکەوتم، بگره ئەو راسـته رێیيەشـم له خۆم حەرام کرد، بەڵام هەر له دڵما بوو، کاتێ بۆ پشووی هاوین گەڕاینەوه بۆ شار، سەربوردەکەم، به بێ کـەم و زیـاد بۆ باوکم گێڕایەوە، ئەویش به پێکەنینه پڕ جۆشـەکەی که هەندێ جار لێی دەکرد به کۆکه، پێم پێکەنی و فەرمووی: ئای که ئەوه پیاوێکی سـەر راسـت و مامۆستایەکی نموونەیی بوو، خوا یار بێ که گەڕایتەوە، نامەیەکی بۆ دەنووسم بیدەرێ به راستی پەرۆشی دیداریم.

# ماڵە باوان

ئــەم کۆمەڵەیە لە رۆژی(١٩٦٩/١٢/٣١) بــە فەرمی رێگای کارکردنی پێدراوە لە (١٩٧٠/٨/٢)دا، بــە نووســراوی ژمارە(٨١٦٩)ی دیوانی ســەرۆکایەتی کۆماری عێراق، بە کۆمەڵێکی سوودبەخشی گشتی دانراوە.
بیرۆکــەی دامەزراندنــی ئەم کۆمەڵەیــە، دەگەڕێنەوە بۆ ئــەو کۆمەڵەی هونەرە جوانانەی جارانی ســلێمانی، کە ســاڵی (١٩٥٦) لە ســەر دەســتی دەســتەیەک لــە رۆشــنبیران و هونەرمەندانــی ئــەو دەمــەدا هاتبــووە ئــاراوە، کــە پــاش ئــەوەی لە هاوینی هەمان ســاڵدا بە دەسپێشــخەریی مامۆســتا(رەفیق چالاک) شانۆیی(پیســکەی تەڕپیریــان پێشکەشــکرد، کە لە شــانۆی (ســەگەنەریل) کە بــە عەرەبی ناونرابوو(البخیــل) و، هەردوو هونەرمەند(رەفیــق چالاک و نوری وەشــتی، بە کوردییان کردبوو، لە ســەر شــانۆی ئامادەیی سلێمانی کوڕان بۆ ماوەی چەند شەوێک نوێنراو و سەرکەوتنێکی جەماوەری ئەو تۆی بەخۆیەوە دییــوو، کــە پێشــتر روونەبینرابوو، بۆیە ئــەم کارە بووە مایەی ســەرهەڵدانی بیرۆکەی پێکهێنانی ئەو کۆمەڵەیە، هونەرمەندان(رەفیق چالاک، نوری وەشــتی،

قــادر دیــلان ولێم یۆحەنا، نەجات عەبدە، رەوف یەحیــا، جەمال بەختیار، هادی عەنبــەر....) گەلێــک هونەرمەندی دیکە، وەک کاکە نەجــات عەبدەی هونەرمەند ئاماژەی پێدەکات، لەسەردانێکی خوالێخۆشبوو(سەعید قەزاز) وەزیری ناوخۆی ئــەو ســەردەمە دەچێتە دیداری و داوایەکەیان دەخەنــە دیاری و ئەویش گفتی پشــتگیریی لێکردنیــان دەداتێ، بووە یەکەم کۆمەڵــەی هونەریی رێگا پێدراو لە مێژووی هونەریی نەتەوەیی کوردا.
پــاش بەرپابوونی شۆڕشــە مەزنەکــەی ئەیلوول چرای هونەر لە کوردســتاندا لەلایەن رژێمەوە خامۆشــکراو، لە ســاڵی(١٩٦٣) کۆتایی بە بوونی هات، کەواتە زۆربەی ئەوانەی بیریان لە پێکهێنانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی کردەوە ئەوانەبوون، بەرابەرایەتیی کاکە(نوری وەشــتی)، داینەمۆی هەڵسوڕێنەری ئەو پرۆژەیە.
رۆژێکی هاوینی ســاڵی (١٩٦٩) بوو، کاکە(قادر نوری) کە جگە لەوەی برادەرم بوو خزمیشــم بــوو، داوای لێکردم، ئەو پــاش نیوەڕۆیە، لە بــارەگای ژووری بازرگانیی ســلێمانی، کە لەســەر شــەقامی مەولەوی بوو، ئەو شوێنەی پاشان بــوو بــە نووســینگەی پزیشــک(عەبدولقادر شــاڵی)ی خوالێخۆشــبوو، یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندن بوو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە پارێزەر(محەمەد ســدیق مەحمود) بەڕێوەبەری کارگێڕی ئەو شــوێنەبوو، جگە لەوەی داڕشتنی پەیــڕەو پرۆگرامی ناوخۆیــی کۆمەڵەکە، پتر لەلایەن ئــەوەوە دارێژرابوو، هەر چۆن شارەزاییەکی چاکی لەو بوارەدا هەبوو، بەشداری دانیشتنەکەم کرد، بەبێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک خۆم لە مشتومڕ و گفتوگۆیەکان هەڵقورتێنم، هەمووان بەرێزە و پێشــوازییان لێکردم، لەو بەرێزانەی کە بەشداربوون، ئەوەی لە زەینا نەسڕاونەتەوە ئەمانەبوون: نوری وەشتی، محەمەد سدیق مەحمود، عەبدولقادر نــوری، جیهــان عومەر، مەحمود زێــوەر، رەئوف یەحیا، تەهــا خەلیل، هەر لەو دانیشتنەدا، داوای بەشداریی خۆم هاوەڵانیان لە ئاییندەی کۆمەڵەکەدا لێکردم.
ئەوەبوو پاشــان لە هەمان ســاڵدا مۆڵەتی کارکردنیان پێدرا، هەر لە پێشــووی هاوینی ئەو ساڵەدا دەستم بە چالاکی شانۆیی لە ناو کۆمەڵەدا کرد.

ســـەرەتا بە چەند کورتە شـــانۆییەکی وەرگێڕاو و، وەرگیرا و دەستم پێکرد، کە زۆربەیان لەلایەن خۆمەوە کرابوو، هەر لە سەرەتای کارکردنەوە، ژمارەیەک لە قوتابییانی هونەر، چ زانکۆی بەغداد، جگە لە دەستەیەک لە بەهرەمەندانی شاری ســلێمانی، لە تەک کارکردنیان زۆر دزێوە دیاردەم دەبینی، ســەرەتا میراتی لە رۆژانی پێشــووەوە بۆیان مابوویەوە، بەتایبەت لە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی پێشــووەوە، کە دەبوو لە تەک پێشکەشــکردنی شانۆییەکەدا، گۆرانی و مۆسیقا و شــایی و هەڵپەرکێ و شــیعر خوێندنەوە و قســەی نەســتەق و گاڵتە و گەپ و زۆرجاری واش هەبوو، خوالێخۆشــبوو(مەلا فایەق)یشــان بانگهیشت دەکرد کۆمەڵی یاریی جادوو گەرانە و سەر سورهێنەر بنوێنێ، ئەمەیان لەلایەن کردوە، کە سەر شانۆی دەبوویە رۆژی حەشر و رۆمەلغەزایەک هەر مەپرسە، لەلایەکی دیکەوە بینەران، ناو هۆڵەکە دابەش دەکرا بە رێزەکانی پێشـــەوە بۆ ئەشراف و مەشــراف.. گۆرانــی لێدان هەموو جۆر بەتایبــەت گۆرانی(دیلان) و (چالاک) کە بەهیچ شــێوەیەک ئەو مقاماتە لەگەڵ کەشــی بۆنەکــەدا نەدەگوونجان، بینەران زۆربەیان وەک بۆ حەوتە حەمامی جاران، یان سەیرانی(کانی با) و (قۆرییەشکاو) و (ســەر وەیس) هاتین، هەر خێزانە و هەر کەسە بەپێی حەز و بێوزی خۆراک و برێشکەی لەگەڵ خۆی دەهێنا، لە تەڕە سازەوە بیگرە بۆ باسوق و سجوق و قەرزانی سوێر و .. سەرەڕای جگەرە کێشانی بێ و چان ئەبووە چڕە دوکەڵێک، هەر وەک لەبەردەم توونی حەمامەکەی سوورەت دا دانیشتنبیت، با ئەوەش لەو لاوە بوەســتێ کە بۆ هەر بەرهەمە، یــان ئاهەنگە(حانووت) کەیان بەکرێ دەدا، ئیدی لە کاتی نواندن و ئاهەنگەکەدا، شــیر و شــەکرە، تا نەیخۆیت نازانی چییە، ئەو دەڵەمە بە دۆشاوی ترێوە، ئادەی قاورمەی نۆک، رەحەتە لوقمی شرووبی بە چۆرەکەوە، ئەوە ناوســاجی گەرم، ناو تاوەی کوردی، وەرنەوە بۆ سۆدە و سیفۆن، چلووریە گولاڵە....

جــاران فێــری ئەوە نەبووبــوون، بێدەنگی و هێمنی هۆڵەکــە بپارێزن، بۆیە ناو بەناو، لە بڵند گۆوە هاوار دەکرا..

دەبــێ ئەوەشــمان لە بیــر نەچێ، ئەمەش هــەر بۆ مێژوو: خەڵکــی لە گەرمەی

نمایشدا دەچوونە دەرێ و زرم دەرگای گاهۆڵەکە دەدرا بەیەکدا، دەرگاکەش لە پلێتی ئاسن دروست کرابوو، بۆ ئەوەی باشتر زرمەی لێ هەستێ.
منیتک لەگەڵ شانۆی پێشکەوتووەکانی بەغداد و ئامۆژگاری ئەو مامۆستایانەم گوشکرابوو، کە شانۆ بە تەنیا بۆخۆی هونەر و باڵاترین رووی ژیاوە و پیرۆزی خۆی هەیە، کەواتە دەبێ لێرەوە دەستپێبکەم ئەمە یەکەمین و گرنگترین ئەرکمە.

***

دەبێ بۆ خوا، کە باسی ئەوە کۆمەڵە کرا، ئاماژە بۆ ئەو هەستە پاک و پیرۆزە، یان ئەو گیانە هونەرمەندانەیەی بکرێ، کە هەمیشە داب و نەریتێکی بەردەوامیان بووە، ئەویش ئەو پێشوازی کردنە گەرم و گوڕە راستگۆییانەیە بەرانبەر بە بەهرە و توانای گەنجان.
بەش بە حاڵی خۆم لە یەکەم رۆژی کار کردنمەوە لە کۆمەڵدا، هەستم بەو گیانە هاندەرە جوانە دەکرد، رۆژێ لە رۆژان سەبارەت بە پرۆژەکانم هەرگیز وشەی (نابێ و نییە)م لێ نەبیستوون، بە تایبەت لە کاتی خوا لێ خۆشبووم (کاکە نووری وەشتی) کە سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو، هەمیشە بۆ بەشداریی کۆبوونەوەکانی دەستەی بەڕێوە بردن بانگ دەکرام.
سەرەتا بارەگاکەمان لە کۆڵانێکی بەرانبەر بە (ئەسحایە سپی) بوو، خانوویەکی گەورەی شێواز کۆنی سلێمانی بوو، حەوشەیەکی گەورەی هەبوو، ماوەیەکیش یانەی وەرزشی لەگەڵماندا هاوبەش بوون تیایدا.
کە هاوینان دادەهات، رۆژانی پشووی هاوین، سەر لە بەیانیان ژمارەیەک لەو گەنجانە دەهاتن و لەو ژوورەی بۆیان تەرخان کرد بووم، مەشقی نواندن و دەنگم دادەدان و عەسرانیش پرۆڤەی شانۆیی. هەر کاتێ بۆ خوێندن دەگەڕامەوە بەغدا، جگە لەوەی بەرهەمم لە نێوان چالاکییەکانی ئەکادیمیدا دەنواند، هەروەها لە دەریشەوە و بە تایبەت لە رادیۆی کوردیی بەغدا، هەمیشە بیرم لە لای بەرهەمی نوێی هاوینەم بوو لە کۆمەڵ، هەرچی بەرهەمێ لە سەر شانۆکانی عێراق، بە تایبەتی ئەوانەی لە لایەن تیپی شانۆی هونەریی بەغداوە، پیشان

دەدرا و بەرهەمەکانــی پەیمانگە و ئەکادیمیا، بەو چاوەوە ســەیرم دەکردن، کە ئایا بۆ ئیمە دەگونجێ و شیاوی کار کردنن؟
هەروەها خووم بەوەوە گرت بوو، ڕۆژانی هەینی گەشــتێکی بازاڕی (ســەرای) بکــەم، لەگــەڵ ئەوەدا کــە بابۆڵەیەک لە کوبە بــە ناوبانگەکەیم دەخــوارد، ئیتر دەگەڕام بە ســەر عەرەبانەی کتێب فرۆشــەکانەوە و بە تایبەتی چاوم بۆ کتێبی شــانۆیی دەگێڕا، ئەوکات لە قاهیرە زنجیرەیەک بەرهەمی شــانۆیی جیهانی بە ناوی (لە شانۆی جیهانییەوە)، چاپ دەکرا و پێشەکییەکی زانستیی زۆر بە نرخی لە لایەن مەزنە زانایەکی شــانۆوە بۆ دەنووســرا، بەرگێکی گوێز ڕەنگی هەبوو، لە سەر عەرەبانە دانەی بە پەنجا فلس بوو، هەینی نەبوو پێنج شەش دانەی لێ نەکڕم. جارێ لە جاران کتێبێکم بەرچاو کەوت بە ناوی (اربع مسرحيات طليعة) واتە (حەوت شــانۆیی پێشــەنگ) کە لە وەرگێڕانی (د. ڕەشاد روشدی) بوو، کە پاش چەند ساڵێک لە ڕێی نامەوە پەیوەندیم لەگەڵیا پەیدا کرد، بە یەکێک لە زانا بەرزەکانی ئەو بوارە دادەندرێ و سەرۆکی پەیمانگەی باڵای نواندن بوو.
١. (موفەتیشی گشتی) نووسینی (نیکۆلای گۆگۆڵ).
٢. (لە ژێر خوڵەمێشەوە، یان ئەوسا مانگ ئاوا بوو)ی (جۆن شتاینبیک).
٣. کوێرەوەرییەکانی (دکتۆر فارست)ی (کریستۆفر مارلۆ).
٤. شانۆیی (خوازبێنی) نووسینی (ئەنتوان چیخۆف).
ئەو دەمەی کە کتێبە کۆنەیەم لە ســەر عەرەبانە بە پەنجا فلس کڕی نەمدەزانی کە دەبێتە مایەی چوار پرۆژەی هەرە گرنگی ژیانم.
کاتێ بە پەرۆشەوە کەوتمە خوێندنەوەیان، بەر لە هەمووان شانۆیی (موفەتیشی گشــتی)یەکەی (نیکولای گۆگۆڵ) گەلێک باری ســەرنجی ڕاکێشــام، چونکە ئەو لایەنانەی تیادا بوو، کە بۆ بە کوردی کردن لە هەموویان لەبارتر بێ، جگە لەو لایەنە کۆمێدییەی، کە هێندەی دیکە بۆ ئەو دەمەی ئێمە گونجاو بوو، هەر چۆن لە نەخشمدا بوو بتوانم لە بری ئەوەی جەماوەر تەرە بکەم، جەماوەر ڕابکێشم، بۆیــە کاری بــە کوردی کردن، نــەک تەنیا وەرگێڕان، بە چاکتــرم دەزانی و بە تایبەتی کۆمیدی، یان ئەو جۆرە شــانۆییانەی ئاشناترن، یان زووتر دەچنە دڵی

بینــەری کوردەوە، ئەم بەرهەمەی (نیکولای گۆگۆڵ: ١٨٠٩-١٨٥٢)، بە باڵاترین کاری گۆگۆڵ دادەندرێ، لە هەمان کاتدا شــاکارێکی پێشەنگی ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنە ئامێزە ســاڵی (١٨٣٦) نووســیویەتی، لە هەمان ســاڵدا لە ســەر شانۆی شاهانە و بە ئامادە بوونی قەیسەری رووسیا نوێندراوە، خودی قەیسەر لەگەڵ ئــەو گشــت ڕەخنە تونــد و تیژەیدا، گەلێــک بە دڵی بووە و بە جوانی هەســتی سەرســام بوونــی بەرانبەر دەربڕیــوە، هەرچەندە لە لایــەن نەیارانی (گۆگۆڵ)ـەوە، بۆ چەندەها جار بووەتە مایەی ڕکەبەرایەتی و ڕەخنە گرتنی شــکێنەر بە ڕادەیــەک بــاری (گۆگۆڵ) ئاڵۆز دەکات، ناچار ســەری خۆی هەڵدەگرێ و هەتا ساڵی (١٨٤٨) ناگەڕێتەوە.

خودی (گۆگۆڵ) سەبارەت بەم شانۆییەی دەڵێ: (مەبەستم بوو هەرچی خەوش و ناتەواوییەکانی رووســیایە، ئەوەی زانیومــە، هەمووی خڕ بکەمەوە، هەرچی جەور و ستەمێک هەبووە و هەرچی نالەبارییەک کە بەر لە گشت شتێ پێویستی بە چاکسازی و چارەسەر هەبووە، گاڵتە بە هەر هەموویان بکەم).

نــەک تەنیــا جارێک بگــرە پتر لە چوار پێنــج جار خوێندمــەوە، کاتێ گەڕامەوە سلێمانی، مامۆستا (ڕەوف حەسەن) لە برادەرە خۆشەویستەکانم بوو، هەروەها ئەندامی کۆمەڵە بوو، بەشــی وێژە، لەگەڵی دانیشــتم و باسمان لێوە کرد، داوام لێ کرد بیکاتە کوردی و شوێنێکی لە ناوچەی سلێمانی بۆ هەڵبژێرێ، مامۆستا داواکەمــی بــە دڵ بوو، زۆر بە وردی کارەکەی کرد بوو، بەڵام ئەوەی پاشــان خەمم پێوە خوارد، کە بە دەســتی ئەنقەســت نەبوو، بەڵکوو وا ڕێککەوت بوو، هەنــدێ لەو ناوی کەســانەی کــە درا بوون بە ناوی کارەکتەرەکانەوە، پێشــتر هەبوون و هەندێکیان خزم و دۆستمان بوون.

بــەڵام لــە ڕووی هونــەری وەرگێڕان و بە کوردی کردنەوە، مامۆســتا ڕەوف حەسەن بە هەق هونەری نواند بوو.

پرۆژەکەم پێشکەش کرد، هەر دەستبەجێ کۆمەڵە ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕی، دیــار بوو زۆربــەی ئەندامانی دەســتەی بەڕێوەبەر، شــانۆییەکەیان لە لا نامۆ نەبوو، چونکە هەمان شــانۆیی، بە وەرگێڕاوەیی، ساڵی (١٩٥٤) لە سەر شانۆی

ئامادەیی سلێمانی پێشکەش کرا بوو.
دەست نیشانی رۆژێکم کرد بۆ بەشداران، بە تایبەت بۆ هەڵبژاردنی ئەکتەری رۆڵی (موفەتیش)، سەبارەت بە کەسایەتیی (قایمقام) داوایان کرد هەر خۆم لە هەمان کاتی دەرهێناندا ئەو کەسایەتییە سەرەکییەش بنوێنم، بۆ نواندنی کەسایەتی (جەنابی موفەتیش) برا ئازیزەکەم کاکە (عەبدولی حەمە جوان) ئامادەیی پیشان دا، برادەرێکی ئازیزیش حەزی دەکرد ئەو، ئەو کەسایەتییە وەربگرێ، بەڵام لە ئاکامدا، من و ئەو بەڕێزانەی لە گەڵما بوون، کاک (عەبدول) یان پەسند کرد، بەڵام ئەوەی هەڵنەبژێرا کەوتە رەفتار و گوفتاری بەدەر لە رەوشتی هونەرمەند بەرانبەر هونەرمەندی هەڵبژێردراو، ناچار کردمە دەرێ و زۆر پێوە دڵگران بووم.
بۆ رۆژی دوایی دەستمان بە قۆناغی خوێندنەوە و شیتاڵ کردنەوە کرد، ئەوسا کەوتمە کاری دەرهێنانی پراکتیکی، لە کاتێکدا سەرجەم ئەکتەرەکان، بە خۆمەوە تەمەنیان گەلێک گچکەتر بوو، لە تەمەنی کەسایەتییەکان، بەڵام توانرا بە جوانترین شێوەی هونەری و گەورەترین جەماوەرەوە مێژوویەکی نوێ بۆ خۆی تۆمار بکات.
ئەم شانۆییە لە سەر شانۆی ئامادەیی سلێمانیی کوڕان لە ١٩٧١/٨/١٣دا) نوێندرا، پاشان برایە شاری بەغدا و لە هۆڵی (فەیسەڵ) کە پاش شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژ ناونرا بە هۆڵی گەل و دادگا بێ سەروبەرەکەی (مەهداوی) ی تێدا گێڕدرا، شانۆییەکە لە رۆژی٢ تا ١٩٧١/٩/٦ پێشکەش کرا. ئەم چوونە بەغدایەمان سەربوردەی خۆی هەیە، ئەمما سەربوردەی تاڵ و شیرین، پێکەنین و گریان.

❋❋❋

ئەو سەرکەوتنە مێژووییەی، جەنابی موفەتیش، چ لە رووی هونەری و چ لە رووی جەماوەرییەوە بە دەستهێنا، دەتوانرێ بگوترێ جۆرێک لە جۆرەکانی وەرچەرخانی هونەریی هەرە دیاری لەخۆگرتبوو، رۆژنامەکانی ئەو کاتە، بەتایبەت رۆژنامەی(هاوکاری) گرنگییەکی بایەخداری پێدابوو، ئەوەبوو دەیان

ریپۆرتــاج و وتاری لەســەر نووســرابوو، بەو هۆیەوەی کە لە شــاری بەغداد بەتایبەتــی پــاش ڕێکەوتنــی یانزەی ئــازاری ســاڵی(١٩٧٠)، کە بــە مەزنترین دەســکەوتی نەتەوەیی لــە مێژووی نزیکی کوردا دادەنــرێ، ژمارەیەکی مەزنی کورد لەو پایتەختەدا دەژیا و ڕاژەیەکی دیاری لە ژمارەی دانیشتوانیدا هەبوو، بۆیە دڵســۆزتان پێشــنیازی بردنە بەغــدای بەرهەمەکەیان بــوو، هەر چۆن لە بەغــداد لقــی کۆمەڵەمان هەبوو، هەر چۆن لە کەرکووک و هەولێر و شــوێنانی دیکەش هەبوو، ســەرەتا من شەرەفی ســەرۆکی ئەم لقەم هەبوو، بەڵام پاشان کەمن گەڕامەوە، خوالێخۆشبوو(ڕەفیق چالاک) سەرۆکی بوو، بۆ نەگبەتی ئێمە، ناکۆکییەکی خراپ کەوتە نێوان کاک ڕەفیق و ( ســەیدا ســاڵح یوســفی)، پاش ئەوەی شــانۆیی (دکتور تێلا)بی لە شانۆیی(بە زۆر کرا بە دکتۆر)ی نووسەری کۆمیدی فەرەنســی (ســولێم)ەوەی بە کوردی کردبوو هەر خۆشی دەرهێنەری بــوو، بەهۆی ئەو تانەو تەشــەرانەی ئاراستەی(شــەهید یوســفی) کردبوو، کە چەندین بەرپرســی کوردی ئەو دەمەی بەغدادی گرتبووەوە، کە ســەرجەمیان هەڵبژێراوی(پارتی دیموکراتی کوردســتان) بوو، تەنانــەت ناوی پاڵەوانەکە، کە خودی خۆی دیبواند ناوی نابوو(ســاله)، ئەمە بووە هۆی دابڕان و درز کەوتنە نێوان(یوســفی) و (چالاک)وە بەڵکو نێوان پارتی و ئەوەوە و لقی کۆمەڵەیشــی پێوە ئاڵو دەبوو، بۆیە ئاکامی ئەو نالەبارییە بەسەری(جەنابی موفەتیش)ە کەی ئێمــەدا شــکایەوە و ئێمە ســزا و باجەکەیمان دا، کە نەدەبوو لەســەری ئێمەدا بشــکێ، گرفتەکە لەوەدابوو ئێمە لەلای خۆمانەوە بە هیچ جۆرێ نەبیرمان لەوە کردبووەوە و نە حسابمان بۆ کردبوو.

ناردمانە هۆڵی گەل، کە پێشــتر هۆڵی(فەیسەڵ) و هۆڵی(ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق) بوو و پاش شۆڕشی گەلاوێژ بە هۆڵی(دادگای گەل) بە کرێیان گرت بۆ چوارشەو واتە ڕۆژێ بۆ دیکۆر و پرۆفە و سێ ڕۆژیش بۆ نواند.

بەیانییەکی زوو ســواری پاس بووین و بە گۆرانی جارانی شــار بە ڕێکەوتین، لە تاقی نیوەڕۆدا لە ئوتێل(مســتەفا) کە لەســەر شــەقامی (ئەلرەشــید) بوو، دا بەزین، کاک مســتەفا بەروویەکی خۆشــەوە پێشــوازی لێکردین، ئەو شوێنە لە

شـــانۆکەمان کە لە مەیدان بوو، تەنیشـــت وەزارەتی بەرگری، دەمانتوانی بەپێ بێین و بچین.
ئەوەی جێگای سان و سەر سورمانمان بوو، هیچ جۆرە ریکلامێکمان نەبینی لە کاتێکا سەدان پۆستەرمان ناردبوو، کە ئەو کاتە بە ئامێری سکرین و بەدەست راماندەکێشـــا، جگە لـــە چەندین لافتەر هاتە خوارەوە چەند شـــوێنێکی رۆژنامە فرۆشـــتن هەبـــوو، بە پەلە کەوتمـــە ســـەرنجدانی(ئەلتەنافی) و چەندین گۆڤار و رۆژنامـــە، بەڵام هیـــچ جۆرە هەواڵێکـــی کارەکەی ئێمە تیادانەبـــوو، بە تەلەفۆن پەیوەندیـــم بە کۆمەڵەوە کرد، دیاربوو ئەوانیش تەنانەت کاکە نوری وەشـــتیش هەر بێ ئاگابوو، هەر لە عەسرەوە، لەگەڵ کاکە (حیکمەت هیندی) و ژمارەیە لە برادەرانی (دیکور) بەرەو هۆڵەکە چووین، بەر لە خۆمان هەر زوو، دیکۆرەکانمان گەیاندبووە هۆڵەکە، کابرای حانووتەکە بە پەرۆشەوە بەرەو روومان هات، لەو نەگبەتـــە وابوو، ئەمەش ئەو عەشـــاماتەی پێوەیە کـــە کاتی جاڕدانی بەیاننامەی یانزەی ئازار بەخۆیەوە بینی، کە کەس نەیدەزانی هێندە کورد لە بەغدادا دەژی، کە هەر ئەوەی رژابوویە گۆڕەپانی(ئەلتەحریر) ســـەدان هەزار کەس بوو، کابرا چووبـــوو بـــۆ رۆژی دوایی کـــە رۆژی نواندنەکەبوو، چـــوار ئەوەندەی جاران، بابۆلە خواردن و سۆدەو سیفۆنی کڕیبوو.
دیکـــور و رووناکی و پێداویســـیتییەکانمان ئامادەکردو، بۆ ســـبەینێ ســـەر لە بەیانـــی پرۆڤەیەکمـــان کـــرد و گەڕاینەوە، هەر لـــە گەڕانەوەماندا لـــە یەکێ لەو چێشـــتخانانەی حەیدەرخانـــە، وابزانم(تاجریان) یان پـــێ دەوت، زۆر بەنامی و بەتـــام بوو، نانێکی باشـــمان خوارد، نەفـــەری بە نەوت فلس بـــووە، چووینەوە ئوتێلەکە و ســـەر خەوێکمان بۆ شـــکاند و پاش دوو سەعاتێ هەموویانم بەرەو هۆڵی شـــانۆکە بەرێخســـت، نواندنەکەش ســـەعات هەشتی شـــەو بوو، من هەر چۆن خویەکی تایبەتی خۆم، بەر لە دوو سەعات جلەکانم دەپۆشی و ماکیاجیان بـــو دەکـــردم، پێشـــتر لـــە ســـلێمانی خوالێخۆشـــبوو و رۆشـــنبیر و هونەرمەند مامۆســـتا(جیهان سدیق شاوەیس)دەیکرد، بەڵام لە بەغداد کاکە حیکمەت هیندی ماکیاجـــی دەکردین، ئیدی ئەو ماوەیەکی کە مابوو، لە گۆشـــەیەکی ژوورەکەدا

گۆشـــەگیر و کەنارگرتەبووم، هەر چۆن بەپێ ڕێبازە ڕیالیزمییە سوسیالیزمییە کەی(ستان سلانسکی)، کە دەبێ ئەکتەر بەر لە چوون سەر شانۆ بتوانی بچێتە کەسایەتییەکەوە وتیایدا بژی.

چـوو بوومە ئـەو جیهانەوە، کـە جیهانی کەسـایەتیی(قایمقام) بوو سـەرجەم لایەنەکانـی کەسـایەتییەکەم لەخۆمـدا ڕەواندبـوو، لـە پـڕ خوالێخۆشـبوو هونەرمەند(فوئـاد حەمـە ئەمیـن ئاغا) بە توندی دەرگاکـەی کردەوە و بەڕوو خۆشـی و شـیرینەکەیەوە، پێـی گوتم: مژدە، مـژدە، ئـەوا دوو خولەکی ماوە بـۆ نمایشـەکە و یەک تاکە بینـەر هاتووە، ئەوە تەلەفۆنمان بۆ کاکە مسـتەفای ئوتێلچییەکە کردووە شاگردەکانی بنێری بۆمان.

لـە کوێم هەڵدەگری و لـە کوێم دادەنێی، بەڵام من کە دەرهێنەری شـانۆییەکە بـووم، دەبوو ڕۆڵـی ڕابەریان ببینم، بەتایبـەت بـۆ ورە بەرزکردنەوەیان لەو سـاتەدا هەمووان مات و مەلوول و پەژارە دەتگوت، کورد واتەنی پاپۆڕەکەیان نۆغرۆ بووە، یان خەرمانی ڕەنجی ساڵیان گڕی گرتووە، دەنگێکی مامۆستایانە پێم وتی:

براکانم ئەمەش جۆرە ئەزموونێکە، پەرەپێدانی هونەر لە ڕاسـتکردنەوەی هەڵە و ناتەواوییەکانەوەیە.

ئەوا بە هەمان جۆش و ورە و دڵ پڕ لە جۆشـەوە دەچینە سـەر شـانۆ، ئێمە بڕوامان بە هەبوونی دیواری چوارەم هەیە، دەسا باوای دابنێین، هۆڵەکە بە دڵی خۆمان جمەی دێ، با هەوڵدەین جوانترین نواندن پێشـکەش مێژووی هونەری گەلەکەمان بکەین، ئادەی پەردەدار ڕووناکی، مۆسیقا... پشت بەخوا.

هەر چۆن نمایشـەکەمان لە ڕووی بینەرانەوە بەو دەرەوە برا، لە هەمان کاتدا لە گشـت ڕوویەکەوە بۆمـان نەهاتبوو، کۆمەڵـی ڕووداوی نەخوازراو ڕوویدا وەک:

- ئەکتەرێک لە کاتی نواندندا، پارتییشـنەکەی پشـتەوەی کەوت بەسـەر پشتیا ئەویش ناچار بە پشتی ڕاگیرکرد، ئیتر نەیدەتوانی بجووڵێ.

- لەسەر موبیلەیەک دانیشتبووم سێ ئەکتەری تریش هاتنە سەر هەمان موبیلە،

چرکەی لێوەهات و قاچی موبیلە شکا و لاقی ئەکتەرێکمان کەوتەژێری.
– لە هەمووی سەیر تر، ماوەیەک بوو کاکە حیکمەت دوومەڵێ لەسەر روومەتی هاتبوو، بیست و چوار سەعاتە دەستی پێوەبوو، دوومەڵەکە دەربکات، هەر دەرنە دەبوو، بۆچی لەو کاتەدا کە جەنابی موفەتیش(عەبدولی حەمە جوان) لەو بینراوەدا، کە سەر خۆت زللەیەکی توندی لێدەدات و بۆچی دوومەڵە نەتەقی، کاکە حیکمەت هاتە لام و گوتی: سالار بۆ سەیرم ناکەیت.
: بۆچی؟
: دومەڵەکەی تەقی.
: ئێ باشە چیت لێ بکەم؟
: لەرز و تایەکی پیسم لێهاتووە.
: (ئەو لە گەرمەی نواندندایین) کەواتە فەرموو سەرکردە.
: سەرکەوێی چی؟
: باشە ماڵت ئاوا، خۆمن ئۆتۆمبیلی فریاکەوتنی خەستەخانەنیم.
دەسرێکم لە گیرفانم دەرهێناو، وتم دەرهەق نەبێ جارێ جەراعەتەکەی چڕ و چاوتی لە هەمووی بەزمتر ئەوەبوو، رۆژنامەنووسی وەک قیری کەوای سپی پێمەوە نووسرابوو، بە ئامان و زەمان لێم نە دەبوویەوە، کاتێکیش چوومەوە ئوتێلەکە کەسیانم نەبینی، دڵم هەزارویەک ختورەی کرد، هەتا درەنگ وەختانێ بە قاقای پێکەنین و بەزم و رەزم خۆیان کرد بە ئۆتێلەکەدا، حەپەسام و لە شوێنی خۆم ئەوق بووم.
بینیم هەر هەموویان بە جل و بەرگی شانۆییەکەوەن، تومەس بەبێ ئاگاداری من، هەر بەو شێوەیە چوونەتە چێشتخانە و چایخانە و چی زرمە زلە و جرت و فرتە نواندوویانە.
بە ئومێدی نواندنی دووەم رۆژمان شەومان کردەوە.
هەر کە رۆژ بوویەوە، لە ئۆتێلەکە هاتمە خوارەوە و کەوتمە سەر و سۆراغی رۆژنامەکانی ئەو رۆژە و چاوم بە رۆژنامەی(هاوکاری)کەوت سەبارەت بە شانۆییەکە، کاریکاتێرێکی زۆر کاریگەر لەلایەن هونەرمەند(جەمال رەشید)ەوە،

کرابوو، گرنگییەکی تایبەتی پێدرابوو، لە داوێنی وێنەکەوە نووووسرابوو:
(میوانــە بەرێــزەکان.. رێکخــراوە کوردســتانییەکان، ئەدیــب و رۆشــنبیرە کوردەکان.
هاتنتــان بــەم زۆرییە بۆ شــانۆ گەریی (جەنابــی موفەتیش) لە بەغــدا بەڵگەی دڵسۆزیتانە بەرامبەر هونەری نەتەوایەتیمان!!!
لەهەمان ژمارەش دا وتارێکی(هەقەوەسێن) لەلایەن رۆژنامەنووس کاک(عەبدوڵڵا عەباس)، لەسەر هەمان بابەت نووسرابوو، ئێمە بەوبێ بینەرییەوە سێ رۆژەکەمان تەواوکرد ئەمە ئێمە لەلایەکەوە، نەگبەتی کابرای حانووتیش لەولاوە بووەستێ، کە شــتەکانی نەفرۆشــرابوو، ســەرەڕای نابووتــی و هەژارییەکەی، تووشــی زەرەرمەندییەکــی زۆر بووبــوو، ئێمەش خەرجییەکی دیکەمان هاتبووە ســەر، ئەویش پارەی کرێی ئەو چەند ســەد کورســییەی هێنابوومان، بە کورتییەکەی گشــت ئەو داهاتەی ســلێمانیمان نایە بان ئەم بەغدا چوونەمان، بەڵام نەدەبوو ئێمــە ببینە قوربانــی رق و قینەی بەرایەتی ئەو دوو لایەنــە و بە خراپەی ئێمە بشکێتەوە.

***

پاش ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی شانۆیی جەنابی موفەتیش بەدەستهێنا، کەوتینە بیرکردنەوە لە شانۆییەکی جەماوەری هاوشێوە، لە کاتی خۆیدا شانۆیی (پیسکەی تەڕپیر) کە لەلایەن کۆمەڵی هونەر جوانەکانی ســلێمانییەوە ســاڵی(١٩٥٦)، هەر هەمان شانۆیی لە ســاڵی(١٩٥٧)، لە شاری هەڵەبجە پێشکەشکرابوو، دواتریش ساڵی(١٩٦٠)، پێشکەشکرابووەوە، ئەم شــانۆییەیە رادەیەک کاریگەریی لەسەر خەڵکەکــە کردبــوو، کە بۆ ماوەیەکــی دێژخایەن بوو بووە وێردی ســەرزاری هەمووان و لەسەر نەوار تۆمار کرابوو.
لە بازاڕی مەزاتخانەکە بازاڕی گەرم بوو.
ســەرەتا دەبــوو رەزامەندیی(رەفیق چالاک) وەربگیــرێ، چونکە بە پلەی یەکەم ئــەو بە کوردی کەری بوو، وا رێکەوت ســەردانی(کاک نوری وەشــتی) م کرد کــە لە شــارەوانی ســلێمانی فەرمانبەر بــوو، ئەو کاتە شــارەوانی لــە نهۆمی

سەرەوەری بازاڕی (عەسری) دابوو، کە پێشتر تەلاری قوتابخانەی (فەیسەڵیە) بوو، خانووەکەی لە ســاڵی(١٩٠٨) دروستکرابوو، لە ساڵی (١٩٢٠) ەوە شوێنی قوتابخانەی فەیسەڵییە بوو، بەداخەوە لەلایەن شارەوانی سلێمانییەوە رووخێنرا، کە جوانترین تەلار و یادگاری خوێندن بوو لە شارەکەدا و بازاڕێکی(نا عەسری) لــە جێگاکەیدا دروســتکرا، بە هەر حاڵ لەو سەردانەی(وەشــتی)م دا، باســمان لە بەرهەمە نوێیەکەمانەوەکرد، مامۆســتا(رەفیق چالاک)یش پەیدابوو، دەستکرا بــە قســەکردن، رووی زاری کردە مــن ( ئەوەی بە کاکە((نــوری) وتووە، تەنیا مەرجێکم بۆ بەخشینی شانۆیی(پیسکەی تەڕپیر)م بە کۆمەڵ، ئەوەیە کە تۆ ئەبێ دەوری میــرزا ببینــی، واتە ئەو دەورەی کە من دیبووم، پاش ئەوە پار( جەنابی موفەتیش)م، بینی، هونەرەکەم بەدڵ بوو، تۆ ئەتوانی ئەو کەســایەتییە بە چاکی بنوێنی).

سبەینێ دەستکرا بە نووسینەوەی بە ئامێری چاپ بۆ ئەوەی بە ئامێری (رۆنیۆ) رابکێشرێ و، ئیدی کەوتمە دەستنیشانکردنی ئەکتەرەکان و لەگەڵ(مامۆستا)،(عەلی جۆلا) بۆ شێوە و جۆری دیکۆرەکە، کە هەر ئەو هونەرمەندە بەرزەش پۆستەری شانۆییەکەی کرد، کە پێشتر بەو جۆرە چالاکییە نەکرابوو، لەلایەکەوە دەرهێنەر بووم و لەلایەکی دیکەوە رۆڵی کەسایەتیی سەرەکیم دەنواند، ئەو دەمە شانۆی زانکۆ هێشــتا تەواو نەبوو بــوو، تەنیا چــوار دیوارێک(جەمەلۆنێک) بوو، بەڵام ناچاربووین چونکە هیچ شوێنێکی دیکەمان شک نەدەبرد، کارەبامان بۆ راکێشا و کورســیمان بۆ هێنا چوار هەوا ســاردەکەری گەورەمان بۆ دانا و کارەبامان بــۆ راکێشــا و خۆمــان ژمارەیەک (پرۆجێکتەر) مان بۆ بەســت، ئــەو گەرمای مانگی تەمووز لەلایەکەوە و رەوهاڕە و زرمەرزمی هاوســارد کەرەش لەولاوە بووەســتێ، جگە لە هەموو جل و بەرگ و شــکی و جاومانەیی سەرم، بە دڵێکی پڕ لە جۆش و خۆشــیەوە لە ئێوارەی رۆژی هەشــتی مانگی تەمووزەوە، هەتا (٢٠)ی، ئــەم مانگــەی ســاڵی(١٩٧٢) نواندن بــە جەماوەرێکی بەڵســتا و هاتوو تامــەزرۆ و بــەردەوام بــوو، گەورەترین دەنگدانــەوەی هەبوو، دەیــان بابەتی لەســەر بڵاوکرایەوە، پاشان لە ســتۆدیۆی تەلەفزیۆنی بەغدا لە هەمان هاویندا

و لە ڕێکەوتی(٢٥-٨-١٩٧٢) تۆمارکرا و پاشان دەیان جار پەخشکرا، باسی بەراوردکردنی بەو جارانەی پێشوو کە پێشکەشکرا هاتە ئاراوە، بۆیە لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کۆمەڵ لە (٨-٨-١٩٧٢) لە بارەگای کۆمەڵ، کە لە شەقامی پیرەمێرد و نزیکی بەردەرکی سەرا و بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی کۆڕێکی فراوانی بۆ سازدرا، کە ژمارەیەک لە ئەدەبیان و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی شارەکە ئامادەبوون، وا بزانم دەبێ یەکەمین کۆڕی هونەری شانۆیی بووبێ لە بزاڤی شانۆی کوردا، ڕاستە:
لە تەک هەر هەڵکشانێکا، دوژمنی نوێت لێ ڕاست دەبێتەوە، چ لە (غیرە) کردنەوە و چ لە دڵڕەشگەییەوە، کە پێیان وایە ڕێگری لە ئاست بەرەو پێشەوە چوونیان، کەسانێک بەتایبەت لە کۆنەکان، خۆیان پێ ڕانەگیرا و کەوتنە هاندانی کەسانێک کە بە خراپە لەسەرمان بنووسن، بەداخەوە یەکێک لەو سەرە مقەستانە لە ڕۆژنامەی(برایەتی)دا، کە خۆم تیا ئامادەنووسی و شانازییم پێوە دەکرد، دزەی کرد بووە ئەوێ و، لەگەڵ خوێندنەوەیدا، چ بە پێکەنین و چ بە جنێو، چیم هەبوو دەرمبڕی، دیارە ئەو دوو شتە، لە هەرە تایبەتییەکانی مرۆڤن، کە هیچ گیانلەبەر و زیندەوەری نییەتی، ناهەقم نەبوو لە یەک کاتدا هەردووکیم بە کارهێنا، لەو کۆڵکە ستوونەدا نووسیبووی: ( دەبوو لە نێوانی بینراوەکەدا، گاڵتەو و گەپ و هەڵپەرکێ و. جگە لەوە لە پێش نمایشەکە و لە کاتی پشوودا، نە گۆرانیی(چالاک) و نە مەقاماتی چوار شقی دادەنێن و بڵندگۆیان بەکار دەهێنا...)
وابزانم سەرکەوتنێکی ئەوتۆی لە ڕادەبەدەری بەدەستهێنا، بووە مایەی گوڕوتین بۆ ئایندەم، هەر چەندە هەر لەو کۆمەڵە چاوگەدا، چەندین بەرهەمی دیکەی هەمە جۆرم پێشکەش کردبوو، گەلێکیان لە شانۆی جیهانییەوە بوون و زیاتریش خۆم وەرمدەگێڕان، مەبەستم لەوە، ئاشناکردنی بینەری کورد بوو بە شانۆی جیهانیی و، لە هەمان کاتدا، بەرزکردنەوەی ئاستی چێژوەرگرتنی جەماوەر، جگە لە ڕووی مەعریفی.
هەر لەو ساڵەدا تیپی فتبۆڵی هونەرمەندان لە ناو کۆمەڵدا دروستکرا، یارییەکی دۆستانەمان لەگەڵ تیپی وەرزشوانانی خانەنشینی سلێمانی کرد، بۆ ڕیکلامی

يارییەکـە، مامۆسـتا(عەلی جۆلا) پۆسـتەرێکی نیمچە کاریکاتێـری کردبوو، کە یەکێکیان لە ژێر سـەعاتەکەی بەریدی بەردەرکی سەرا هەڵواسرابوو، مامۆستا وێنـەی منی بە پۆشـاکی میرزا مەحمودی شـانۆییەکەوە کردبـوو، کە لە کاتی هێرشی گۆڵکردنابووم.

بینەرانێکی زۆر هاتبوونە سەیری یارییەکە، ئێمەش تیپی مۆسیقا و گۆرانیمان بردبـوو، کـە هونەرمەندانی خوالێخۆشبوو(عوسـمان عەلـی و حەمەی نێرگز) بـە دوو قوڵی گۆرانییان دەوت، کاتێ هێرشـمان دەبرد، دەیان کردە بەسـتەی گـورج و گـۆڵ و بزوێ، هەر کاتێکیش ئەوان گەرمی هێرش بوونایە، دەیانکردە مەقامی خاو و لەسـەرخۆ، لەگەڵ ئەوەشـدا کە ژمارەیەک وەرزشوانی چاکمان تێهەڵکیشێ خۆمان کردبوو، بەڵام هەر دادی نەدەدان، دۆڕابن و حەوت گۆڵیان لـی کردین بەرامبەر بە هیچ، ئەوەی مایەی سـەر سـوڕمانە پـاش تێپەڕبوونی حەڤدەسـاڵ بەسـەر ئەو یارییـەدا، یارییمان لەگەڵ هەمان تیـپ کردەوە، ئاکام دۆڕاینـەوە، هـەر حـەوت بە هیچ لێ دەرچوویـن، لە کاتێکا حـەوت یاریزانیان چووبووتە شوێنی حەق و نەمابوون، دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکەم، وەرزشوانی بەناوبانگی سلێمانی کاک(جەمیل نوری مەلا عەلی) ناسراو بە (جەمیل مەدفەعی) دروسـتکەری ئەو تیپەبوو، لـە هەمان کاتدا کاریگەریی هەبـوو لە بەرپابوونی ئـەو گیانـە لای هونەرمەندانیش، کە هونەرمەند و وەرزشـوانی ئازیزی شـار خوالێخۆشبوو(عەلی لەتیف) بوو.

ئەوەی لە زەینا نەمرە، ئەوە هەڵویستە جوانەی تیپی خانەنیشنان بوو، کە کاسی سـەرکەوتنەکانیان خەڵاتی ئێمەکرد، هەروەها وەرزشوانی نەمر کاکە(عوسمان محەمەد)ناسراو بە (پیاوە بچکوولەکە) ئەندامێکی بە توانای(تیپی تۆپی ئەهالی)، کاتێکیش سـاڵی(١٩٥٦) تیپی هەڵبژاردەی تۆپی پێی سلێمانی دادەمەزرێ دەبێتە یاریکەرێکی سەرەکیی ئەو تیپە، ئەم پیاوە بەرێزە، پاش کۆتایی یارییەکە دەستی کردە ملم و کاسـێکی پێشکەشکردم لێی نووسیبوو دیاری پیاوە بچکوولەکە بۆ ئەحمەد سـالاری هونەرمەند، ئەو کاسـە بایەخێکی مێژوویی هەبوو، چونکە لە ساڵی(١٩٥٦) پێشکەشی کرابوو، بە دیارییەکی پیرۆز و هەرە بە بایەخ وەرمرگرتن

بــەڵام ئــەوەی لە دڵما بۆتە گرێ، لە ناوچوونییەتی، کە لەگەڵ تاڵانکردنی ماڵ و تیپەکەمدا، دز و جەردە تاڵانیان کردبوو، رەنگە هیچی بۆ ئەوان نەکردبێ، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم، خودا شایەت بە خەڵاتی(ئۆسکار)م نەدەگۆڕییەوە.
وابزانــم کەمێک بە کورتی و خێرایی رۆژانی کۆمەڵی هونەر و وێژەیی کوردیم بەسەر کردەوە، کە بە تەنیا کتێبێکی گەورەکە، بەتایبەت بۆ من کە رۆژانی بناغە و بنچینە داڕشتن و بڕوا بەخۆ بوون و هەڵکشانمە- بۆیە بە (ماڵە باوان) ناویم بــردووە و هەرواش ناوی دەبەم، کە هەمیشــە کۆمەڵی هونەرە جوانەکان ماڵە باوانمان بووە، چەندین تیپی شانۆیی لەوێوە رێگای گرتۆتەبەر، هەر بەلای منەوە، ئەوە(تیپی پێشــڕەوی شانۆی کوردی) و(تیپی شانۆی زانکۆ) ودواترینیان(تیپی شــانۆی ســالار)، جگە لەوەی هەر کاتێ خۆمان پیادا کردووە و پێویســتی بە پــرس نەکردووە، هەر بەو بۆنەیەشــەوە دۆســت خزمێکی ئازیــزی خۆم(کاکە دڵشــاد سدیق) کە لە ئەندامە دڵســۆزە کانییەتی و بەرپرسی گەنجینەکەی بوو، لەگەڵ ئەو گشــت گیریی و توندیەیدا، لە ئاســتی ئێمەدا نەرم و نیان بوو، ئەوە کاکە(عەبدولی حەمە جوان) هەمیشە بە پێکەنینە هەرە تایبەتییەکەیەوە پێشوازی لێ دەکردین، هەر چۆن گشت ئەندامەکانیم بە برای خۆم زانیوە، هەروەها هەر خۆشم بە ئەندامی ئەو کۆمەڵە دەزانم، کەواتە خوا ئاوەدانی کات.

**ئەحمەد سالار**

ژیان و بەرهەم:

- لە ٢٠ی حوزەیرانی ســاڵی ١٩٤٧ لە گەڕەکی دەرگەزێنی شــاری سلێمانیو، لە بنەماڵی حاجی قوربانی هەمەوەند لەدایک بووە.
- لە تەمەنی چواردە ســاڵییەوە بەرهەمی ئەدەبی نووســیووەو بڵاوکراوەتەوە، واتە لە ساڵی (١٩٦١)ەوە.
- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە.
- ساڵی ١٩٧٠ تیپی قوتابیانی هونەری دامەزراندووە.
- ســاڵی ٧١. ٧٢ بەشــی شــانۆیی لە ئاکادیمییــای هونــەرە جوانەکانی زانکۆی بەغداد تەواو کردووە.
- ساڵی ١٩٧١ بۆتە یەکەم سەرۆکی بەشی درامای رادیۆی کوردی بەغداد.
- ساڵی ١٩٧٣ تیپی شانۆی پێشڕەوی دامەزراندووە.
- ساڵی ١٩٧٤ سەرۆکی یەکەی شانۆو سینەمای شۆڕشی ئەیلول بووە.
- ســاڵی ١٩٧٥ یاردەدەری لێکۆڵەرەوەی زانســتی بووە لە زانکۆی ســلێمانی و سەرپەرشتیاری شانۆی زانکۆ بووە. دامەزرێنەری تیپی شانۆی زانکۆ بووە.
- ساڵی ١٩٧٦ بەڕێوەبەری مەڵبەندی رۆشنبیری زانکۆی سلێمانی بووە.
- ساڵی ١٩٨٠ مامۆستای بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بووە تا ساڵی ١٩٩١.
- ساڵی ١٩٩١ بۆتە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی کوردستان.
- ساڵی ١٩٩٢ بۆتە ئەندامی پەرلەمان و جێگری وەزیری رۆشنبیری.
- ســاڵی ١٩٩٣ بۆتە سکرتێر و جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان بووە.
- ساڵی ١٩٩٩ بۆتە نەقیبی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان.
- ساڵی ٢٠٠٥ بۆتە سەرۆکی رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان.
- مامۆستای وانەبێژە لە کۆلێجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین.

• سەرۆکی شانۆی سالارە.
• خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری (شانۆ)یە کە شانۆی سالار دەری دەکات.
• سەرپەرشـتیاری گۆڤـاری (شـاکار)ە، گۆڤـاری ڕێکخـراوی هونەرمەندانـی کوردستان بووە.
• ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.
• ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
• ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان.
• بەباس بەشـداری لە چەندین سمیناری نێودەوڵەتی لە دەرەوەی هەرێم وەک، ئەڵمانیا، مصر، ایران،سوید.. کردووە.
• زۆر لە بەرهەمە شـانۆییەکانی وەرگێڕوەتە سـەر زمانەکانی وەک، ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی، یۆنانی.. کراوە.
• لەسەر تەختەی گەلێک لە شانۆکانی ئەوروپا شانۆیی نواندووە.
• ئەندامی ڕێکخراوی ئاشتی جیهانییە.

• خەڵاتکردن:
١. سـاڵی ١٩٦١ لەسەر ئاسـتی عێراق خەڵاتی یەکەمی (زەخرفە)ی وەرگرتووە بەسەرپەرشتی مامۆستا ئازاد شەوقی.
٢. سـاڵی ١٩٧٢ خەڵاتـی زێڕینـی (میدالـی بابان) بۆ چاکتریـن ئەکتەری کورد وەرگرتووە.
٣. ساڵی ١٩٧٧ خەڵاتی یەکەم دەرهێنەری لە یەکەم فیستیڤاڵی شانۆی زانکۆکانی عێراق وەرگرتووە.
٤. ساڵی ١٩٨٤ میدالی پێشەنگانی شانۆی عێراقی وەرگرتووە.
٥. ساڵی ١٩٧٨ خەڵاتی ڕێزلێنانی زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە.
٦. ساڵی میدالی زێڕینی بەبۆنەی (٧٠) ساڵەی شانۆی سلێمانییەوە وەرگرتووە، کەشێربەشی لە شانۆی سلێمانیدا هەبووە.
٧. ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن سەندیکاکانی هونەرمەندانی شاری (موصل)ەوە کۆڕێکی

ڕێزلێنانی بۆیکراو بەتێکـرای دەنگی هونەرمەندان نازناوی هونەرمەندی (گەلی عیراق)ی پێ بەخشرا.
٨. سالّی ٢٠٠٨ قەڵغانی شانازی نەقابەی هونەرمەندانی عێراقی وەرگرتووە.
٩. سـالّی ٢٠٠٩ خەڵاتی ئاشـتی جیهانی پێبەخشـرا لەلایەن ڕێکخراوی ئاشتی جیهانی لەکوردستان.
١٠. سـالّی ٢٠١٢ خەڵاتی بارزانی نەمری پێبەخشـرا لەلایەن بەڕێز مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان کەدادەنرێـت بـە بەرزترین خەڵات لەکوردستاندا.
١١. سالّی ٢٠١٢ لەشاری یۆتۆبۆری وڵاتی سوید خەڵاتی لەپ زێڕینی پێبەخشرا لەلایەن کۆمەڵێک ڕێکخراوی ئەو وڵاتە.
١٢. ٢٠١٢/١٢/٤لەشـاری هەولێر پەردە لەسـەر پەیکەری هونەرمەند ئەحمەد سـالار لادرا لەبەردەم هۆڵی ڕۆشـنبیری،کە لەلایەن پەیکەر ساز (چێنەر نزار) ەوە دروسـت کرابـوو و دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆشـنبیری پارتـی دیموکراتی کوردستان لەشاری سلێمانی ئەرکی دروست کردنی گرتبووەوە ئەستۆ.

• ئەم شانۆگەرییانەی نووسیوە:
١. قەوانێکی یەک روو (کورتە شانۆیی)، سالّی ١٩٧٠.
٢. پرسیارێکی بێوەڵام (کورتە شانۆیی)، سالّی ١٩٧٠.
٣. ئەو دەمەی خۆر بەئاگادێتەوە (کورتە شانۆیی)، سالّی ١٩٧١.
٤. گەرووی پۆستاڵ (کورتە شانۆیی)، سالّی ١٩٧١.
٥. پردی وڵات، سالّی ١٩٧٣.
٦. شانۆییەکی ناتەواو، سالّی ١٩٧٦
٧. وانەی رەشبەڵەک، سالّی ١٩٧٧.
٨. وەرزی نوێ، سالّی ١٩٨٣.
٩. نالی و خەونێکی ئەرخەوانی، سالّی ١٩٨٧.
١٠. کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ، سالّی ١٩٨٨.

١١. جزیری وانەی ئەڤین دا ئەدات، ساڵی ١٩٨٩.
١٢. کێشەی چوون و نەچوون، یان گریمان نالی هاتەوە، ساڵی ١٩٩٠.
١٣. کارەساتی هەڵەبجە، ساڵی ١٩٩٢ .
١٤. ئەو دەمەی ئەڤین مەزنتر ئەبێ، ساڵی ١٩٩٣.
١٥. شەهێن لە سەختەنا هێلانە ئەکات، ساڵی ١٩٩٤.
١٦. لەژێر تارای سورمەچنا، ساڵی ١٩٩٧.
١٧. گەمەی شارو پاشای گەمە، ساڵی ١٩٩٩.
١٨. ئاهەنگێ لە هەوارگەی یارانا، ساڵی ١٩٩٨.
١٩. رۆژانی گوێرەنگ، ساڵی ٢٠٠٠.
٢٠. ئەو رۆژەی ماسی بوو بە گورگ، ساڵی ٢٠٠٠ .
٢١. کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار، ساڵی ٢٠٠١.
٢٢. خۆشترین گۆرانی، ساڵی ٢٠٠٤.
٢٣. گرەوی بەختی کوڕە دارکەنەکە، ساڵی ٢٠٠٥.
٢٤. باخ، ساڵی ٢٠٠٨.
٢٥. مینا، ساڵی ٢٠٠٨.
٢٦. ئەنفال (چیرۆکی ژنێک) نووسینی د.راجی عەبدوڵلا، وەرگێڕانی: ئەحمەد سالار، ٢٠٠٩.
٢٧. بێکەس، لەسەر ژیانی شاعیری نیشتمانپەروەری کورد فایەق بێکەس، ٢٠١٠،کەشانۆییەکی شیعرییە.
٢٨. چیرۆکە بەردەوامەکە،٢٠١١.
٢٩. دەفڕێ و نافڕێ،٢٠١٢.
٣٠. ریتچاردی سێیەم/نوسینی ویلیەم شیکسپیر/ وەرگێڕانی ئەحمەد سالار.

بەرهەمە چاپکراوەکان:

١. سالم لەتای تەرازووی ویژەدا، ساڵی ١٩٦٨، سلێمانی.
٢. وانەی رەشبەڵەک (شانۆیی)، ساڵی ١٩٧٨، سلێمانی.
٣. دڵدارنی باران (شانۆیی شیعری)، ساڵی ١٩٧٩، سلێمانی.

٤. هونەرو سەرەتایەک لە مێژووی هونەر، ساڵی ١٩٧٩، بەغداد.
٥. کۆمیدیا (نامیلکە)، ساڵی ١٩٨١، سلێمانی.
٦. دەروازەی دراما (بەرگی یەکەم)، ساڵی ١٩٨١، بەغداد.
٧. ئەفیکینیا لە ئۆلیس (شانۆیی وەرگێڕاو)، ساڵی ١٩٨٢، سلێمانی.
٨. ئۆتێللۆ (شانۆیی وەرگێڕاو)، ساڵی ١٩٨٣، سلێمانی.
٩. دەروازەی دراما (بەرگی دووەم)، ساڵی ١٩٨٤، بەغداد.
١٠. ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب و هونەر، ساڵی ١٩٨٨، بەغداد.
١١. وتاربێژی و دەمودوو، ساڵی ١٩٩٨، هەولێر.
١٢. شانۆی سالار، ساڵی ١٩٩٩، هەولێر.
١٣. دەنگسازی، ساڵی ٢٠٠٠، هەولێر.
١٤. ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار، ساڵی ٢٠٠٢، هەولێر.
١٥. هونەر و ژیان، ساڵی ٢٠٠٥، سلێمانی.
١٦. خۆشترین گۆرانی و شانۆی سالار، ساڵی ٢٠٠٦، سلێمانی.
١٧. کورسییەکان (شانۆیی وەرگێڕاو)، ساڵی ٢٠٠٦، سلێمانی.
١٨. سەردنپاڵ (شانۆیی وەرگێڕاو)، ساڵی ٢٠٠٧، سلێمانی.
١٩. باخ (شانۆیی)، ساڵی ٢٠٠٨، سلێمانی.
٢٠. چیرۆکی پیاوێکی ساکار، ساڵی ٢٠٠٨، سلێمانی.
٢١. هونەرو سەرەتایەک لە مێژووی هونەر، مێژووی هونەر، ١٩٧٧، بەغداد.
٢٢. سێ چەتوونەکە، نووسینی: ئەحمەد ئیسماعیل ئیسماعیل، وەرگێڕان، ٢٠٠٨، سلێمانی.
٢٣. میناو دوو شانۆیی وەرگێڕاو، سلێمانی.
٢٤. کورسی و بەها دراماییەکان، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٨، سلێمانی.
٢٥. ڕەنگ لە ڕەنگداندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١، سلێمانی.
٢٦. هونەری نواندن، سلێمانی، ٢٠١٠.
٢٧. ریچارد پاشای سێیەم_٢٠١٣ هەولێر.
٢٨. بێکەس و دووشانۆیی_٢٠١٢ هەولێر.

٢٩. زانستی دەنگ و ئاخافتن_٢٠٠٦ هەولێر.
٣٠. یەڵماز گۆنای و ڕۆڵی سینەمای دیکۆمینت لەخەباتی نیشتیمانی دا_ (وەرگێڕان)٢٠١٣ سلێمانی.
٣١. ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە_٢٠١٣ سلێمانی.

• ژمارەیەک لە کاری دەرهێنانی شانۆیی:
١. جەنابی موفەتیش، نووسینی: گۆگۆڵ، وەرگێڕانی: ڕەئوف حەسەن، ١٩٧١، سلێمانی – بەغداد.
٢. پیسکەی تەڕپیر، نووسینی: مۆلێر، و. ڕەفیق چالاک و نوری وەشتی، ١٩٧٢، سلێمانی – هەولێر.
٣. چاڵی جەرگ پیریژن، نووسینی: حسین عارف، ئامادەکردنی: ئەحمەد سالار، ١٩٧٢، سلێمانی – بەغداد – هەولێر.
٤. زیانی تووتن، نووسینی: چیخۆف، و. ڕەئوف حەسەن، ١٩٧٣، سلێمانی – بەغداد.
٥. دوا گۆرانی، نووسنی: چیخۆف، و. مەحمود زامدار، ١٩٧٣، سلێمانی – بەغداد.
٦. بازرگانی شەڕ، نووسینی: ئەکرەم ئەحمەد، ١٩٧٠، بەغداد.
٧. لانەوازان، نووسینی: سامر مەتەر، و. سمکۆ ناکام، ١٩٧٣، بەغداد.
٨. ڕاپۆرت، نووسینی: فوئاد مەجید میسری، ١٩٧٧، سلێمانی.
٩. ئۆتێللۆ، نووسینی: شکسپیر، و. ئەحمەد سالار، ١٩٧٧، سلێمانی.
١٠. خەج و سیامەند، نووسینی: فوئاد مەجید میسری، ١٩٧٨، سلێمانی – موسڵ.
١١. وانەی ڕەشبەڵەک، نووسینی: ئەحمەد سالار، ١٩٧٧، سلێمانی.
١٢. پردی وڵات، نووسینی: ئەحمەد سالار، ١٩٧٤، بەغداد.
١٣. تەنەکە، نووسینی: یەشار کەمال، ئامادەکردنی: فوئاد مەجید میسری، ١٩٨٧، سلێمانی – هەولێر.

١٤. هاملێت، نووسینی: شکسپیر، وەرگێڕانی: یاسین بەرزنجی، ١٩٨٤، سلێمانی.
١٥. بەرەو خۆر، نووسینی: بریخت، ئامادەکردنی: فرحان بولیل، وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر رەشید، ١٩٨٦، سلێمانی.
١٦. رووبار، نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن، ١٩٨٠، سلێمانی – دهۆک.
١٧. نالی و خەونێکی ئەرخەوانی، نووسینی: ئەحمەد سالار، ١٩٨٧، سلێمانی – بەغداد.
١٨. کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ، نووسینی: ئەحمەد سالار، ١٩٨٨، سلێمانی – بەغداد.
١٩. جەزیری وانەی ئەڤین دادەدات، نووسینی: ئەحمەد سالار، ١٩٨٩، سلێمانی – بەغداد.
٢٠. کێشەی چوون و نەچوون، نووسینی: ئەحمەد سالار، ١٩٩٠، سلێمانی.
٢١. مۆڵەت، نووسینی: محێدین زەنگەنە، وەرگێڕانی: شێرکۆ بێکەس، ١٩٧٦، سلێمانی.
٢٢. قوڵایی چاوەکان، نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن، ١٩٧٩، سلێمانی – بەغداد.
٢٣. لالۆڤانیا، نووسینی: چیخۆف، وەرگێڕانی: عوسمان چێوار، ١٩٧٩، سلێمانی.
٢٤. ئەڤیگینیا لە ئۆلیس، نووسینی: یۆربیدس، وەرگێڕانی: ئەحمەد سالار، ١٩٨٢، سلێمانی.
٢٥. گرەوی بەختی کوڕە دارکەنەکە، نووسینی: ئەحمەد سالار، ٢٠٠٥، هەولێر – سلێمانی – دهۆک.
٢٦. گەمەی شارو پاشای گەمە، نووسینی: ئەحمەد سالار، ١٩٩٩، هەولێر.
٢٧. باخ، نووسینی: ئەحمەد سالار، ٢٠٠٨، سلێمانی.
٢٨. کە مانگ ئاوا بوو، جۆن ڤتساینیک، ١٩٧١، بەغداد.
٢٩. مانگ هەڵهاتن، لیدی گریگۆری، ١٩٧٠، بەغداد.

٣٠. ژێر خۆڵەمێش، جۆن شتیانیک، ١٩٧١، بەغداد.
٣١. چیرۆکە بەردەوامەکە ٢٠١١ هەولێر.

• ژمارەیەک لە نواندنە شانۆییەکان:
١. قایمقام، جەنابی موفەتیش، نووسینی: گۆگۆڵ، و. ڕەئوف حەسەن، ١٩٧١، سلێمانی – بەغداد.
٢. میرزا مەحمود، پیسکەی تەڕپیر، نووسینی: مۆلێر، و. ڕەفیق چالاک و نوری وەشتی، ١٩٧٢، سلێمانی – هەولێر.
٣. داود پاشا، ئابڵوقە، نووسینی: عادل کازم، و. عوسمان چێوار، ١٩٧٦، سلێمانی.
٤. مستەفای دەلاڵ، سەلەی نانکەر، نووسینی: غائب توعمە فەرمان، و. فوئاد مەجید میسری، ١٩٨٣، سلێمانی.
٥. حەمە عەلی کوردە، تەنەکە، نووسینی: یەشار کەمال، و. فوئاد مەجید میسری، ١٩٨٠، سلێمانی – هەولێر.
٦. ئۆتێللۆ، ئۆتێللۆ، نووسینی: شکسپیر، و. ئەحمەد سالار، ١٩٧٧، سلێمانی.
٧. حاجی صالح، چرا، نووسینی: غائب توعمە فەرمان، و. فوئاد مەجید میسری، ١٩٨٦، سلێمانی.
٨. تەها، چەخماخە، نووسینی: سمکۆ ناکام، ١٩٧٣، سلێمانی.
٩. د.ستۆکمان، دوژمنی گەل، نووسینی: ئەپسن، و. محەمەد فەریق حەسەن، ١٩٨٢، سلێمانی.
١٠. پاشا، سەرەتا لە کۆتاییدا، ئا: ئەحمەد سالار، ١٩٧٨، سلێمانی.
١١. هەباس، کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار، نووسینی: ئەحمەد سالار، ٢٠٠١، هەولێر – سلێمانی.
١٢. لاوە، ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بە گورگ، نووسینی: ئەحمەد سالار، ٢٠٠٠، هەولێر.
١٣. پیرۆت، خۆشترین گۆرانی، نووسینی: ئەحمەد سالار، ٢٠٠٤، سەقز.

١٤. گـەورە پیاو، چیرۆکی پیاوێکی سـاکار، نووسـینی: د.راجـی عەبدوڵڵا، و. ئەحمەد سالار، ٢٠٠٦، هەولێر.
١٥. نەفرەت لێکراو، نەفرەت لێکراو، نووسینی: تەڵعەت سامان، ١٩٧٠، بەغداد.
١٦. حاجی، بازرگانی شەڕ، نووسینی: ئەکرەم ئەحمەد، ١٩٧٠، بەغداد.
١٧. پاسەوان، پاسەوان، نووسینی: دڵشاد مستەفا، ٢٠٠٦، سلێمانی – بەرلین – (٩) شاری سوید.
١٨. مستەفای دەلاڵ، سەلەی نانکەر.
١٩. هەباسـی جەزیری، کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف، نووسـینی: ئەحمەد سالار.

• کارە دراميیە تەلەفزیۆنییەکان:
١. خوارەحم (ئەکاکی)، پاڵتۆ، نووسینی: گۆگۆڵ، و. جەمال نەبەز.
٢. میرزا مەحمود (سـەگاناریل)، پیسـکەی تەڕپیر، نووسـینی: مۆلێر، و. رەفیق چالاک و نوری وەشتی.
٣. ئاغا، لالۆ کەریم، نووسینی: جەمال نەبەز، ئا: ئەحمەد سالار.
٤. حەمـە عەلـی کـوردە، تەنەکە، نووسـینی: یەشـار کەمال، ئا: فوئـاد مەجید میسری.
٥. مەحمود، شەرفی ئارێک، نووسینی: شێرزاد حەسەن.
٦. پیرە، مەمی ئالان.
٧. حەکایەتخـوان، زنجیرە درامای، شـەوچەرە (١٥) ئەڵقە، نووسـینی: ئەحمەد سالار.
٨. مامۆستا، دوعای چاوەزار، عەزیز نەسین.
٩. بەهرۆز بەگ، زنجیرەی (کە خەم گوڵ ئەگرێ)، (٧) ئەڵقە، نووسینی: ئەحمەد سالار.
١٠. شێخ مەحمود، پەڕینەوەی سەرفرازی، و. ئاراس.
١١. کوێخا سـمایل، زنجیرەی درامای (ئارەزوو)، (٧) ئەڵقە، نووسـینی: عەباس عەبدولرەزاق.

١٢. ئەفەندی، دڵنیایی، نووسینی: ئەحمەد سالار.
١٣. نەفرەتلێکراو، نەفرەتلێکراو، نووسینی: تەڵعەت سامان.
١٤. پارێزگار، کەوەکانی قەرەچوغ، نووسینی: تەڵعەت سامان.
١٥. تەهای برینپێچ، چەخماخە، نووسینی: سمکۆ ناکام.
١٦. (١٠) کورتە دراما، شەوانی رەمەزان، نووسین و ئامادەکردن و دەرهێنانی: تەلەفزیۆنی کەرکوک.
١٧. مســتەفا(مچە دوور هاوێژ)،درامای ڕۆژمێری شارێک،نوسین و سیناریۆی دڵشاد مستەفا،دەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش،ئێستا لە بواری مۆنتاجدایە .

- لە کارە سینەماییەکان:

١. بەرەو خۆر، چیرۆک و سیناریۆ، شۆرشی ئەیلول، ١٩٧٤.
٢. نێرگز بووکی کوردستانە، ئەکتەرو یاریدەدەری دەرهێنەر: جەعفەر عەلی.
٣. شیرۆ، ئەکتەر و یاریدەدەری دەرهێنەر، هونەر سەلیم.
٤. ژیان، ئەکتەر، دەرهێنانی: جانۆ رۆژبەیانی.
٥. بەر لە سپێدە، نووسین و سیناریۆ، دەرهێنانی: ئەمیر تەها.
٦. چای شیرین، نووسینی: حسێن عارف، دەرهێنانی: قاسم.
٧. ئاهەنگ، نووسین و سیناریۆ: ئەحمەد سالار.
٨. زانکۆکەمان، نووسین و سیناریۆ و دەرهێنان، ١٩٧٦.

- دراما رادیۆییەکان:

١. مەمی ئالان، (٣٠) ئەڵقە، ئامادەکردن.
٢. کاوەی ئاسنگەر، (٣٠) ئەڵقە، ئامادەکردن.
٣. کێشەکانی دادگا، (٦٠) ئەڵقە، ئامادەکردن و دەرهێنان.
٤. پتر لە (١٠٠) درامای رادیۆیی.
(کۆی بەرهەمەکانی دەگاتە نزیکەی سەروو ٢٠٠ بەرهەم)

- دوایین بەرهەمی هونەری بریتی بوو لە نوسینی شانۆییەک بەناوی(دەفرێ و

نافریَ)کە لە لایەن بەڕێوبەرایەتی شانۆی هەولێرەوە بە چاپ گەیەندرا.

• کاری ئایندەی بریتە لەنووسینی شانۆییەک لەسەر شێخ مەحمودی حەفید بە ناوی(دەست بەنە چەک شێخ گەڕایەوە )کە ئێستا لەقۆناغی کۆتایی نووسینیەتی و لە ئایندەدا نمایش دەکرێت.

• کتێبی (یەلماز گۆنای و ڕۆڵی سـینەمای دیکۆمینتی لەخەباتی نیشتیمانیدا)کە ئێستا لەژێر چاپ دایە(وەرگێڕان).



ئەحمەد سالار لە تەمەنی یەک ساڵیدا



ئەحمەد سالار و ژیانی خوشکی
لەگەڵ عەبدولواحید ئەفەندیی باوکیاندا



ئەحمەد سالار
لەتەمەنی یانزەساڵیدا ـ سلێمانی



ئەحمەد سالار لەتەمەنی دوانزە ساڵیدا



١٩٦٤ یاریگەی ئامادەیی سلێمانیی کوڕان
ئەحمەد سالار



ئەحمەد سالار لەپۆلی چوارەمی قوتابخانەی ئەیوبیەی سەرەتایی
لە گەڕەکی چوار باغ



ئەحمەد سالار لەتەمەنی سیانزە ساڵیدا



ئەحمەد سالار ئەندامی تیپی وەرزشی ئاری
١٩٦٤ یاریگەی سلێمانی



جوانەمەرگ فازل قەزاز، ئەحمەد سالار، حەمە سەعید، محەمەد قادر، شەهید ئیسماعیل قاسم،م. کەریم، وەستا عومەر، ئەحمەد عەینە، م. جەمیل قەزاز
ئاوی قلیاسان ١٩٦٥



شانۆیی (مەم وزین)ی (خانی)، سلێمانی هۆڵی ئامادەیی سلێمانیی کوڕان. ساڵی (١٩٥٨) ـ بە کامێرەی (ڕەفیقی مەحمودەفەندی ڕەسام). ڕاوەستاوان: شەماڵ سائیب، ئەنوەر توقی، ئەمین میرزا کەریم، کەمال سلێمان، ئەنوەر جاف، سەردار زوهدی، خاڵە عەزیز، بەکر ڕاساڵ، بەدیع ئەحمەد، جەمال ئەحمەد، نوری ئەحمەد، کامل حوسێن، شێرزاد شەوقی، ئەنوەرئەحمەد. دانیشتووەکانی سەرکورسی: سەلاح عەلی، قادر دیلان، کەمالەدین توفیق، ڕەئوف یەحیا، مەحمود زێوەر، حوسێن مستەفا بەرید. دانیشتووەکانی سەرزەوی: فایەق ئەحمەد، حەسەن تەنیا، ئەکرەم فەقێ مەحمود



عەبدولواحید قوربانی هەمەوەند باوکی ئەحمەد سالار
١٩٦٢ سلێمانی



لاڵەی عەبدە و ئەحمەد سالار
ستۆدیۆی هونەر ـ ۱۹۷۰



١٩٧١ ئەحمەد سالار ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان بەغداد



بینراوێکی تەلەڤزیۆنی ـ ستۆدیۆی تەلەڤزیۆنی بەغداد
بەهادین ئەحمەد، فریاد فازڵ، ئەحمەد سالار ١٩٧٠



عادل جەلال، ئەحمەد سالار
١٩٦٩پەردەی شانۆکە لادەدەن



دانیشتووەکان: هاشم موسا ـ حوسێن ئەمین ـ وداد سەلمان ـ مامۆستا
ئەسعەد عەبدولرەزاق ـ سەلما ناصری ـ نەوال سەعید ـ ئەسعەد راشد .
ڕاوەستاوان: عەبدولستار ئەلبەسری ـ یاسین یەحیا ئۆغلۆ ـ ئەحمەد سالار ـ
عەلی کامل ـ عەباس عەلی جەعفەر ـ عباس جومەیلی ـ یەحیا مەتەر– عیرفان
سدیق – عیزەدین تاپۆ– حوسێن عەلی غالب – فەرهاد شەریف .
١٩٧١ قۆناغی چوارەمی شانۆ ـ هۆبەی (ب)



لەسەر پیادەڕەوی ئەبونەواس، بەغداد -١٩٧٠
بەهادین ئەحمەد، ئەحمەد سالار، حیکمەت هیندی



ئەحمەد سالار لەگەڵ مامۆستاکەی (جاسم ئەلعبودی)
مامۆستای وانەی دەرهێنان
لەکاتی چاوەڕوانی نواندنێکدا شانۆی ئەکادیمیا ـ ١٩٧١



لەگەڵ هونەرمەند عەلی کەریم
بەغداد ئاکادیمیای هونەرە جوانەکان ١٩٧١



شانۆیی (قبووڵ) نووسینی مامۆستا جەمال بابان
دەرهێنانی ئەحمەد سالار .
ئەکتەرەکان: بەدیعە دارتاش ـ ئەحمەد سالار ـ نەسرین مەرجان ـ حیکمەت هیندی
١٩٧١بەغداد ـ شانۆیی (ساتع ئەلحوسەری)
لەکۆلێژی ئەدەبیات ـ زانکۆی بەغداد



لەکاتی مکیاژکردندا لەلایەن مامۆستا حاجی ناجی ئەلراوی
شانۆی (ئیمپراتۆر جۆنز)ی یوجین ئونیل ـ د. فەیسەڵ مقدادی ـ د. عەباس ئەلجومیلی....



ئەحمەد سالار لەگەڵ دەستەیەک لە بەشدارانی شانۆیی (ئیمپراتۆری جۆنز)
دەرهێنانی ماموستا د.سامی عەبدولحەمید



ئەحمەد سالار لەشانۆی (فریشتە لەبابل نیشتەوە)ی
دێرنمات ـ ١٩٧١ شانۆیی ئەکادیمیە ـ بەغداد



شانۆی (بازرگانی شەڕ)



شانۆیی (ئەوانەی لە بنەوە ئەژین)
دەرهێنانی ئەحمەد سالار ١٩٧١







شانۆیی (مانگ هەڵهاتن)ی (لێدی گریگۆری)
دەرهێنانی ئەحمەد سالار ١٩٧١



بەر لە چوونە سەر شانۆ
١٩٦٩ بەغداد



لەکاتی مەشقکردندا
شانۆیی(فریشتە لەبابل نیشتەوە)ی دێرنمات.
ئەحمەد سالار لە دەوری فریشتەدا ١٩٧١ بەغداد



تیپی قوتابیانی هونەر
شانۆیی (نەفرەت لێکراو)ی (تەڵعەت سامان)
(١٩٧٠)شانۆی سینەما(سەمیر ئەمیس)بەغداد، ئەحمەد سالار ـ حیکمەت هیندی



شانۆیی (ئەوانەی لەژێرەوە دەژین)ی گۆرگی
(١٩٧١)هۆڵی (ئەلقەومی)بەغداد



تیپی قوتابیانی هونەر
شانۆی(نەفرەت لێکراو)ی تەڵعەت سامان
بەغداد- ١٩٧٠ سینەمای سەمیر ئەمیس



باخچەی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان ـ بەغداد
ئەحمەدسالار ١٩٧١



شەوێک لەشەوانی سەردەمی زانکۆ ١٩٧٠
بەهادین ئەحمەد ـ لالەی عەبدە ـ عادل جەلال ـ ئەحمەد سالار ـ ملازم
شەماڵ ـ بورهان جەمال ـ سمکۆ تۆفیق ـ دارا حەمە سەعی.



شانۆی (مانگ هەڵهاتن) (لێدی گریگۆری)
ئەکتەرەکان: زوهێر عەبدولمەسیح ـ ئەسخریا ـ محەمەد فەلەستینی ـ محەمەد عەسەل ـ ١٩٧٠. لەشانۆیەکی تەواو نەبوودا



بازرگانی شەڕ١٩٧٠



ئەحمەدسالار لە شانۆی-(فریشتە لەبابل ئەنیشێتەوە)ی دێرنمات١٩٧١



بەشداربووانی شانۆیی (مانگ هەڵاتن)
لەدەرهێنانی ئەحمەد سالار١٩٧٠



شانۆیی(سیزەرت بیربێتەوە)
ئەحمەدسالار، سەمیرە حەسەن، شانۆیی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان
بەغداد ـ ١٩٦٩



تیپی قوتابیانی هونەر، شانۆیی بازرگانی شەڕ
نووسینی: ئەکرەم ئەحمەد، دەرهێنانی: ئەحمەد سالار
حیکمەت هیندی، ئەحمەد سالار، ئیسماعیل مستەفا ۱۹۷۰ ـ
شانۆی (ساتع ئەلحوسەری) بەغداد



ئەحمەد سالار لەگەڵ مامۆستای ڕابەریدا پ.م. ئەسعەد عەبدولڕەزاق ١٩٧١
ئەکادیمیا



دانیشتووەکان: هاشم موسا حەجی، فەرهاد شەریف
راوەستاوان: هیوا محەمەد عەلی، عەبدلحەلیم دەراجی، ئەحمەدسالار،
عەبدولستار ئەلبەسری، عەبود زێدان
١٩٧٠ باخچەی ئەکادیمیا



لەکاتی پرۆڤەی شانۆیی(پشکێنەری گشتی)ی گۆگۆڵ، لەگەڵ (غانم بابان)١٩٧١
شانۆیی ئەکادیمیا



لەکاتی سڵاودانەوەی شانۆیی(سیزەرت لەیاد بێ)
١٩٦٩شانۆیی ئەکادیمیا



دەستەیەک لە قوتابیانی بەشی شانۆ
بەغداد ـ ١٩٧٠



دەستەیەک لە قوتابیانی بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان
راوەستاوەکان: هاشم موسا حەجی، ئەحمەد سالار، عەباسی جومەیلی،
عەباس عەلی جەعفەر، محەمەد.....، عەلی کامل، عەبدولحەلیم ئەلدەراجی.
دانیشتووەکان: ئەسعەد راشد، یەحیا مەتەر
(١٩٧٠)باخچەی ئەکادیمیا



بینراوێکی بازرگانی شەڕ
ئەحمەد سالار، بەدیعە دارتاش، ١٩٧٠ شانۆیی(ساتع الحوسەری)بەغداد



بینراوێکی شانۆیی پێنج کەس لە ئوتێلێکدا، دەرهێنانی ئەحمەد سالار
ئەکتەرەکان: عەبدول حەمە جوان، شەماڵ عەبدوڵڵا، بورهان جەمال، عوسمان چیوار، عەتا سوڵتان
(١٩٧٠شانۆی ئامادەیی کوڕان)



گۆرانیی چایکا
دەرهێنەر: ئەحمەدسالار
ئەکتەر: کامەران رئووف



لەشانۆیی(ئەوانەی لەژێرەوە دەژین)ی گۆرکی



دەستەیەک لە قوتابیانی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان
بەغداد ١٩٧٠



ئەحمەد سالار ١٩٧٢



کامەران رەئۆف لە دەوری(ڤاسیلی) شانۆیی گۆرانیی چایکا-ی چێخەف
وەرگێڕان و دەرهێنانی ئەحمەدسالار ـ ١٩٧٢



تەواوکردنی کۆلیجی هونەرەجوانەکان ١٩٧١- ١٩٧٢ کامێرای نوری هونەر



ئەحمەد سالار لە شانۆی (زیانی توتن)ی چێخەف
دەرهێنان و نواندن ـ ١٩٧٢ سلێمانی هۆڵی چالاکیی قوتابخانەکان



ئەحمەد سالار لەلایەن د. ئیحسان فوئادەوە (میدالیای بابان)ی دەکرێتە گەردەنی، چاکترین ئەکتەری ساڵی١٩٧٢بە ئامادەبوونی مامۆستا تەها بابان ـ لە هۆڵی(ئەلقەومی)بەغداد.



ئەحمەد سالار ١٩٧٢ سلێمانی بەکامێرای نوری شێخ فەرەج



بەردەرگای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی،. لە ئەسحابە سپی، ١٩٧١
عەبدول حەمە جوان، ئەحمەدسالار، حیکمەت هیندی، جەبار مەجید، عوسمان
چێوار، دڵشاد سدیق، ئازاد حەمە بچکۆل، حەمەی ئاسنگەر



سالّی ١٩٧٢ گەشتێکی هونەری، گەلی عەلی بەگ
ئیسماعیل عارف، ئازاد حەمە بچکۆل، فوئاد حەمەئەمین ئاغا، ئەحمەدسالار،
عومەر چاوشین، عومەری کەریم ئاغا



ڕەنگە بەیەکەم کۆڕی هونەری دابنرێ، ساڵی ١٩٧٢ بارەگای کۆمەڵ بەرامبەر
بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس- شەقامی پیرەمێرد.
تایبەت بە شانۆی پیسکەی تەڕ پیرو (مولێر).
م. عەلی جۆلا. م. نوری وەشتی. شەهید عیزەت ئەحمەد- ئەحمەد سالار-
فایەق عومەر تۆفیق



دەربەند رایات- ١٩٧١ لەگەڵ هونەمەند عەزیز سەلیم





١٩٧٠ لە ماڵە باوان
لەگەڵ دڵشاد سدیق



ئەحمەد سالار ساڵی ١٩٧٢
به كاميرەی نەوزاد مەجيد



بینراوێکی شانۆیی (ئەڤینیا لە ئۆلیسیس)ی یۆرپیوکا
وەرگێڕان و دەرهێنانی ئەحمەد سالار
بەرزان شێخ مەحمود، جوانەمەرگ ئاراس تەیب بەقاڵ



ئەحمەد سالار لە كاتی دەرهێنانی سینەمایدا بۆ كاری (شانۆسینەما)ی شانۆیی (قوولایی چاوەكان)ی حەمە فەریق حەسەن.
كەسەكان: د. حەسەن قەرەداغی، سینەماكار محەمەد ساڵح، نەبەز محەمەد ئەمین

هاوكارى
ژماره : ٢٩
٢١ى تابى ١٩٧١



# جه‌نابی موفه‌تیش

( كۆمه‌ڵێك خه‌ڵكی كه‌ ببنه‌ نێچیری ژێر چڕنوكی دڕندانه‌
فه‌رمان به‌رانێك كه‌ هه‌ست به‌كاری پێویستی سه‌رشانیا
نه‌كه‌ن ، ته‌نها روو تانه‌وه‌ی هه‌ژاران نه‌بێت ، چیت ب
بیرا دێت ؟! ) .

# زیاتر له‌ پرسیارێك و یه‌ك وه‌ڵام



جەنابی

موفەتیش

## لەنێوان هەزاران بینەرو «٢٦» بینەردا

رۆژانی ٢ ، ٣ ، ٤ی ئەممانگە « کۆمەڵی هونەرو ویژەی کوردی ـ سلیمانی »هونەرمەندەکانی خۆی کۆ کردبوەو ئەرکی هاتنیان لەسلیمانیەوە بۆ بەغدا کێشاولەسەر شانۆی گەل چیروکی« جەنابی موفەتیشیان» پێش کەش کرد ٠٠

شەوی ٣ بوو ٠٠ لەدەم برادەرێک بیستم ٠٠ ئەم رووداوە بوە ٠٠

ـ چۆن ٠٠ تۆ رۆژنامەنووسیتو ئاگات لێ نیە ؟

ـ چۆن ئاگام لێ نیێ ٠٠٠ راستە ئەوەم بیستبوو کەبەن و ئەم چیروکە لەبەغدا پێش کەش کرێ ٠٠ بەڵام کەی ٠٠ چۆن



ئەحمەد سالار لە جەنابی موفتیش دا- ١٩٧١ سلێمانی
ئەحمەد سالار لە ڕۆڵی قایمقام دا
شانۆ (جەنابی موفتیش)ی گۆگۆڵ
وەرگێڕانی (ڕەئوف حەسەن) ـ دەرهێنانی ئەحمەد سالار
١٩٧١ ـ شانۆی زانکۆ



له کۆمەڵی هونەرو ویژەی کوردی
١٩٧١- له ئەسحابه سپی
ئەحمەد سالار، ئەنوەر قادر رەشید، نەوزاد مەجید



جەنابی موفتیش
١٩٧١ سلێمانی



جەنابی موفتیش

١٩٧١ شانۆی ئامادەیی سلێمانی کوڕان

ئەکتەرەکان- ئەختەر کەریم- ئەحمەد سالار- نەوزاد مەجید



لەگەڵ مەحمود زامدار
١٩٧٢



خەلیل دهۆکی، فوئاد ئەحمەد، ئەحمەد سالار، حیکمەت هیندی
هۆڵی خولد- بەغداد ١٩٧٠



کۆیە، لەبەردەم پەیکەری حاجی قادر لەگەڵ سمکۆ عەزیز



وێنەیەکی شانۆیی خەج و سیامەند
نووسینی فوئاد مەجید میسری، دەرهێنانی ئەحمەد سالار
هەردوو خانم: سەلیمە فەهد، گەلاوێژ محەمەد



م. بەهنام میخائیل، ئەحمەد سالار، م. فازڵ قەزاز
باخچەی زانکۆی سلێمانی



ئەحمەد سالار لەگەڵ هێمن مەهابادی
١٩٧٦ مەڵبەندی رۆشنبیریی زانکۆی سلێمانی



شانۆی ئابلۆوقە
ئەحمەد سالار لەگەڵ سەڵاح باڵابەرز



بینراوێکی شانۆیی(ڕەجەب و پیاوخۆران)
دەرهێنانی ئەحمەدسالار
ئەکتەرەکان: ئازاد جەلال، مستەفا ئەحمەد، ئازادحەمەبچکۆڵ، کامەڕان رەئوف، حەمەرەشید هەرەس.
شانۆی چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانی لەسەر کارێز.



ئەحمەد سالار پاڵەوانی مۆنۆ درامای(پاسەوان)
لە سلێمانی و بەرلین و نۆ شاری سوید نوێنرا



ئەحمەد سالار لەدیداری سەرداری هۆزی هەمەوەند کەریم ئاغای هەمەوەند



الأخ الفنان أحمد سالار المحترم

تحياتي الحارة ..

مما يسر ويسعد أن يتلقى المرء رسالة أخوية ، تعنيني تفهماً عميقاً مخلصاً نبيلاً ، وقد كانت رسالتك من هذا النوع الذي يعبر عن أصالة الفنان ، في زمن نفتقد فيه مثل هذه الرسائل ..

عزيزي :

قدمت مسرحيتي في أكثر من عشرين عرضاً ، ولم يتصل بي أحد ممن تولى إخراجها ، وكتبت يوماً ما في جريدة الجمهورية عن هذا التنكر لجهود المؤلفين ، ويمكنك أن تتصور بعد هذا مدى سروري بمفاتحتك لي حول إخراجك لمسرحيتي الشعرية "آدابا" .

آمل أن تقترب من رؤيتي الفنية في المسرحية ، وهذا ما عبرت عنه في رسالتك .

وأكون شاكراً ، لو أتيحت لي فرصة حضور عرضكم المسرحي أو تسنى لي ذلك ..

تحياتي للأخ الأستاذ جلال عزيز مشرف النشاط المدرسي في السليمانية .

الفنان شفاء العمري يبلغك التحيات ..

أشد على يديك .. وأشكرك ..

تحياتي ..

أخوك ..

معد الجبوري

مشرف النشاط المدرسي في المديرية العامة للتربية في محافظة نينوى

٢ / ١١ / ١٩٧٨ .

وێنەی هەندێ لە مامۆستایانی بۆ ئەحمەد سالار

الحبيب العزيز احمد سالار ...

قبلاتي احتراماتي اشواقي وتحياتي لاتكفي ما اتقدم به لشخصكم الكريم
ولايمكن لي ان اصف ما سجل داخل قلبي من كلام يعجز اللسان عن التعبير عنه
ليس انا لوحدي بل كافة العائلة. اصبح اسمك يتردد كل لحظة ودقيقة
اصبحنا نذوب الشوق بعدك. اقتنعت الاراء جميعاً بانك لست انسان
بـ ذلك الكائن ملوءه بالروح الزكية. علمتنا الكثير وصلت الى
نعرف حقيقة الاخلاق حقيقة المحبة حقيقة الصدق. استحقت
لقب الفنان والكاتب الابني للخشبة المقدسة. بالنسبة لي لم اكن
غريباً لانني عرفتك كما توقعت لا بل اكثر. بوركت يا احمد.
ليحفظك الرب دوماً وابداً. وليكلل ايامك بالسعادة والهناء
وليأخذ بيدك الى ما تصبو اليه من هدف منشود لتأدية
رسالتك الفنية. وكم وانا سعيد بانني وجدت

المحابس الذين لخشيتنا المقدسه وبك سوف نهتدي الى الفن الاصيل

ثلاثة ايام التي امضيتك معك كانت بمثابة حلم صادق حيث اقتديت

درساً فيه معنى حقيقيه المحبه التي تمثلت بشخصكم الكريم.

عزيزي الحمد امنيتي هو ان اتقدم الكثر معك من الاخوه

كنتم خير تعريف للاخوه والتي عبرتم عنها بحنيتكم وبلا مبالغه اوزيف.

بل جاءت من قلب مشتاق ومن قلب صادق.

ارجو تقديم تحياتي واشتياقي للاهل الكرام وارجو ان تقبلوا عرضاً على

اياديهم الكريمه لان انجبت ولداً باراً اسلام وهو الحمد لله لا

ارجوا ان لا تقطعوا اخباركم عنا بل المزيد. تحياتي لكافة الاخوه

والعاملين تعرفت بهم في جامعة السليمانيه. ومن هنا الاهل والاصدقاء

يهدونكم باقة الشكر ودمتم سالمين ورعايته. وشكراً

المخلص

اباسكي [illegible]

2/12 [illegible]

بغداد ١٩٧٨/٢/١٥
في معهد الفنون الجميلة

عزيزي الاستاذ احمد

تحية خالصة

وبعد. اشكركم من صميم قلبي على تفضلكم بمرافقتي في مدينة السليمانية واشكركم لاطلاعي الواسع على ما قدمتموه لي من شرح في صفوف المتحف الاثنوغرافي. هذا وارجو ان اكون عند حسن ظنكم في استفساراتي والا اكون قد اتعبتكم في شيء.

حقا كانت مدة اقامتي بين ظهرانيكم في السليمانية حافلة بالمسرة والبهجة. وقد سحرت بخلقكم الكريم وعواطفكم الكريمة. واني لاحمد الله عز وجل على ان قيض لي اصدقاء ومعارف جدد من اخوة فضلاء..

ان مدينة السليمانية تظل في ذاكرتي ما شاء الله لما احمل لها من اعز الذكريات والمواقف..

هذا وارجو الله ان احظى بشرف ملاقاتكم في بغداد لكي اقوم بواجبي في رد جميلكم

ختاما تقبلوا مني فائق الشكر والاحترام

المخلص
شاكر حمد رشيد
١٩٧٨/٢/١٥

الأخ محمد سالار المنشم

تحية

وفقكم الله في تأسيس معهد ،
أرسل لكم قائمة بكل ما كتبت عن الشرح في
اللغة العربية . ومن ضوء ذلك يمكن
شراء جميع الكتب الموجودة في القائمة
لتأسيس مكتبة مرجع للطلاب على مرور
الأيام لتصبح مرجعاً مساعداً لدارسي
الشرح .

مع تمنياتي الطيبة .

حسن الشاطي
معهد الفنون الجميلة بغداد
٩٨٠/٨٢/١٠.

# Unforgettable Moments

Ahmad Salar

Kurdistan 2014